# تۆپزاوە

*Topzawe*

ژمارە ٢

٢٠١٠

گۆڤارێکی تایبەتە بە پرسی ئەنفال و جینۆساید لە ناوە و دەرەوەی وڵات، لقی کەرکووکی چاودێری کوردۆساید ( چاك ) دەریدەکات


خاوەنی ئیمتیاز

عەلی مەحموود

سەرنووسەر

زایەر زەنگنە

دەستەی نووسەران

حەمە سەعید زەنگنە

ئیدریس حاجی سەعید

هێمن حەسیب

حەمزە قاسم

شوان موحسین

تایپ

دلێر ڕەفیق

ئۆمید بەگی جاف

دیزاین

ئەنجام بابان


## لەم ژمارەیەدا


* پەیامی چاودێری کوردۆساید لە یادی هەڵەبجە و ئەنفالی ٢٢ دا.
* کۆمەڵکوژی واتای ژینۆساید ناگەیەنێ
* مەرگی دوا حیکایەت خوان
* با بزانین کە دایکانێکمان هەن نەوەیەکیان بەبێ باوك گەورەکردوە
* ئەنفال و هەڵەبجە و بەڵگەنامەی کایرۆس
* ئەو پزیشکەی جارێك لە تۆپزاوە ئەنفالکراوەکانی چارەسەر کرد
* سەردەشتییەکان چۆن لە دادگایی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات بەشدار بوون.
* عوزرایلەکەی فرانس ڤان ئانرات
* فرانس ڤان ئانرات وەك تاوانباری جەنگ سزا درا
* ئەمەریکا و دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ICC
* وەڵامێك بۆ ڕوونکردنەوەکەی شێخ ئیبراهیمی شێخ نەسرەدینی سەرۆك جاشی فەوجی ١٠٢
* ئەنفال
* گەرمەشینی مرۆڤی لاڵ
* پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی چاودێری کوردۆساید – چاك



ناونیشان : کوردستان – کەرکوك

تێبینی : ئەم ژمارەیە لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپ کراوە

# پەیامی چاودێری کوردۆساید لە یادی هەڵەبجە و ئەنفالی ٢٢ دا

**چاودێری کوردۆ ساید**




پـــاش رووخـــانی ڕژێمـــی عێـــراق و دۆزینـــەوەی ســـەدان گـــۆڕی بەکۆمـــەل و گێرانـــەوەی ئـــەو چـیرۆکانە لـــە بـــەردەم دادگا، دڕندەیی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ بۆ هەموو جیهان باشتر ئاشکرا بوو. ئـەو ڕژێمـەی کـە چـەکی کیمیـاوی لــە دژی هاوڵاتیانی سڤیلی کوردستانی بندەستدا بەکار هێنا.

ئەو هێرشە بێبەزەییانەیەی کە لـە ١٦ی مارســی ١٩٨٨ دا لــە دژی دانیـــشتوانی سـڤیلی کـوردی شـاری هەڵەبجـە ئـەنجام درا، ئاکامەکەی زیاتر لە ٥٠٠٠ قوربانی لە ژن و منـدالّ و پـیر و گـەنجی کـورد بـوو، هـەروەها زیـاتر لـە ١٠٠٠٠ برینـدار بـوو، گەلێ لـە بەرکـەوتووە رزگاربووەکـان کـە بـەر ژار کـەوتبوون لـە سـاڵانی دوای ئـەو تاوانـــە گیانیـــان لەدەســـت دا و بـــەردەوامیش ڕۆژانـــە هـــەواڵی مـــەرگ و ژیانی تاڵیان بـلاو دەکرێتـەوە، کۆمـەڵێك لەم قوربانییـە زیندوانـە تـاکو ئـەمڕۆ بـە ئازارەکانی ئەو کـردەوە نـا مرۆڤانەیـەوە ژیانێکی پڕ لـە ئـازار و مەینـەتی دەبەنـە سـەر و بەداخـــەوە تـــا ڕادەیـــەکی زۆر پشتگوێخراون.

دیارە بەر لەم هێرشـە گـەورە کیمیاوییـە ڕژێمی بەعسی عێراقی لـە ٢٣-٢-١٩٨٨ ەوە خـــەریکی ئەنجامـــدانی تـــاوانی لـــەناوبردنی بەشـــێکی دیـــاری خـــەڵکی کوردستان بوو لە باشووری کوردستاندا، کە بە پێی پێوانەکانی تاوانی ژینۆسـاید، چ لە شـێوازی نەخشەکێـشان ، یـاخود چ لە دەستنیشانکردنی ئـەو گرووپـەی بـەر شـاڵاوەکە کـەوتن، چ لـە ڕووی بـەربڵاوی

کردەوەکە، یان لە ڕووی جۆر و چۆنیەتی کوشتار و لەناوبردن، جیاوازی نەکردن لە نێوان مندال و ژن و پیاو، ژمارەی قوربانیان، زیانە مادی و مرۆییەکانی، دەچێتە چوارچێوەی تاوانی ژینۆسایدەوە، ئەو شاڵاوە بە تاوانی ئەنفال ناوزەدکراو ناوی دەرکرد .تاوانی ئەم خەڵکە قوربانییە ئەوەبوو کە کورد بوون .

لە هێرشی دڕندانەی ژینۆسایدی ئەنفالدا، نزیکەی ١٨٢٠٠٠ مرۆڤی کورد شوێنبزر کران، چەندین شار و شارۆچکە و هەزاران گوند وێران کران، دیارە جگە لە زیانە ئابورییە لە ژمار نەهاتووەکان ، بەسەدان هەزاریش وەکو قوربانیە ڕزگاربووەکان و کەسوکاری قوربانیان تووشی تراومای درێژخایەن بوون و زیانی تەندروستی، دەروونی و کۆمەڵایەتیان کوشندە پێکەوت، بەشێوەیەك لای ئەوان ژینۆساید کۆتایی نەهاتووە. گواستنەوەی بەزۆرە ملیی سەدان هەزار لە بەجێماوانی قوربانیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان هەنگاوێکی دیکەی ژینۆسایدکارانەی ڕژێمی دیکتاتۆر و دژەکوردی بەعسی ئێراق بوو، کە ئاکامەکەی چارەنووسێکی نادیار بوو و ئەگەری ژینۆسایدێکی بەفراوانتر مەترسی دەکرا. هەروەکو ڕژێمی ئەم سەردەمەی ئێراق مەبەستی لە ناوبردنی تەواوی نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستاندا بوو. بەڵام خۆشبەختانە ڕژێمی ئێراق کەوتە داوی مێژوو و نەیتوانی پلانی ژینۆسایدکارانەی درێژە پێبدات .

ئەمساڵ یادی ٢١ ساڵەی ژینۆسایدی گەلی کورد، تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال لە کاتێکدا دەکەینەوە، تەخت و تاجی ڕژێمی شۆفینیی ناسیونالیستی بەعسی عەرەبی ٧ ساڵە هەڵتەکێندراوە، خەونە ڕەگەزپەرست و نامرۆڤانەکانی بەعسیزم بوونە بلقی سەر ئاو و نەتەوەی کورد لە ناو نەچوو وەکو ئەوان دەیان خواست. بەداخەوە دامەزراندی دادگای باڵای تاوانی ئێراقی کە بۆ تاوانەکانی ژینۆساید، تاوان دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ دامەزراوە، بەبێ پرسی نەتەوەی قوربانی کورد دامەزرا و بەپێی تێرمە ئێراقی و عەرەبیەکان بەڕێوە دەچی، ئەمەش کارێکی ئەوپەڕی ناڕەوابوو بەرامبەر بە نەتەوەی قوربانی تاوانی ژینۆساید کە نەتەوەی کوردە کرا. دەبوایە دادگا نێونەتەوەیی بایە لە دەستی دەوڵەتی عێراق دوور بوایە، بێلایەن و دەستپاکانە، سەربەخۆ و پرۆفیشنالانە بە ئەرکەکانی هەلسابا، نەك بدرێتەوە دەست ئێراق ، لایەنگیرانە لە ژێر کاریگەری ئێراقچێتی بەڕێوە بچێت. ئەنجامی ئەم ناڕەواییە زوو دەرکەوت، هەروەکو سەدامی دیکتاتۆر تاوانباری سەرەکی ژینۆسایدی ئەنفال لە ساڵی ٢٠٠٧ لە سەر تاوانی کە مواتای دوجەیل لەلایەن دادگای باڵای تاوانی ئێراقەوە سزای خنکاندنی بەسەردا درا و پاشان لەلایەن گروپی موقتەدا سەدر لە سێدارەدرا، دادوەر لایەنگیری لە سەدام کرد، لە دادگا سوکایەتی بە نەتەوەی کورد و قوربانیان کرا، دادگا لە چوارچێوەی ئێراق ڕەتی نەکرد و تاوانبارانی دیکە نەدرانە دادگا، کەیسی ژینۆسایدی کورد کرایە ئێراقی و لە چوارچێوەی ئێراقدا هێلدرایەوە، دەوڵەتی ئێراق لە تاوان پاککرایەوە و ستایشی کرا، تاوانی ژینۆساید بە کەس کرا و بچوککرایەوە، هەندێ لە تاوانباران سزایان بۆ داندرا بەڵام بەهۆی دەستێوەردانی رامیاری و بەرژەوەندی رامیاری پەنادراون تا لە بەرواری٢٥-١-٢٠١٠ تەنها عەلی حەسەن مەجید سزای سێپاوی بەسەردا جێبەجێکرا. تاوانەکانی کە دژ بە گەلی کورد کراون لەگەڵ تاوانەکانی دیکە تێکەڵ کران، بەجۆرێك هەموو هەوڵێك دراوە کە ئەم تاوانانە مۆرکی ئێراقیانە وەربگرن، بەمجۆرە وابەستەیان بە نەتەوەی کورد نەمێنێ و وەکو دەرئەنجامی کێشەی نەتەوەیی خۆیان نەنوێنن .

تاوانی کیمیابارنکردنی هەڵەبجە ئەم تاوانە مێژوویی و دڕندانەیە، لە تاوانی ژینۆسایدی ئەنفال دوور خرایەوە و خرایە دوای هەندێ کەیسی دیکە، بە جۆرێك لە لایەك تاوانەکە زۆر بچوککرایەوە، لە لایەکیتر لە تاوانی ژینۆسایدی ئەنفال تەواو دوورخرایەوە، کە تاوانی ژاربارانی هەڵەبجە لە چوارچێوەی تاوانی ژینۆسایدی حکومەتی ئێراق بوو لە دژی کورد لە ساڵی ١٩٨٨ دا ئەنجام درا. هەروەها واکرا ئەم تاوانە گەورەیە لە چوارچێوەی ئێراق دەرنەچوو، بەجۆرێك لە ڕۆژی دەستپێکی دادگاییەکەوە تا بە کۆتا گەیشتنی لە بەرواری١٧-١-٢٠١٠دا

**با یاداوەری ٢٢ ساڵەی هەردوو تاوانی هەڵە بجە و ئەنفال لە ئاستی گەورەیی قەوارەی ئەم دوو تاوانە بێت**

میدیای جیهانی لێی بێئاگبوون. کەناڵێ ئەلعێراقیە پەخشی دادگاییەکانی نەکرد ، ئەوەش نارەوایی دادگاییەکی ئێراقی بۆ ئەم ناواتە گەورەیە پێشان دەدات. خودی دەستپێکردنی دادگاییەکە سکەندالێکی دیکە بوو و هەموو خەڵکی خاوەن ویژدانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانی ئازاردا، بڕیاری دادگا ناساندنی بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و جێبوجێکردنی بڕیاری دادگا بەسەر عەلی حەسەن مەجید بە بێ ڕەچاوکردنی ماوەی یاسایی سزادانی لە پای تاوانی هەڵەبجە لایەنێکی دیکەی ئازاردانی کەسوکاری قوربانیانی ئەم شارە بوو.

شایانی گوتنە دادگایی فرانس ڤان ئانرات لە وڵاتی هۆڵەند ، هانگاوێکی گرنگ بوو بۆ ناسینی ئەو تاوانە لە ئاستی جیهانیدا ، لە بڕیاری کۆتاییدا ئاماژە بە تاوانباری ڤان ئانرات لە بازرگانی ژاری کیمیاوی و ناردنی بۆ رژێمی بەعس کرا، بە بەشدار لە تاوانی جەنگ سەیرکرا. ئەم دادگاییە روویەکی گرنگی شاراوەی بەشێك لە تاوانبارانی ئاشکرا کرد و پەردەی لە رووی تاوانی بازرگانانی ژاری کیمیاوی کەس و کارگە رۆژئاواییەکان هەلدایەوە .

بڕیارەکانی دادگای ئێراقی لەسەر تاوانی ئەنفال و ناسینی بە ژینۆساید ، دانپێنانی تاوانکە لە ئاستێکی ناوخۆییدا بوو و تاوانەکە بەکەس کرا و لە ملی دەوڵەتی ئێراق کرایەوە، پێشێلکاری بەرامبەر بە نەتەوەی قوربانی کرا، بەڵام تەنها دانپێنانەکە بە تاوانی ژینۆساید گرنگی لەرووی قانونی و رامیاریەوە کەموزۆر هەیە، چونکە ئەمە دانپێنانێکە لەلایەن دەوڵەتی تاوانبارەوە کە دەبێتە بەڵگەنامەیەکی بەسود بۆ ناسینی ئەنفال وەك ژینۆساید لە ئاستی جیهانیدا، مخابن لە سەرەتاوە دادگا کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەی لە پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفال دابڕی،ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر بڕیاری دادگا دانا بەوەی بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناساند .

سەبارەت بە تاوانەکانی قرکردنی بارزانیەکان و پاکتاوی فەیلیەکان پێمان وایە ئەم دادگایە هەرگیز بۆ نەتەوەی کورد رەوا نییە و رەوا نییە بریار لەسەر ئەم تاوانانە بدات کە دەسەلاتدارنی پێشووی ئێراق ئەنجامیان داوە، ئەم دگایە لە زۆر لایەنەوە لایەنگیر و ناوگونجاوە، لە دوای ئەم هەموو سکەندالەی روویاندا دەبوایە دادگایی ئەم کەیسانە ببردرێتە دادگایەکی بێلایەنی نێونەتەوەی دوو لە دەستی دەوڵەتی ئێراق و نەتەوەی عەرەب بەگشتی. بەڵام بەداخەوە داخوازیەکانی نەتەوەی قوربانی کورد بە هاوکاری دەسەلاتدارانی کورد پشتگوێ دەخرێت و پەراوێز دەکرێت .

ئێمە وەك چاك لە ماوەی سالانی ڕابردوودا، توانیمان پرسی ژینۆسایدکردنی گەلەکەمان بەرینە ئاستی بالای نێونەتەوەیی و زۆر چالاکی بۆ بەجیهانکردنی ئەو پرسە ئەنجام بدەین، توانیمان ئەو پرسە لە زۆر ولاتانی جیهاندا بگەیەنینە ناو پەرلەمان و میدیاکان، توانیمان تەنگ بە زۆر لە تاوانباران هەڵچنین و ژمارەیەکیان بۆ دەزگاکانی تایبەت دەستنیشان بکەین، لە هەموو کات و شوێنێك دەنگی قوربانیان بین و توانیمان گیانی دادی قانونی لەناو دڵسۆزانی گەلەکەمان برەو پێ بدەین . توانیمان حکومەتی هەرێمی کوردستان لەخەو هەلسێنین و پرسی ژینۆساید ببەینە ناو پەرلەمانی کوردستان و گوشاری هەنگاویان لەسەر دروست بکەین. توانیمان بەپێی توانا ماف رەوای نەتەوەی قوربانی بۆ خەڵکی کوردستان روونکەینەوە و لەمبارەیەوە هوشیاریان بکەینەوە .

ئەمساڵیش لە یاداوەری ئەم یادانەدا، پەیمان بە کەسوکاری قوربانیان و دڵسۆزانی گەلەکەمان دەدەین، لە سەر کارو چالاکییەکانمان بەردەوام دەبین ، تاکو هەموو تاوانباران دادگایی نەکرێن، باری ژیانی قوربانیان باشتر نەکرێت و کۆتایی بە کورد کوشتن لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا نەهێنرێت، لە هەوڵ و کۆششەکانمان کۆڵ نەدەین، سڵ لە داگیرکەران و تاوانباران نەکەینەوە و لە داهاتوودا بەردەوام هەواڵی دەسکەوتی زیاتر لە چاکەوە ببیستن. هەروەها پەیمان بە گەلی ستەمدیدەی کوردستان دەدەین، بەرگری لە ماف مرۆڤی خەڵکی کوردستان دەکەین و لە پێشێلکاریەکاندا بێدەنگ نابین.

دیارە تا ئێستاش پۆلیتیکی پاکتاوکردنی کورد لە ناوچەی

**با بە هەوڵ و تێکۆشان١٦-٣ بکەینە ڕۆژی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا**

دیاریکراودا، یا پاکتاوکردن بە شێوەی دیکە و چەوساندنەوەی گەلی کورد بە شێوەی جۆراوجۆر لە هەموو پارچە داگیرکراوەکانی کوردستاندا بەردەوامە، بۆ نموونە بەردەوامی چەوساندنەوەی کوردان لە ماکۆ و سەلماسەوە بۆ مهاباد و سەردەشت و ئیلام و شەمزینان و ئامەد و قامشلوو و عامودا و ناوچە و شارەکانی دیکەی کوردستان بەگشتی. بۆنمونە نکۆڵیکردنی ناسنامەی هاووڵاتی بوون لە ڕۆژئاوای کوردستان بە کوردان لە خاکی بابوپایرانی خۆیاندا و پڕکردنەوەی زیندانەکانی رژێمی سوریا بە تێکۆشەرانی کورد. ڕەتکردنەوەی ڕژێمی تورکیا لە بانگەوازی ڕۆشنبیرانی کورد و جیهانی بۆ ئاشتی لە باکووری کوردستاندا و واژۆ نەکردنی پەیماننامەی ڕۆما و گەلێ لەو پەیماننامانەی داوای قەدەغەکردنی چەکی کۆمەڵکوژی و ڕێزگرتن لە ماف مرۆڤ دەکەن. ڕاونان و سزادان و زیندانیکردنی کوردان لەسەر دوان بە زمانی کوردی یا بەرگری لە ئازادی، بانگەشەی پشتیوانی ئاشکرای سەرانی جەهەپە لە جینۆساید . هێرشی ئاسمانی و زەمینی تورکیا و ئێران بۆ سەر باشووری کوردستان، سوتاندن و تێکدانی گوندەکانی سنور و دەربەدەری گوندنشینەکان. نکۆڵی کردن لە ماف خەڵکی کوردستان لە بەشە داگیرکراوانەدا، هەروەها بەردەوامی سەرکوتکردنی مرۆڤی کورد بە درندەترین شێوە لە خۆرهەڵات و باکوری کوردستاندا. پڕ کردنی زیندانەکانی ئێران بە ئازادیخوازانی کورد و سەپاندنی سزای ئیعدام بەسەر٢١ هاولاتی و جێبەجێکردنی بڕیارەکە لە چەند مانگی ڕابردوو بەسەر دوو هاوڵاتی ....

لە باشووری کوردستاندا سەرباری ڕوخانی ڕژێمی بەعسی عەرەبی ژینۆسایدکار، لەگەڵ ئەوەی نەتەوەی کورد لەم بەشەدا هەلی گونجاوی مێژوویی بۆ رەخسا، بەڵام خواستی بنچینەیی گەلی ژینۆسایدکراوی کورد بەلاوە نرا، بەرژەوەندییە پارتگەراکان زاڵکرانەسەر بەرژەوەندی نەتەوەیی و باشوری کوردستان بێ پرسی خەڵکی کوردستان لکێندرایەوە بەم وڵاتەی کە کوردی ئەنفال و ژینۆساید کرد. پاشەکشێکان و نیگەرانی لەسەر چارەنوسی خەڵکی کوردستان و مەترسی ئەگەری دووبارەبوونەوەی تاوانەکان ئەنجامی گوێنەگرتنە لە خواست و ویستەکانی خەڵکی کوردستان. لەم بارەی ئێستادا و بەهۆی نەبوونی بڕوا و متمانە لە نێوان لایەنەکانی ناوعێراق، دووبارە پەرواێزبوونی کورد لە بڕیار و هەنگاوەکاندا هەمووی مەترسی دووبارەبوونەوەی کارەسات زیاتر دێننەپێشەوە .

پاش ٢٢ ساڵ لە تاوانەکان، هەندێ لە ویستەکانی قوربانانیان لە گۆڕنران، زۆر لە ویستەکان نەهاتوونەتە دی، گەلێك لە تاوانباران ئازادن و ئەوانەشی دەگرترێن لە ژێر پلان و گەنەی رامیاریدا ئازاد دەکرێن ( بۆنموونە تاریق ڕەمەزان و کەریم سەبتی)، زۆر لە تاوانباران ئازادن و بە ئازادی دەسورێنەوە، جاشەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکرا و لەلایەن دەسەڵاتی کوردیەوە پەنا دراون، ئەو کۆمپانیا چەکسازیانەی یارمەتی ڕژێمی بەعسیان داوە، کۆمپانیاکانی ژاری کیمیاویان دایە عێراق، هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵدا نەکراوە، قەرەبووی زیانەکان نەکراونەتەوە، داوای لێبوردن لە نەتەوەی کورد نەکراوە، هێشتا چارەنووسی بەشی هەرە زۆری ئەنفالکراوەکان نەزانراوە، لایەنێك نییە مشووری هێنانەوەی تەرمی قوربانیانی ئەنفال و ژینۆساید بخوات، هێشتا چارەنووسی بە سەدان منداڵ و کچی ئەنفالکراوی کورد کە بە دەوڵەمەند و مەلهاکانی وڵاتانی عەرەبی وەکو وڵاتی میسر و شوێنیتر فرۆشراون دیار نییە. جگەلەوەی هێشتا دەیان داواکاری ڕەوای دیکەی گەلە ژینۆسایدکراوەکەمان هەن نەهاتوونەتە دی

چاودێری کوردۆساید – چاك ئەمساڵیش وەك سالانی ڕابردوو بە چالاکی هەمەڕەنگ لە زۆر وڵاتی جیهان یادی ئەو تاوانانە و قوربانیان دەکاتەوە، هەروەها داوا دەکەین حکوومەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات لە هەمبەر ئەنجامدانی تاوانی ژینۆساید .

هاوکات چاك بانگەوازی سەرجەم پارت، ڕێکخراو، کۆمەڵەکان و گشت ئەندامانی گەلی کورد دەکات لەهەر کوێیەك هەن، بۆ کاری هاوبەش و کۆبوونەوەی هەموومان لە ژێر جامانەکەی عومەری خاوەر، بەمەبەستی بەرزڕاگرتنی ئەم بۆنە گرنگانە و سەلماندنی یەکگرتویی گەلی کورد، لەپێناوی بەدەست هێنانی

**با ٣-١٦ ببێتە ڕۆژی یەکێتی نەتەوەیی کورد**

ئازادی و ئاشتی بۆ گشت خەڵکی کوردستان.

داواکاری ئێمە لە یادی ٢٢ساڵەی ژینۆسایدکردنی گەلی کورددا، لە یادی ٢١ ساڵەی تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال ، ئەمانەن:

١- پێویستە دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال و هەڵەبجە دریژەی پێبدرێت ، هەموو ئەوانە بگرێتەوە دەستیان لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە هەبووە ، بە جاشە کوردەکانەوە کە ژمارەیان ٢٦٤ تاوانکارە.

٢-ناوی تاوانکارانی کۆمەڵکوژییەکانی کورد بە زوترین کات بدرێتە پۆلیسی ئینتەرپول.

٣-ئازادکەرانی تاریق ڕەمەزان و کەریم سەبکی بدرێنە دادگا ، هەر خۆدزینەوەیەك لەبەرامبەر ئەم داواکارییە بە تاوانێکی دیکە دەزانین.

٤-پێویستە کۆتایی بە ئازاری بریندارانی چەکی کیمیاوی بهێنرێت و وەڵامی داواکارییەکانیان بدرێتەوە ، بە ناردنە دەرەوەیان بۆ چارەسەرکردن لە نەخۆشخانەکانی هاندەران.

٥-هەموو فایلڕشەکان ئاشکرا بکرێن. سەرجەم هاوکارانی ڕژێمی فاشی بەعس بە کوردەکانیشەوە دادگایی بکرێن، بە هۆی پابەندی حیزبی یان هەر هۆیەکی تر چاوپۆشی لەکەس نەکرێت .

٦- ٣/١٦بە ڕۆژی دژایەتیکردنی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا بناسرێت، چونکە هێرشی کیمیاوی بۆسەر هەڵەبجە گەورەترین هێرشی کیمیاوییە دژ بە خەڵکی سڤیل لە سەردەمی نوێدا.

٧- ٣/١٦بکرێت بە ڕۆژی ماتەمینی گشتی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا ، پێویستە هەوڵبدەین لە ئاستی نەتەوەیی و کوردستانی یادی سەرانسەری تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال بکەینەوە.

٨-داواکارین دەسەڵاتدارانی کورد خانووە ڕوخاوەکەی "عومەرخاوەر" لە شاری هەڵەبجە بکەن بە مۆزەخانە ، کە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ یەکەمجار ئەم داوایەمان کرد.

٩-داواکارین بۆ یاداوەری ٢٢ ساڵەی تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال ، درووستکردنی مۆزەخانەی هەڵەبجە و ئەنفال کۆتایی پێ هاتبێت ، هیوادارین لە ئێستاوە هەنگاو بۆ دروستکردنی بنرێت.

١٠-داواکارین هەموو ئەوانەی لە بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی لە وزارەتی پیشەسازی سەربازی بەرپرسن، وەك تاوانکاری سەرەکی ڕابکێشرێنە دادگا، بۆ نموونە کەسانی وەك عامر ڕەشید بەرپرسی بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی لە وزارەتی پیشەسازی سەربازی ، کە بەداخەوە لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە ئازادکرا.

١١-پێویستە حکوومەتی کوردستان جودایی لەنێوان قوربانیی سڤیل و پارتە سیاسییەکان و بەرپرساندا نەکات ، یەك لیستی شەهیدان لە کوردستاندا هەبێت.

١٢-پێویستە لیستی شەهیدان لە تاوانکاران پاککبرکرێتەوە ، ئەم لیستەش بۆ جەماوەر ئاشکرا بکرێت و ئەوانەش سزا بدرێن کە جاش و تاوانکارانیان بە شەهید دیاریکردووە و بۆ جەماوەر ئاشکرا بکرێن.

١٣-پێویستە حکوومەتی کوردستان گرنگی بە ژیانی بەجێماوانی قوربانیانی (ئەنفال، هەڵەبجە، کیمیاباران، فەیلی، بارزانی، قەڵادزێ، زیندانیان، ئیعدامکراوان، ڕاگوازراوان هتد ). بدات و بۆنموونە پێویستە:

•حکومەتی کوردستان یارمەتی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی پێویست بۆ هەموو بێوەژن، پیر و پەکەوتەکانی ژینۆساید و کیمیاباران و قوربانیانی دی مسۆگەر بکات .

•حکومەتی کوردستان یارمەتی، چاودێری و خەرجی پەروەردە و خوێندنی منداڵانی خێزانە ئەنفالکراوەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی.

•پێویستە حکومەتی کوردستان بۆ دروستکردنەوەی ژیانێکی سەربەرزانە بۆ خێزانە قوربانییەکان هەرچی لەتوانایدایە بیخاتە گەڕ و گوزەرانیان باش بکات.

•حکومەتی هەرێمی کوردستان میتۆدی گونجاو بۆ سڕینەوەی شوێنەوارەکانی کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە لەسەر قوربانیاندا بگرێتە بەر .

١٤-حکومەتی ئێراقی ١٦-٣ وەك ڕۆژی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ، ١٤-٤ وەك ڕۆژی ئەنفال بە فەرمی بناسێت و بەفەرمی داوای لێبوردن لە نەتەوەی کورد بکات، پێویستە ئەو تاوانانە لە پاڵ کۆمەڵکوژی بارزانییەکان لە دەستووردا وەك کردەی ژینۆساید بچەسپێت. هەروەها تاوانی پاکتاوی فەیلییەکان و بەعەرەبکردنی

ئێزیدیەکان و بەعەرەبکردن بەگشتی و ڕاگواستن لە دەستوردا لە ژێر پەرەگراف تایبەتدا وەکو تاوان بناسێندرین و حکومەتی ئێراقی پەیمانی دووبارە نەبوونەوەیان لە داهاتوودا مۆر بکات.

١٥-حکومەتی ئێراقی قەرەبووی زیانی قوربانیانی کۆکوژی و بەعەرەبکردنی گەلی کورد بکاتەوە .

١٦-پێویستە قەرەبووی قوربانیانی فەیلی بکرێتەوە ، حکوومەتی کوردستانیش شەهیدانە بۆ شەهیدە سەربەرزەکانیان دابین بکات.

١٧-گوشار خستنەسەر ئەو وڵاتانەی کە تاوانبارانیان شاردۆتەوە، بەمەبەستی پەلکێشکردنیان بۆ دادگا لە ناوەوە و دەرەوەی ئێراق .

١٨-پێویستە ڕەوەندی کوردی لە دۆزینەوەی تاوانباران و لە دەستنیشان کردنیان هوشیار بێت و هاوکاری چاك بکەن لە بە دادگایی گەیاندنیان ، بەتایبەتی دۆزینەوەی تاوانبار نزار خەزرەجی و وەفیق سامەڕائی و هەموو ئەوانەی ناویان لە لیستی تاوانباراندا بڵاومان کردونەتەوە.

١٩-پێویستە ئەو کۆمپانیا چەکسازییانەی چەکی کیمیاویان بە بەعس فرۆشتووە، قەرەبووی زیانەکان بکەنەوە، داوا لە هەموو لایەکی بەرپرس یان ئاگادار دەکەین، هەر نهێنییەك لەو بوارەدا هەبێت بۆ بیروڕای کوردی و جیهانی ئاشکرای بکەن.

٢٠-پێویستە هەموو هەوڵەکان بخرێنە گەر بۆ دۆزینەوەی ئەنفالکراو و بێ سەروشوێنکراوەکان و هێنانەوەی پاشماوەی تەرمەکانیان بۆ کوردستان و دیاریکردنی ناوچەیەك نزیك لە قورسایی جوگرافیای تاوانەکە بۆ ناشتنیان، هەر لەو شوێنەدا دروستکردنی مەنومێنتی ئەنفال.

٢١-دەبێ حکومەتی ئێراق داوای لێبوردن لە قوربانیانی خۆرهەڵاتی کوردستان بکات بە تایبەت سەردەشت و زەردە، دان بەو تاوانانە بنێت و قەرەبووی زیان لێکەوتووانی چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژییەکانی بەعس لە ناوچە بەرکەوتووەکانی خۆرهەڵاتی کوردستاندا بگرێتە ئەستۆ.

٢٢-پێویستە تاوانی سەردەشت کەیسی تایبەتی بۆ بکرێتەوە و دادگایی تاوانباران لەم تاوانەدا بکرێت .

٢٣-پێویستە کەیسی پێشمەرگەکانی گوردانی شوان لە دادگاییەکەی کەیسی هەڵەبجە دا ئاماژەی بۆ بکرێت و لێیبکۆڵدرێتەوە، هەروەها تاوانبارانی ئەم تاوانە بدرێنە دادگا و دادگایی بکرێن .

٢٤-پێویستە حکومەتی کوردستان داوای لێبوردن لە قوربانیان بکات و قەرەبووی ١٨ساڵ پشتگوێخستنیان بکاتەوە .

٢٥-کەیسی بۆردومان و ڕاگواستنی شاری قەڵادزەلە دادگای باڵای تاوانەکان گرنگی پێ بدرێت، یاداوەری قوربانیانی بەرز ڕابگرترێت،قەرەبووی زەرەروو زیانەکانیان بکرێتەوە.

٢٦-زیادکردنی موچەی کەسوکاری ئەنفالکراوان و شەهیدان بە بڕی٥٠٪ و ١٨٪ لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە هەنگاوێکی پۆزەتیفە بۆ باشتر کردنی باری ژیانی کەسوکاری قوربانیان ،بەڵام:

١-تا ئێستا بریندارانی چەکی کیمیاوی موچەیەکی شایستەیان بۆ نەبڕاوەتەوە،بتوانن ژیانێکی شەرەفەتمەندانەی پێ بژێن و چارەسەری برینەکانیانی پێ بکەن.

٢-جیاوازی لە نێوان شەهیدانی هاووڵاتی و پارتەکان دەکرێت.

٣-جیاوازی لە نێوان شەهیداندا دەکرێت و جیاوازی موچەی شەهیدە بەرپرسەکان و شەهیدانی تێکۆشەری سەنگەر ڕادەیەکی بەرزە.

٤-جیاوازی لە نێوان شەهیدانی حیزبەکان دەکرێت.

٥-تیرۆرکراوانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە باشوور بە شەهید ناژمێردرێن.

٦-جیاوازی موچەی کەسوکاری قوربانیان و شەهیدان لە گەڵ موچە باڵاکان ئاسمان و ڕێسمانە.

٧-بێسەروشوێنکراوان بە شەهید ناژمێردرێن و قەرەبووی کەسوکاریان نەکراوەتەوە.

٢٧-بڕیاری کردنی هەڵەبجە بە پارێزگا و ئاوا کردنی زانکۆ لەم شارە ،یەکەم ڕێکخراو بووینە داوامان کردووەو بە هەنگاوێکی باشی دەزانین،وەلێ پێمان وایە پێویستە جێبەجێکردنی لە بەڵێنی بانگەشەی هەڵبژاردن دەرچێت و بچێتە بواری پراتیکەوە.

٢٨-پێویستە زانکۆی قەڵادزێ لە شوێنی خۆی ئاوەدان بکرێتەوە،ناوچەی سنووری لە دەڤەرەکە بکرێتەوە بۆ بوژاندنەوەی ناوچەکە لە بواری بازرگانی و مۆنمێنتی قوربانیان لە شوێنی تاوانەکەی١٩٧٤ دروست بکرێت .

چاودێری کوردۆساید
Kurdocide Watch
www.kurdocide.com
kurdocide@hotmail.com
١٦-٢-٢٠١٠

# وتوویژ لەگەڵ مامۆستا ئەمیری حەسەن پوور سەبارەت بە جینۆساید

سازدانی: عەلی مەحموود محەمەد



**تیبینی:" ئەم وتوویژە پێش بڕیاری بە جینۆساید ناسینی تاوانی هەڵەبجە لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە ئەنجامدراوە" .**

((ئەگەر بێتوو هێزی پێشمەرگە ڕێیانگرتبێ لە خۆ ڕزگارکردنی خەڵك چ لە هەڵەبجە چ لە ئەنفال دا، بە بۆچوونی من ژیانی خەڵکەکەیان لە مەترسی خستووە و دەکرێ وەك جینایەتی شەڕیی حیسێب بکرێ)) .

گەڕان بە دوای حەقیقەتە مێژووییەکان و نەترسان لە وتنی ڕاستییەکان ئەرکی ڕۆشنبیرانە ،بۆخوێندنەوەیەکی گشتگیر لەسەر پرسی جینۆسایدی کورد چاوپێکەوتنێکی تێرو تەسەلمان لەگەڵ مامۆستا ئەمیری حەسەن پوور ئەنجامداوە.

)) ئەمیر حەسەنپوور لە ١٩٤٣ لە مەهاباد هاتە دنیا و لەوێ خوێندنی سەرەتایی وناوەندیی تەواو کرد و لە زانکۆی تاران درێژەی بە خوێندنی دا. لە پێشدا، زمان و ئەدەبی ئینگلیسی و دوایە زمانناسی خوێند. لە ١٩٧٢ بۆ درێژەدان بە خویندنی چوو بۆ ئەمریکا و لە ١٩٨٩ دوکتورای ڕاگەیاندنی تەواو کرد و لە ساڵی ١٩٨٧ تا ئێستە لە کانادا لە زانکۆکانی ویندسۆر و کنکۆردیا و تورانتو خەریکی دەرس کوتن و لێکۆڵینەوە بووە. یەکێك لە نووسراوەکانی، کتێبی "ناسیۆنالیسم و زمان لە کوردستان، ١٩١٨-١٩٨٥" ە کە بە ئینگلیسی بڵاوبووەتەوەو وەرگێردراوەتە سەرتورکی((.

پرسیار ١: بەڕێز مامۆستا سەرەتا چەند ساڵێکە بە تایبەت لە دوای دامەزراندنی چاودیری کوردۆساید لهبه رواری ٦-١-٢٠٠٢وە، کارکردن لەسەر دۆسیەی تاوانە گەورەکان "جینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ" گرنگی پەیدا کردووە، ئێوە ئەم گرنگی پێدانە لە ئاستی بەرفراوان بۆ ناساندنی دۆزی جینۆساید چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

وەڵام: مێژوونووسێکی جینۆساید، مارك لێڤین، دەڵێ ناوچەی "عەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات" کە هەرمەنستانی کۆن و کوردستان دەگرێتەوە دەبێ وەك "مەڵبەندی جینۆساید" بناسین. لەو مەڵبەندەدا، لە ئاخر ساڵانی سەدەی نۆزدەوە تا ئێستا دەوڵەتی عوسمانی و کۆماری تورکییە و دەوڵەتی عێراق ئەو سێ چەشنە جینایەتەیان لە دژی گەلانی هەرمەنی و ئاشۆری و کورد کردووە -- "جینۆساید"، "جینایەتی شەڕیی" و "جینایەتی دژی مرۆڤایەتی". لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتانی ناوچە کۆنوانسیۆن و پرۆتۆکۆڵە ناونەتەوەییەکانیان لە دژی دەستتێوەدانی ئەو جینایەتانە پەسند و ئیمزاکردووە، هەر کاتێك ویستییان ئەو پەیمان و بەڵێنیانە فەرامۆش دەکەن و دەستدەکەن بەو جینایەتانە. مارك لێڤین دەڵێ لەو مەڵبەندەدا، جێنۆساید قاعیدەیە نەك ئیستیسنا. ئەزموونی مێژووی ناوچە لە ئاخری سەدەی نۆزدەوە تا ئێستە دورووست بوونی ئەو لێکدانەوەی دەرخستووە.

بە داخەوە، وشیاری، زانیاری، زانست، و لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو جینایەتانە لە فەرهەنگی سیاسی کوردستان و ناوچەدا زۆر کەم بووە. ڕەنگە کەم کەس ئەوە بزانێ کە هێشتا پێشنووسی کۆنوانسیۆنی دژی جێنۆساید لە "نەتەوە یەکگرتووەکان"دا وتوویژی لێدەکرا و پەسند نەکرابوو کە دەستەی نوێنەری کورد لەو داخوازییانە کە لە ٢٩ی نوامبری ١٩٤٨ پێشکەشی سێکرێتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد، وشەی جێنۆسایدی دەکارهێنا و سەرنجی ئەو ڕێکخراوەی ڕاکێشا بۆ جێنۆسایدی گەلی کورد. پازدە ساڵ دوایە، هەواڵێکی هەرە گرینگی ڕۆژنامە و ڕادیۆکانی دنیا لە هاوینی ١٩٦٣دا ئەوە بوو کە کۆماری مەغوولستان و یەکێتی سۆڤێت دەوڵەتی عێراقیان تاوانبارکرد کە خەریکی جێنۆسایدی گەلی کوردە. مەبەستم لە ئاماژەکردن بەو دوو ڕووداوانە ئەوەیە کە بڵێم سەرباقی ئەوەی باسی جێنۆسایدی گەلی کورد لە مێژە هاتووەتە گۆڕێ،

ئاگاهی سەبارەت بەو جێنایەتە زۆر کەم بووە.

پرۆژەی ئەنفالی ریژیمی بەعس دەکرا لە سەرەتاوە وەك جێنۆساید بناسرێ بەلام حیزبەکان ئەو زانیارییە و وشیارییەیان نەبوو کە ئەو ریژیمە تاوانبار بە جێنۆساید بکەن. لەو دەولەتانەی کە دەستیان لە کاروباری ناوچەدا بوو، لە دەزگای حکومەت سەرۆك کۆمار رەیگان لە ئەمریکا ئەنفال و هەڵەبجە وەك پرۆژەی جێنۆساید باسی لێکرا بەلام لە بەر بەرژەوەندیی سیاسی و عەسکەری و ئابووری گوێی خۆیان لێ ئاخنی (لە چەند ساڵی رابردوودا "سامانتا پاور" و چەند لێکۆڵەرەوەی دی ئەو باسەیان تۆمارکردووە).

لەگەڵ ئەوەشدا ئێستە زۆرتر لە جاران بایەخ دەدرێ بە باسی ئەو سێ جینایەتانە و هێندێك دەسکەوتی باش هەیە، من پێموایە هێشتا هەنگاوە سەرەتاییکانیش بۆ بلاوکردنەوەی وشیاری و رێلێگرتنی ئەو جینایەتانە هەڵنەگیراوە.

نامەی حکومەتی کۆماری گەلیی مەغوولستان بۆ رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢ ی مانگی ٧ی ١٩٦٣. لەو نامەیەدا، داوا کراوە کە باسی "سیاسەتی جینۆسایدی حکومەتی کۆماری عێراق لە دژی گەلی کورد" بخرێتە نێو ئەجێندای کۆبوونەوەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

پرسیار ٢: دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراقی تاوانی ئەنفالی وەك تاوانی جینۆساید ناسی، کەچی تاوانی هەڵەبجەی سەرەتا وەك تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناساند، ئەگەر بۆشاییەك لە پرۆسەی دادگا هەبێت کامانەن؟

وەلام: من ئێستە دەرفەتی پێداچوونەوەی تەواوی کارنامەی ئەو دادگایەم نییە، بەلام دەتوانم بە کورتی بڵێم کە کاری دادگا هەتا بڵێی خراپ و نادوروست بوو. محاکەمەکردنی سەدام و دەستەودەیارەکەی فرسەتێکی مێژوویی بوو بۆ گەلانی ناوچە بۆ بەربەرەکانی

UNITED NATIONS
GENERAL ASSEMBLY

Distr.
GENERAL

A/5429
2 July 1963
ENGLISH
ORIGINAL: RUSSIAN

Eighteenth session

MONGOLIA: REQUEST FOR THE INCLUSION OF AN ITEM IN THE PROVISIONAL AGENDA OF THE EIGHTEENTH SESSION

THE POLICY OF GENOCIDE CARRIED OUT BY THE GOVERNMENT OF THE REPUBLIC OF IRAQ AGAINST THE KURDISH PEOPLE

Cable dated 29 June 1963 from the Minister for Foreign Affairs of the Mongolian People's Republic, addressed to the Secretary-General

I am instructed by the Government of the Mongolian People's Republic, in accordance with rule 13 of the rules of procedure, to request the inclusion in the provisional agenda of the eighteenth session of the United Nations General Assembly, as an item of an important and urgent character, of the question "The policy of genocide carried out by the Government of the Republic of Iraq against the Kurdish people".

In accordance with rule 20 of the rules of procedure of the General Assembly, an explanatory memorandum is annexed hereto.

کردنی ئەو سێ جینایەتانە، بۆ ئەوەی سەرۆکی حکومەتێك و حیزبێکی بە دەسەڵات بە تاوانی ئەو جینایەتانە دادگایی بکرێن، و لە ئاکامی ئەو محاکەمەدا، هەم خەڵك وشیاری زۆرتر وەدەست بخەن و هەم کاربەدەستان و حیزبە حاکمەکان، لە ئێستە و لە داهاتوودا، لە عێراق و لە دەرەوەی عێراق، بیرینگێنەوە یان بەلانی کەمەوە بزانن کە لەوانەیە رۆژێك بێ کە تاوانبار و تەنبێ بکرێن.

بە بەرژەوەندیی ئەمریکا و حاکمە تازەکانی بەغدا، سەدام و دەستەودەیارەی زۆر بەپەلە محاکەمە و ئیعدام کران. ئەو بەرژەوەندییە تەنیا بارودۆخی شەڕیی و ئەمنییەتیی و عەسکەریی عێراق نەبوو. ئەگەر ئەمنییەتیش هەبا کێشەکەیان شرت و گوم دەکرد. ئەو سێ جێنایەتانە زۆر باون و زۆرتر حکومەتەکان دەیکەن بەڵام هێزی غەیرەحکومەتیش ئێستە زیادتر لە جاران دەستی پێدادەنێ. حکومەتەکان نایانەوێ لە هیچ وڵاتێك دەم و دەزگای رابەریی (سەرۆك وەزیر، سەرۆك کۆمار و حیزبە حاکمەکان) و بونیادی دەوڵەت تاوانباربکرێن و دەیانەوێ بڕوای خەڵك بە دەوڵەت و دەزگای دەوڵەتی بەتین بمێنێ (وەك لە تورکییە کە دەوڵەت بە بونیادێکی موقەدەس دادەندرێ). ئەو دەوڵەتانە دەیانەوێ مافی جێنۆسایدکردن بۆ خۆیان بپارێزن. دەوڵەتی ئەمریکا، کە خۆی بە هەرە دێمۆکرات دادەنێ، لە دەست تێوەدانی ئەو جینایەتانە لە زۆر دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکان لەپێشترە. ئەگەر ریژیمی بەعس هەر لە چوارچێوەی عێراقدا ئەو جینایەتانەی دەکرد، ئەمریکا لە سەرانسەری دنیادا کردوویەتی، بۆ وێنە کوشتاری گەلە بوومییەکان، بۆردمانی هێرۆشیما و ناگازاکی، بۆردمانی کیمیاوی ویەتنام، ئەشکەنجەی زیندانیان لە ئەبوو غرەیب و گوانتانامۆبەی. جا سەیر نییە کە ئەمریکا سی و شەش ساڵی پێچوو هەتا کۆنوانسیۆنی جێنۆسایدی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند بکا و کاتێکیش کردی ئەوەندەی شەرت و مەرج بۆ دانا کە هێچ قوربانییێکی ئەو جینایەتانە نەتوانێ تاوانباری بکا و بیباتە دادگا. ئێستەش کە نەتەوە یەکگرتووەکان دوای چەند ساڵ حەولدان بۆ دامەزراندنی "دادگای جینایی نێونەتەوەیی" لە ساڵی ١٩٩٨دا قانوونی ئەو دادگایەی بۆ دەنگدان ئامادەکرد، ١٢٠ دەوڵەت پەسندیانکرد،٢١ دەوڵەت دەنگیان نەدا، و تەنیا ٧ دەوڵەت دژایەتییان کرد — ئەمریکا، عێراق، ئێسرائیل، لیبی و چین و قەتەر. جا سەیر نییە کە ئەمریکا نەیویست دادگاییکی رێکوپێك و لێهاتوو سەدام و حیزبەکەی محاکەمە بکا. ئەگەر ئەوە کرابا، ئەمریکا خۆی و دەستەودەیارەکانی، تورکییە و ئیسرائیل کە هەر رۆژ ئەو جینایەتانە دەکەن، و هاوپەیمانە ئوروپاییەکانی تووشی کێشە دەبوون. حاکمانی تازەی بەغداش، کە خۆیان قوربانی ئەو جینایەتانە بوون، ئەوەیان هەست پێدەکرد کە، وەك حاکم، خۆشیان پێویستیان بەوە دەبێ کە ئەو جینایەتانە بکەن و زوو سەدامیان بە تاوانی جینایەتی دوجەیل شرت و گوم کرد و کۆتاییان بە دادگا هێنا. من ئەوە وەك پیلانێك لە دژی گەلانی ناوچە و لە دژی قوربانیکراوانی ئەنفال و جێنۆسایدی گەلی هەرمەنی و ئاسۆری و فلستینی دادەنێم. دەوری رابەرایەتی کورد و رۆشنبیر و چالاکی سیاسیش زۆر جێی سەرنجە.

پرسیار ٣: پ٣:ئایا دەتوانین ڕەگەزەکانی جینۆساید بە پێوەری جیهانی لە تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال بدۆزینەوە،وەك پشتیوانییەك بۆ بە جیهان ناساندنی تاوانەکە،ئەگەر لەمبارەیەوە ڕونکردنەوەیەکی زیاترتان هەبێت؟

وەڵام: ئەگەر بێتوو کۆنوانسیۆنی جێنۆسایدی ١٩٤٨ بکەین بە بنچینەی تێگەیشتنی جێنۆساید، دەبێ بڵێم کە جێنۆساید تەنیا دڕندەیی و بێبەزەیێتی لە زەبروزەنگی شەڕدا نییە. بە پێوەری ئەو کۆنوانسیۆنە (مادەی دوو)، بۆ ئەوەی جینایەتێك وەك جێنۆساید بناسرێ دەبێ مەبەست یان نییەتی جینایەتەکەرەکە ئەوە بێ کە یەك گرووپی نەتەوەیی، قەومیی، رەگەزیی، یان ئایینی لە ناوبەرێ جا چ تەواوی گرووپەکە بێ یان بەشێکی. هەروەها پێویستە ئەو لەناوبردنە لەبەر نەتەوەیی بوون، قەومی بوون، رەگەزیی بوون یان ئایینی بوونی ئەو کەسانەبێ کە لە ناویان دەبەن. بۆ وێنە ریژیمی بەعس ئەگەر کوردی بە بیانووی "جیاوازیخوازی" یان بڕوای سیاسی (وەك کۆمۆنیست بوون، لیبرال بوون و هتد) کوشتبا، بە گوێرەی کۆنوانسیۆنی ١٩٤٨، ئەو کوشتارە جێنۆساید لەقەڵەم نەدەدرا. بەڵام ئەگەر کوردی لەبەر کوردبوون کوشتبا، جینایەتەکەی وەك جێنۆساید حیسابدەکرا. ئەوەش کەم وکورییێکی ئەو کۆنوانسیۆنەیە کە زۆریش رەخنەی لێگیراوە (هەر بۆیە کۆکوژێ زیاتر لە نیو ملیۆن کۆمۆنیست لە ئەندۆنێزی لە ساڵانی ١٩٦٥–١٩٦٦ وەك جێنۆساید دانانرێ. جا ئەو مەبەستە (لە ناوبردنی بە تێکڕایی یان بە بەشێك) تەنیا بە کوشتنی دڕندانە و لەبرسان کوشتن پێك نایە. بۆ وێنە هەر

ئەو مادەی دووهەمە جوێکردنەوەی منداڵ لە دایك و بابی (کە مەبەستی گۆڕینی زمان و کوولتـووره) بـە جێنۆسـاید دادەنـێ. ئەگـەر مەبەسـتی حیزبـی بـەعس ئـەوە بووبێ کە بەشێك یان تەواوی گەلی کـورد، لە بـەر کوردبوون، لەناوبـەرێ دەکرێ بـە جێنۆسـاید دابنـێین. لەگـەڵ ئەوەشـدا، حیزبـی بـەعس، بـە پێچەوانەی ریـژیمی کەمالیستی تورکییە، دانی دەنا بـە بـوونی کـورد وەك نەتـەوەیێك بـەڵام بەڵگـەی زۆر هەیە بۆ سەلماندنی سیاسەتی لە ناوبردنی "کـورد وەك کـورد". بـۆ وێنـە، لەگـەڵ ئەوەشدا، دەرس خوێندن بە کوردی لە عێراقدا، بە پێچەوانەی تورکییە و ئێران، بـاو بـوو، بـەڵام سیاسـەتی تـەعریب لـە پـەروەردە و لـە گـشت بـواری دی دا بـە ئاشکرا رەچاودەکرا. سیاسەتی تـەعریب، کـە سیاسـەتی گـۆڕینی زمـان و کولتـوری کـورد و دێمـۆگرافی کوردسـتان بـوو سیاسـەتێکی جێنۆسـایدانەیە جـا چ بـە هێمنی کرابێ چ بە زەبروزەنگ.

پرسـیار ٤: ئایـا هەڵەبجـە جینۆسـاید نەبێت،لە قەوارەی تاوانەکە، لـە گـەورەیی تاوانەکـــە لـــە ڕوی یاســـاییەوە کەمدەکاتەوە؟

وەڵام: ئەگـەر باسـی قـانوونی ناونەتـەوەیی بکـەین، بـە تایبـەت دوای کۆنوانسیۆنی جێنۆسـاید، دەکرێ بڵـێین هـەر سێك جینایـەت هاوسـەنگن. ئەگـەر کەسێك بیـەوێ بیسەلمێنێ کـە کۆکـوژێ هەڵەبجە جێنۆساید نەبوو دەبێ لە پێشدا ئـەوە بـسەلمێنێ کـە ریـژیمی بـەعس مەبەسـتی لـەناوبردنی گـەلی کـوردی، بـە تێکڕایــی یـــان بەشـــێکی، نـــەبوو. ئیستیدلالێکی وا بـۆ بـارودۆخی ١٩٨٨ زۆر هاسان نییە. با وای دابنێین کە جێنۆواید نـەبوو و جینایـەتی شـەڕی بـوو. ئـەوە لـە ڕووی سیاسـییەوە لـە قورسـایی ئـەو جینایەتە کەم ناکاتەوە.

پرسیار ٥: بوونی ئێران لـە هاوکێشەکەدا لـە لێـدانی نەوتەکـەی کەرکووکـەوە لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٨٦، بـە دوایـدا دانـانی بارەگـای پاسـداران لـە زۆر ناوچـەی کوردستان تا دەگاتە پەلاماری هاوبەش بۆ سـەر هەڵەبجـە، بەهانـەی دایـە دەسـت بەعسەوە بۆ ئەنجامدانی تـاوان، ئایا ئـەو کـرداره چ ڕۆڵێکـی هەیـە لـە: — بـە جینۆساید نەناسینی ئەو تاوانانە، و — لە کۆمەڵکوژی کوردان.

وەڵام: لـە حقـووقی نێونەتـەوەیی دا، بـۆ ئـــەوەی کـــردەوەی عەســـکەری وەك جینایـــەتی شـــەڕیی و جینایـــەتی دژی مرۆڤایەتی و جینۆساید بناسرێ، بێجگە لە کێـشەی مەبەسـت و نییـەت، دەبـێ شـەڕەکەش شـەڕێکی نێونەتـەوەیی بـێ. بـوونی ئێـران لـەو شـەڕەدا، ڕووداوەکـە نێونەتـەوەیی دەکـا و کـردەوەی هێـزە عەسـکەرییەکانی ئێـران دەکـرێ وەك جینایـەتی شـەڕیی و دژی مرۆڤایـەتی دابنـدرێ. بـە گـوێرەی مـادەی سـێی کۆنوانسیۆنی ژێنێو (١٩٤٩)، تەنانـەت لـە شـەڕی ناوخۆییـشدا، هـەم ئەوانـەی کـە شـەڕکەرنین و هـەم ئـەو شـەڕکەرانەی کـە خۆبەدەســـتەوەبدەن، برینـــداربن، نەخۆشـــبن، چـــەکدارنەبن، یـــان بەیەخـسیرگیرابـن دەبـێ وەك "کەسـی پارێزراو" رەفتاریان لەگەڵبکرێ واتە دەبێ رەفتـاری مرۆڤانـەیان (بـە بـەزەیی) لەگەڵبکرێ، و رەفتاری شـەرمەزارکەرانە و سەرشـۆڕکەرانە و ئیعـدامی دەسـتبەجێ دەبـێ قەدەغـەبکرێ (بـۆ وێنـە، کـاتێکی تورکییـە عەبـدوڵڵا ئۆجـەلانی رفانـد و بەدەستبەستراویی لە ژێر ئالای تورکییـەدا وێنەی هەڵگرت و لە دنیادا بڵاوی کردەوە، رەفتـارێکی سەرشـۆڕکەرانەی لەگـەل زیندانیێکی رفاندراو کرد و مادەی سێی کۆنوانسیۆنی ژێنێوی پێشێلکرد چونکە ئـەو رەفتـارەی شـەرمەزارکەرانە لـە قەڵەمدەدرێ" تورکییە ئەو کۆنوانسیۆنەی ئیمزاکـــردووە و بەســـتراوەتەوە بـــە رەچاوکردنی ئەو مادەیە).

سـەبارەت بـە دەوری ئێـران: دیـارە دەسـتدرێژی ئێـران بـۆ خـاکی عێـراق و دامەزرانـــدنی پێگـــەی عەســـەکەری و هاوکـاریکردنی حیزبـەکانی کوردسـتانی عێراق لەگەڵ ئێران بیانووی دا بـە سـەدام بـۆ دەکارهێنـانی چـەکی کیمیـاوی بـە تایبەتی لە هەلەبجەدا. بەڵام بـە گوێرەی "قانوونی شەڕ"، هیچ دەوڵەتێك یان هـێچ هێزێکـی غـەیری-دەوڵـەتی، لـە هـیچ بارودۆخێکدا بە هیچ بەهانەیێك، مافی وەی نییە ئەو جینایەتانە بکا.

پرسـیاره٥: لـە تـاوانی هەڵەبجـە ٧٢ پێشمەرگەی کۆمەڵە لە گوردانی شوان یان کوژران یان بە دیل گیران و دواتر ئیعدام کـران، لـە کاتێکـدا ئـەم دۆسـیەیە وەك بەشێك لە دۆسیەی هەڵەبجە پێشکەش بە دادگا کرا، وەلێ لێی دەرهێنرا، پرسیار ئەوەیە کۆمەڵکوژی ئەو ٧٢ پێشمەرگە، لە ناویانـدا ئیعـدام کردنـی ژمارەیـەکیان دەچـێتە پـای چ تاوانێـك لـە تاوانـە گـەورەکان؟ ئایـا بەرپرسـیارێتی یاسـایی کۆمـاری ئیـسلامی ئێـران چـییە لـە ئەنجامدانی ئەو تاوانە؟

وەڵام: مـن نـازانم بـە چ مەبەسـتێکی سیاسـی یـان قـەزایی باسـی پێـشمەرگە ئیعـــدامکراوەکانی کۆمەڵـــەیان لـــە پەروەندەکـە دەرهێنـاوە" ڕەنگـە لەبـەر ئەوە بووبێ کە تـەنیا ریـژیمی سـەدام بـە بەرپرسیاری جینایەتەکـە دابنـێن. دیارە پێوەندیی دۆستانەش لـە نێـوان حاکمـانی

بەغدا و تاران هەیە. ئەوەندەی من دەتوانم بڵێم ئەوەیە کە ئەرتەش و پاسداری ڕێژیمی ئیسلامی (وەك ئەرتەشی ئیسرائیل و تورکییە و عێراق) لەو جینایەتانە ناپرینگێنەوە و کۆکوژیی زیندانی شەڕیی وەك پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە ئەرکێکی شەرعی دادەنێن.

پرسیار ٦: (( بەهۆی هێنانی ئێرانەوە بۆ کوردستان، چ بەرپرسیاریەتییەك یاسایی و سیاسی و ئەخلاقی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی "بڕیاریان دا، فرمانەدەی شەڕەکانیان کرد" مەبەستم لایەنە کوردییەکانە.))

((لە تاوانی هەڵەبجە و لە ئەنفالیش خەڵك دەیانەویست خۆیان دەرباز بکەن، چونکە پێش بینی هەموو تاوانێکیان لە بەعس دەکرد، بەڵام هەندێك بەرپرس ڕێگر بوون لە بەردەم خۆ ڕزگار کردنی ئەو خەڵکە، زۆربەی قوربانییانی هەردوو تاوانەکە قوربانی ئەم هەڵوێستەن، ئەوانەی ئەو ڕێگرییەیان درووست کرد چ بەرپرسیارییەتیەك دەکەوێتە ئەستۆیان؟ )).

(( دزی و تاڵان، بڕینی پەنجە و دەستی هاووڵاتییان بۆ ئەنگوستیلە و بازنگ و بڕینی بانکی شارەکە و بە تاڵانبردنی ماڵ و دوکانی خەڵك لە لایەن پێشمەرگەو پاسدارانەوە،پاشان تاڵان کردنی شار بە گشتی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، دەتوانین لە ڕوی یاساییەوەلە ڕیزی چ تاوانێك پۆلێن بەندیان بکەین؟ وە تۆمەتبار چ تۆمەتێك دەیگرێتەوە؟)).

((لەپای ئەو تاوانانە ئایا ئەو کەس و لایەنانەی کە دەستیان هەبوو لە هێنانی سوپای پاسدار ئەرکیان نییە داوای لێبوردن لەو خەڵکە بکەن و قەرەبووی بەشێك لە زیانەکانیان بکەنەوە؟)).

وەڵام: لە سەدەی بیستەوە تا ئێستا، بە تایبەتی دوای شەڕی جیهانی دووەم، حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە چەند خەباتی چەکداریی لە دژی هێزی چەکداری ئێران و عێراق و تورکییە بەشدارییان کردووە. بەڵام ئەو شەڕانە زۆر کەم لە ڕوانگەی "قانوونی مرۆڤییانەی نێونەتەوەیی" لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی لێکراوە. ئەو قانوونە بە نێوی دیش ناسراوە وەك "قانوونی شەڕ" یا "قانوون و عورفی شەڕ" یان "قانوونی بەرەنگاریی چەکدارانە" (من لێرەوپاش زاراوەی کورتتری "قانوونی شەر" دەکاردێنم). مەبەستی ئەو قانوونە، کە بریتییە لە کۆنوانسیۆنەکان و پرۆتۆکۆلەکانی ژێنێڤ (١٩٤٩، ١٩٧٩، ٢٠٠٥) و لاهە(١٨٩٩، ١٩٠٧) و چەند پەیماننامە و "قانوونی عورفیی نێونەتەوەیی"، ئەوەیە کە کردەوە و بەرپرسیتییەکانی شەڕکەران )واتە دەوڵەتان و تاقەکەسان( سەبارەت بە خۆیان (ئەوانەی لە شەڕدان) و بە "کەسی پارێزراو" )واتە خەڵکی شەڕنەکەر( تەعریف بکا. بۆ وێنە ئەو کۆمەڵە قانوونانە ڕەفتاری دڕندانە و بێبەزەییانە لە دژی خەڵکی شەڕنەکەر یان غەیری–عەسکەر (کەسی پارێزراو) و لە دژی شەڕکەرانی دوژمن و یەخسیری شەڕیی قەدەغەدەکن و وەك جینایەتی شەڕیی و جینایەتی دژی مرۆڤ و جێنۆساید چاولێدەکەن و سزای بۆ دیاریدەکەن. لە ساڵی ٢٠٠٢ وە "دادگای جینایی نێونەتەوەیی" پێك هاتووە کە مەبەستی محاکەمەکردنی ئەوکەسانەیە کە تاوانبارکراون بە سێ جینایەتەکان. تا مانگی ئاداری ئەوساڵ، ١١١ دەوڵەت بوون بە ئەندامی ئەو دادگایە و ٣٨ دەوڵەتیش قەراری دامەزرانی دادگاکەیان ئیمزاکردووە بەڵام هێشتا لە پارلمان پەسندیان نەکردووە. ئەمریکا و ئیسرائیل زیاتر لە گشت دەوڵەتێك بەربەرەکانی ئەو دادگایەیان کردووە و وێڕای تورکییە، سووریيە، عێراق، ئێران، ڕووسیە، و چین ئەو دادگایە بە ڕەسمی نەناسن. دیارە سەیر نییە ئەو دەوڵەتانە دژی دادگان: هەم لە ڕابردوودا جینایەتییان کردووە و هەم ئێستە.

دوای شەڕی جیهانی دووەم، سێ دەوڵەتی تورکییە و ئێران و عێراق بەشێکی زۆری "قانوونی شەڕ"یان پەسندکرد و لەسەریانە کە ئەو قانوونە دەبەرچاوبگرن. بەڵام هیچکام لەو دەوڵەتانە پێبەند بەو قانوونە نەبوون. حیزبە کوردییەکان، کە ڕێکخراوەی نادەوڵەتین، بۆ ماوەیێکی زۆر ئاگایان لەو قانوونە نەبووە، ڕێگەی پەسندکردنیشیان نەدراوەتێ و جاروبار قانوونەکانیان پێشێلکردووە. سەرباقی ئەو جیاوازییە لە نێوان دوو لایەنی شەڕ، چاوەڕواندەکرێ کە حیزبەکانیش بزانن ئەو قانوونە چییە و ڕەچاوییکەن. ڕەفتاری پێشمەرگە لە گەڵ خەڵك و لەگەڵ هێزی دەوڵەت دەبێ بە پێوانەی ئەو قانوونە هەڵبسەنگێندرێ. پێشمەرگەش وەك ئەو دەوڵەتانە لەسەرێتی کە ئازار نەگەیێنێ بە ئەوانەی کە شەڕکەر نین یان ئەو شەڕکەرانەی کە برینداربوون، چەك کراون، یان یەخسیرکراون یان بە هەر هۆیێك بێ توانای شەرکردنیان نەماوە. شتێکی زۆر گرینگە ڕەفتاری پێشمەرگە لەگەڵ خەڵکی شاروگوندە. بۆ ماوەیێکی دورودرێژ، گوندەکان بوون بە مەیدانی شەڕ و جێگەی حەسانەوە و بووژانەوە و ژینی هێزی شەڕکەری کورد. لەو بارودۆخەدا، بەڕێوەبردن و بەخێوکردنی پێشمەرگە زۆر

جار دەکەوتە ئەستۆی خەڵکی گوندەکان کە بە زەحمەتێکی زۆر دەیانتوانی خۆیان بەڕێوە بەرن . لە هەمان کاتدا، بوونی پێشمەرگە لە گوندەکاندا، خەڵکی گوندەکان و ماڵ و مالات و مەزرا و کانیاوەکانیانی دەکردە ئامانجی بۆردومان و کوشتار و وێرانکردن بە دەستی جەیشی دەوڵەت. ئەگەر بێتوو هێزی پێشمەرگە ڕێیانگرتبێ لە خۆ رزگارکردنی خەڵك چ لە هەڵەبجە چ لە ئەنفال دا، بە بۆچوونی من ژیانی خەڵکەکەیان لە مەترسی خستووە و دەکرێ وەك جینایەتی شەڕیی حیسێب بکرێ.

تا ئێستا ئەوەندەی من ئاگام لێبێ، ڕێکخراوەی "چاودێری ماف مرۆڤ" (HRW)، زۆرتر حەولیداوە پێشێلکردنی "قانوونی شەڕ" لە کوردستان تۆماربکا. بێجگە لە کتێبی "جێنۆساید لە عێراقدا..." کە تۆمارکردن و لێکدانەوەی ئەنفال بوو، لە سالی ١٩٩٥دا لێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بە پێشێلکردنی قانوونی شەر لە تورکیە بڵاوکردەوە لە ژێر سەردێری "ڕاگوێزتنی چەك و پێشێلکردنی قانوونەکانی شەڕ لە تورکیە" ( Weapons Transfers and Violations of the Laws of War in Turkey). لەو لێکۆڵینەوەیە دەردەکەوێ کە دەوڵەتی تورکیە لە شەڕی خۆیدا لە دژی پ ك ك، بە شێوەیێکی سیستیماتیك "قانوونی شەڕ"ی پێشێلکردووە، و ئەمریکاش کە یارمەتی ئەرتەشی تورکیە دەدا لەو جینایەتانەدا هاودەستە. هەروەها، ئەو ڕێکخراوەیە دەڵی کە پ ك کاش ئەو قانوونەی پێشێلکردووە، بەلام کەمتر لە هێزی چەکداری دەوڵەت. (بۆ وێنە بڕوانە لاپەڕەکانی ١٣٧-١٤٥ و ١٦٧).

خەباتێکی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی سێ جینایەتەکە دووپات نەکرێنەوە. حیزبەکان دەبێ خۆیان فێری ئەو باسانە و قانوونەکانی شەڕ بکەن و رابردوو و ئێستەی کردەوەی خۆیان بە شێوەیێکی رەخنەگرانە هەڵبسەنگێنن. هەروەها ئەوانەی لە حیزبەکاندا نین پێویستە بە پشت ئەستووربوون بە لێکۆڵینەوەی زانستی کردار و رەفتاری حیزبەکان هەڵسەنگێنن و بەربەرەکانی جینایەتی شەڕیی و دژی مرۆڤایەتی بکەن. مێتۆدی لێکۆڵینەوەی "مێژوی زارەکی" بۆ ئەوەی رەفتاری هێزی چەکداری کورد تۆماربکرێ و لێکبدرێتەوە زۆر بەکەڵکە. پێویستە وشیاری سەبارەت بە شەڕ و قانوونەکانی شەڕ و دژایەتیکردنی دڕندەیی لە شەڕدا قووڵتر و بەرزتر بکرێ. دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەو قانوونانە بەرهەمی دڕندەیی لە رادەبەدری شەڕە لە ئوروپای سەدەکانی ١٨ بەولاوە بە تایبەت سەدەکانی ١٩ و ٢٠. مەبەستی ئەو قانوونە ئەوە نییە کە شەڕ بە یەکجاری کۆتایی بێ. مەبەست ئەوەیە کە شەڕ کەمتر دڕندانەبێ. بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قانوونە زۆر گرینگە، نابێ پێمان وابێ بە ئامرازی قانوون دەتوانین کۆتایی بە دڕندەییتی شەڕ بێنین. بۆ وێنە، دوو دەوڵەتی ئەمریکا و ئیسرائیل، کە خۆیان بە دێمۆکرات دادەنێن، لە پێشێلکردنی قانوونی شەڕ لە زۆر دەوڵەتی دی بەردەوامترن و بە شێوەیێکی قانوونی "قانوونی شەڕ" پێشێلدەکەن و "جڤاتی ناونەتەوەیی" لێیان وەدەنگ نایا. بۆ وێنە، ئەشکەنجەی زیندانییەکانی ئەبووغرەیب و گوانتانامۆبەی بە شێوەیێکی رەسمیی وەك جینایەتی شەڕیی نەناسراوە ئەگەرچی هەن پارێزەر و پسپۆڕی حقووقی ناونەتەوەیی کە ئەو ئەشکەنجانە بە جینایەتی شەڕیی دادەنێن. ئیسرائیلیش لە ناوچە داگیرکراوەکانی فلستین هەر ئان خەریکی جینایەتی شەڕیی و جینایەتی دژی مرۆڤایەتییە و بێدەنگی لێدەکرێ.

پرسیار٧: زۆر تاوان لە کوردستان ئەنجام دراون لە قارنێ وە بۆ دەرسیم،لە ئەنفالەوە بۆ کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و شوێن بزرکردنی ٨٠٠٠ بارزانی و دەیان هەزار فەیلی، بۆردومانکردنی شارەکانی قەلادزێ و هەڵەبجە لە ساڵی١٩٧٤ و ڕاگواستن و تەعریبکردنی کەرکوك و ناوچە دابراوەکان ،هەمووشی لە فەرهەنگی سیاسی کوردا بە جینۆساید ناویان دەبەن؟ کێ و چی بڕیار ئەدەن کە ئەم تاوانانە لە خانەی چ تاوانێکدان؟

وەلام: لە پێشدا باسم کرد کە کۆنوانسیۆنی ١٩٤٨ ی نەتەوە یەکگرتووەکان و قانوونەکانی بەتایبەتی بەرهەمەکانی "دادگای جینایی نێونەتەوەیی" سەرچاوەیێکی باشن بۆ بڕیاردان لە سەر ئەو رووداوانە. بۆ وێنە، ئەو دادگایە گشت جۆرەکانی سێ جینایەتەکە بە وردی دیاری کردووە و بە چەند زمان بلاوی کردۆتەوە. مەتنە عەرەبییەکەی،"أركان الجرائم"، بە هاسانی لەبەردەست دایە و پێویستە بە پوختی بکرێ بە کوردی و بلاوبکرێتەوە:

http://www.icc-cpi.int/NR/rdonlyres/EE-٨١١F-B٤٢١D-٧C-FB٧٩٨٠٦٠FA/٩٩٩٧٤A١٤F٧/Element_of_Crimes_Arabic.pdf

ئەوانەی ناوت بردوون هەرکامەی

هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی تایبەتی خۆی پێویستە و ناکرێ حوکمێکی گشتیان بۆ دەرکەم، بەڵام ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە زۆربەیان جینایەتی شەڕیی و جینایەتی دژی مرۆڤایەتیین و دیارە ئەوانەی بەشێك لە ئەنفال بوون وەك جێنۆساید داندراون. پێویستە ئەوانەی، کە وەك ئێوە لەو بوارەدا خەبات دەکەن، حەولێکی باش بدەن بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و تۆمارکردنی مێژووی جێنۆسایدی گەلی کورد. ئەوەش پێویستی بە فێربوونی تیۆری و مێژووی جێنۆساید و جینایەتەکانی دیکەیە. هێندێك بەرهەمی باش هەیە بەڵام ئەوەی هەیە بە نیسبەتی دنیایێك جینایەت کە تا ئێستە کراوە هەر هیچ نییە. بۆ وێنە بەرهەمێکی باش لێکۆڵینەوەی ئیسماعیل بێشکچی سەبارەت بە ژێنۆسایدی دەرسیمە.

پرسیار٨:ئایا کورد بۆ خۆی پەرێزی پاکە؟ ئایا دەستی نەبووە لەجینۆساید هیچ نەتەوەیەکی دیکە لە مێژوودا؟ ئەگەر هەیە ئەرکە ئەخلاقییەکانمان چییە بەرامبەر بە مێژوو؟

وەڵام: کورد یان هیچ نەتەوەیێکی دی مێژوویێکی خاوێنی نییە. بەڵام دەبێ بڵێم ئەوە ناخاوێنیی تەواوی گەلی کورد یان گەلانی دی نییە. ئەو ناپاکییە ئی چینە دەسەڵاتدارەکانە کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان شەڕی خوێناوی وەڕێدەخەن و خەڵکی بە گیانی یەکتردادەدەن. ئەوە ئاشکرایە کە ئەو شەڕانە هەر شەڕی کورد و غەیری-کورد نییە. ئەمارەتە کوردییەکان هەمیشە بە یەکتریان دادەدا (بابان لە دژی ئەردەڵان، موکریان لە دژی بابان و هتد). خان و ئەمیر و ئاغاوەت و شێخ بۆ راوڕووتکردن، هەمووکاتێ ئامادەبوون بە بیانووی مەسیحی بوون، جوولەکەبوون، یەزیدی بوون یان هەرمەنی بوون و ئاشۆری بوونی بەشێك لە خەڵکی کوردستان هێرشیان بەرنەسەر. بۆ وێنە بەشێك لە ڕابەرانی کورد، وەك هاودەستی دەوڵەتی عوسمانی، لە جێنۆسایدی گەلێ هەرمەنی و ئاشۆڕی دا بەشدارییان کرد. ئەرکی ئەخلاقی و سیاسی ئەوەیە کە بەڕاشکاوی و بە بێ شەرت و مەرج دادانبندرێ بە بەشداریکردنی رابەرانی کورد و خەڵکی دی لەو جینایەتە، و ئەو بەشداربوونە مەحکووم بکرێ، و داوای لێبوردن لە پاشماوەی جێنۆسایدکراوەکان بکرێ و حەولبدرێ بۆ ئەوەی دەوڵەتی تورکییە ددان بنێ بە جینایەتی خۆی. هەروەها، دەبێ حەولبدری بۆ تێگەیشتنی جێنۆساید و بۆ وشیاربوونەوە و وشیارکردنەوەی گشت لایێك لەمەڕ پێوەندیی نێوان جێنۆساید و شەڕ و ناسیۆنالیسم و دین و دەوڵەت و نیزامی چینایەتی بەتایبەت سەرمایەداری و ئیمپریالیسم. کوشتار و درندەیی لە شەڕدا لە مێژە هەیە بەڵام جێنۆساید وەك دیاردەیێکی "مۆدێرن" چاولێدەکرێ. تێگەیشتنی پێوەندی جێنۆساید و دێمۆکراسی و مۆدێرنیتە پێویستی بە کاری تیۆری و مێژوویی هەیە. تێکۆشان بۆ پێوەندی دۆستانە لە گەڵ گەلانی دی بە تایبەت گەلانی هاوسێ، ئەویش بە گیانێکی ئەنترناسیۆنالیستی، زۆر پێویستە. کەسێکی بیەوێ بە ڕاستی دژی ئەو جینایەتە بێ دەبێ دەست لە بۆچوونی ناسیۆنالیستی دووربێتەوە. کوردێکی ئیسرائیل وەك دێمۆکراسی چاولێبکا و ددان نەنێ بە جینایەتی پاکتاویی ڕەگەزیی و ئاپارتایدی ئیسرائیل لە دژی گەلی فلستین چۆن دەتوانێ بە ڕاستی و ڕەوایی و بە سەربەرزی بەربەرەکانی ئەو جینایەتانە لە دژی گەلی کورد بکا؟ کاتێکی ئەشکەنجەی درندانەی زیندانییەکانی ئەبووغرەیب ئاشکرابوو و زۆر ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ و کەسایەتی و میدیای ئەمریکا و وڵاتانی تر بە توندی رەخنەیان لە دەوڵەتی ئەمریکا گرت، چەند کوردێك لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات دەستیانکرد بە پاکانەکردن بۆ ئەمریکا و هێرشیان دەبردە سەر ئەوانەی کە ئەمریکایان تاوانباردەکرد بە جینایەتی شەڕیی. من پێم وایە ئەو بۆچوون و سیاسەتە ناسیۆنالیستییە ناتوانێ بەرەنگاری جینایەتی وەك جێنۆساید و پاکتاویی رەگەزیی و ئاپارتاید لە کوردستان بێ. کەسێکی بییەوێ بێدەنگی بکا لە کردەوەی جێنۆسایدییانەی ئەو دەوڵەت و نەتەوانەی کە بە "دۆستی کورد"یان دادەنێ ناتوانێ بە دڵێکی پاکەوە بەربەرەکانی جێنۆسایدی گەلی کورد بکا. جێنۆساید جینایەتێکی ناونەتەوەییە و ئەرکی سەرشانی گشت کەسە، لە هەر جێیێك بێ و لە هەر نەتەوەیێك بێ، دژایەتی ئەو جینایەتە بکا. ئەگەر کەسێك ئینکاری جێنۆسایدێکی تایبەتی بکا وەك ئەویە هاودەستی بکا و درێژەی پێبدا.

سیاسەتی ناسیۆنالیستی هەر جێنۆسایدی نەتەوەی خۆی پێ گرینگە و جیاوازی دانانێ لە نێوان ئەو دەوڵەتەی کە جێنۆساید دەکا و ئەو نەتەوەی کە بە ناوی وی جێنۆساید دەکا. بۆ نموونە، لە گەڵ ئەوەشدا ئاشۆرییەکانی عێراق، وەك گەلی کورد وەبەر لێشاوی ئەنفال کەوتن، لە گوتاری ناسیۆنالیسمی کورد سەبارەت بە ئەنفال زۆر کەم باسی ئاشۆرییەکان دەکرێ، دەڵێی ئەوان تووشی کۆکوژێ نەبوون یان ڕیژیمی بەعس ئەوانی

لەبیرچووبۆوە. هەروەها، هەرچی عەرەبە بە دوژمنی هرچی کوردە دادەندرێ و درندەییتی ڕێژیمی بەعس لە دژی شیعەکان فەرامۆشدەکرێ.

پرسیار٩: بە جیهان ناساندنی تاوانەکانی کورد وەك ئەوەی ئەرمەن و جولەکە ئەنجامیان دا،چۆن دەستی بۆ ببردرێت و لە کوێوە هەنگاوی بۆ بنرێت؟

وەڵام: وەڵام: ئەگەر مەبەستت ئەوەیە کە چۆن جێنۆسایدی کورد (وەك ئەنفال) دەبێ بە جیهان بناسێندرێ، دەبی بڵێم ئەوە پێویستی بە تێکۆشانی فکری، سیاسی و قانوونی و کۆمەڵایەتییە و ئەرکی سەرشانی هەموو ئینسانێکی ئازادیخوازە بۆ ناساندن و بەربەرەکانیکردنی ئەو سێ جینایەتانە لە کوردستان.

پرسیار ١٠: ئایا لە ڕوی هاوشێوەییەوە دەتوانین تاوانی هیرۆشیما بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و هۆلۆکۆستیش بە ئەنفال بشوبهێنین؟ خاڵە هاوبەشەکان دەتوانین لە نێوان ئەو ٢ تاوانە و هەڵەبجە و ئەنفال بدۆزینەوە؟ ئایا هیرۆشیماو هۆلۆکۆست لە خانەی چ جۆرە تاوانێك ڕیز بەندی کراون؟

وەڵام: هۆلۆکاست و هێرۆشیما جیاوازن. هۆلۆکاست جێنۆساید بوو و هێرۆشیما جینایەتی شەڕیی. جیاوازییەکە لە نییەت و مەبەستی جینایەتەکە دایە. ئەمریکا بە بۆردمانی هێرۆشیما و ناگازاکی نەیدەویست نەتەوەی ژاپۆن، تەواوی یان بەشێکی، لە ناوبەرێ بەڵام نازییەکان دەیانەویست کە گەلی یەهوودی و ڕۆماکان بەیەکجاری لەناوبەرن و بە کوشتاری کەمئەندامان و کۆمۆنیستەکان و گرووپی دی ڕەگەزەکەیان "خاوێن" بکەنەوە. بۆردمانی هێرۆشیما دەکرێ بڵێین جینایەتی شەڕی بوو. ڕەنگە لەوەدا شك نەبێ کە کوشتاری هەڵەبجە جینایەتی شەڕیی بوو بەڵام ئەگەر لە بڕگەی مێژوویی خۆی دا چاوی لێبکەین و لە سیاسەت و کردەوەی بەعسی سالانی ١٩٨٦ بەولاوە جوێی نەکەینەوە و وەك بەشێك لە پرۆژەی جێنۆسایدی ئەنفال چاوی لێبکەین، دەبی وەك جێنۆساید بناسرێ. جینایەتێکی شەڕیی یان جینایەتێکی دژێ مرۆڤایەتی دەتوانێ بەشێك لە جێنۆساید بێ. جێنۆساید یەکدابەدوو دەست پێناکا و تەواو نابێ، و پرۆسەیێکە کە لە زنجیرەیێك کردەوە و سیاسەتی نابوودکەرانە پێکدێ. جابۆیە، کاتێکی دادگای عێراق ڕووداوی هەڵەبجەی کرد بە باسی جێنۆساید بوون یان نەبوون کارێکی ناشایستی کرد. ئەگەر ڕیژیمی بەعس لە ١٩٨٨دا خەریکی جێنۆساید بوو (لە ئەنفالدا) و ئەو پرۆژەیە بە شەڕی ئێران و عیراقە توندوتیژتر ببوو، چۆن دەکرێ هەلەبجە لەو پرۆژەیە جوێبکرێتەوە؟ بگەڕێمەوە سەر هۆلۆکاست و ئەنفال: هەردووکیان جێنۆساید بوون، هۆلۆکاست نێوێکی دینییە کە سەهیونیست و ناسیۆنالیستی یەهوودی لەو جێنۆسایدەیان ناوە بۆ ئەوەی لەوانی دی جوێی بکەنەوەو و نرخێکی تایبەتی بۆ دانێن" ئەنفالێش نێوێکی دینییە کە ڕیژیمی نادینیی بەعس لە جینایەتەکەی ناوە.

پرسیار١١:ئایا کورد بۆ خۆی پەرێزی پاکە؟ ئایا دەستی نەبووە لەجینۆساید هیچ نەتەوەیەکی دیکە لە مێژوودا؟ ئەگەر هەیە ئەرکە ئەخلاقییەکانمان چییە بەرامبەر بە مێژوو؟

وەڵام: کورد یان هیچ نەتەوەیێکی دی مێژوویێکی خاوێنی نییە. بەڵام دەبێ بڵێم ئەوە ناخاوێنیی تەواوی گەلی کورد یان گەلانی دی نییە. ئەو ناپاکییە ئی چینە دەسەلاتدارەکانە کە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان شەڕی خوێناوی وەڕێدەخەن و خەڵکی بە گیانی یەکتردادەدەن. ئەوە ئاشکرایە کە ئەو شەڕانە هەر شەڕی کورد و غەیری-کورد نییە. ئەمارەتە کوردییەکان هەمیشە بە یەکتریان دادەدا (بابان لە دژی ئەردەڵان، موکریان لە دژی بابان و هتد). خان و ئەمیر و ئاغاوەت و شێخ بۆ ڕاوڕووتکردن، هەمووکاتێ ئامادەبوون بە بیانووی مەسیحی بوون، جوولەکەبوون، یەزیدی بوون یان هەرمەنی بوون و ئاشوری بوونی بەشێك لە خەڵکی کوردستان هێرشیان بەرنەسەر. بۆ وێنە بەشێك لە ڕابەرانی کورد، وەك هاودەستی دەوڵەتی عوسمانی، لە جێنۆسایدی گەلێ هەرمەنی و ئاشوری دا بەشدارییان کرد. ئەرکی ئەخلاقی و سیاسی ئەوەیە کە بەڕاشکاوی و بە بێ شەرت و مەرج دانبندرێ بە بەشداریکردنی ڕابەرانی کورد و خەڵکی دی لەو جینایەتە، و ئەو بەشداربوونە مەحکووم بکرێ، و داوای لێبوردن لە پاشماوەی جێنۆسایدکراوەکان بکرێ و حەولبدرێ بۆ ئەوەی دەوڵەتی تورکییە ددان بنێ بە جینایەتی خۆی. هەروەها، دەبێ حەولبدری بۆ تێگەیشتنی جێنۆساید و بۆ وشیاربوونەوە و وشیارکردنەوەی گشت لایێك لەمەڕ پێوەندیی نێوان جێنۆساید و شەڕ و ناسیۆنالیسم و دین و دەوڵەت و نیزامی چینایەتی بەتایبەت سەرمایەداری و ئیمپریالیسم. کوشتار و درندەیی لە شەڕدا لە مێژە هەیە بەڵام جێنۆساید وەك دیاردەیێکی "مۆدێرن" چاویلێدەکرێ. تێگەیشتنی پێوەندی جێنۆساید و

دێمۆکراسی و مۆدێرنیتە پێویستی بە کاری تیۆری و مێژوویی هەیە. تێکۆشان بۆ پێوەندی دۆستانە لە گەڵ گەلانی دی بە تایبەت گەلانی هاوسێ، ئەویش بە گیانێکی ئەنترناسیۆنالیستی، زۆر پێویستە. کەسێکی بیەوێ بە ڕاستی دژی ئەو جینایەتە بێ دەبێ لە بۆچوونی ناسیۆنالیستی دووربێتەوە. کوردێکی ئیسرائیل وەك دێمۆکراسی چاولێبکا و ددان نەنێ بە جینایەتی پاکتاویی رەگەزیی و ئاپارتایدی ئیسرائیل لە دژی گەلی فلستین چۆن دەتوانێ بە راستی و رەوایی و بە سەربەرزی بەربەرەکانی ئەو جینایەتانە لە دژی گەلی کورد بکا؟ کاتێکی ئەشکەنجەی دڕندانەی زیندانییەکانی ئەبووغرەیب ئاشکرابوو و زۆر رێکخراوەی مافی مرۆڤ و کەسایەتی و میدیای ئەمریکا و وڵاتانی تر بە توندی رەخنەیان لە دەوڵەتی ئەمریکا گرت، چەند کوردێك لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات دەستیانکرد بە پاکانەکردن بۆ ئەمریکا و هێرشیان دەبردە سەر ئەوانەی کە ئەمریکایان تاوانباردەکرد بە جینایەتی شەڕیی. من پێم وایە ئەو بۆچوون و سیاسەتە ناسیۆنالیستییە ناتوانێ بەرەنگاری جینایەتی وەك جێنۆساید و پاکتاویی رەگەزیی و ئاپارتاید لە کوردستان بێ. کەسێکی بییەوێ بێدەنگی بکا لە کردەوەی جێنۆسایدییانەی ئەو دەوڵەت و نەتەوانەی کە بە "دۆستی کورد"یان دادەنێ ناتوانێ بە دڵێکی پاکەوە بەربەرەکانی جێنۆسایدی گەلی کورد بکا. جێنۆساید جینایەتێکی ناونەتەوەییە و ئەرکی سەرشانی گشت کەسە، لە هەر جێیێك بێ و لە هەر نەتەوەیێك بێ، دژایەتی ئەو جینایەتە بکا. ئەگەر کەسێك ئینکاری جێنۆسایدێکی تایبەتی بکا وەك ئەویە هاودەستی بکا و درێژەی پێبدا.

سیاسەتی ناسیۆنالیستی هەر جێنۆسایدی نەتەوەی خۆی پێ گرینگە و جیاوازی دانانێ لە نێوان ئەو دەوڵەتەی کە جێنۆساید دەکا و ئەو نەتەوەی کە بە ناوی وی جێنۆسایدە دەکا. بۆ نموونە، لە گەڵ ئەوەشدا ئاشۆرییەکانی عێراق، وەك گەلی کورد وەبەر لێشاوی ئەنفال کەوتن، لە گوتاری ناسیۆنالیسمی کورد سەبارەت بە ئەنفال زۆر کەم باسی ئاشۆرییەکان دەکرێ، دەڵێی ئەوان تووشی کۆکوژێ نەبوون یان ریژیمی بەعس ئەوانی لەبیرچووبۆوە. هەروەها، هەرچی عەرەبە بە دوژمنی هرچی کوردە دادەندرێ و دڕندەییێتی رێژیمی بەعس لە دژی شیعەکان فەرامۆشدەکرێ.

دەوڵەتەکانیش لە جێنۆساید کەڵك وەردەگرن بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن و رێگە نەدەن بە شارۆمەندان کە داوای مافی خۆیان بکەن. بۆ وێنە، لێکۆلینەوەیێکی زۆر کراوە سەبارەت بە وەی کە دەوڵەتی ئیسرائیل و زۆربەی سەهیوونیستەکان هۆلۆکاست دەکاردێنن بۆ ئەوەی پاکانە بکەن بۆ داگیرکردنی نیشتمانی فلستینییەکان و مافی چارەنووسی ئەو گەلە ئینکاربکەن و درێژەبدەن بە پاکتاوی رەگەزیی و جینایەتی شەڕیی لە دژی ئەو گەلە. سەهیوونیستەکان دەڵێن: "باسی سەرکوتکردنی فلستینییەکان مەکە، ئێمە تووشی هۆلۆکاست بووین!" لە بەرامبەر ئەو سیاسەتەدا، دەبێ بڵێین: "چۆن نەتەوەیێکی تووشی هۆلۆکاست بووبێ دەتوانێ نەتەوەیێکی دی هۆلۆکاست بکا؟" لە کوردستانیش بیرەوەریی هەلەبجە و ئەنفال گەمەی سیاسی پێدەکرێ. ئەگەر لە فلستینی داگیرکراو و لە جێی دی مووزەی هۆلۆکاست سازدەکەن بۆ بەهێزکردنی نەتەوە-دەوڵەتی ئیسرائیل، لە کوردستانیش مووزەی ئەنفال و بیرەوەری هەلەبجە بۆ قایموقۆڵکردنی حکوومەتی کوردستان دەکاردەهێندرێ. دیارە دانانی مووزە بۆ تۆمارکردن و وەبیرهێنانەوەی ئەو جینایەتانە زۆر پێویستە بەڵام دەکارهێنانی ئەو بیرەوەرییە (١٦ی ئاداری هەلەبجە، رۆژی جێنۆساید ١٤ی مانگی ٤ ، مووزە و "مانیومنتی" هەلەبجە و ئەنفال) بۆ کپ کردنی دەنگی رەخنەگرانە و ئینکارکردنی مافی قوربانییەکانی ئەو جینایەتانە و بێدەنگکردنی شارۆمەندان کردەوەیێکی ناشایستە. مەبەست دەبێ ئەوە بێ کە یادکردنەوکان، رۆژەکان، مووزەکان و بینایەکان بەشێك لە پڕۆژەی بنەبڕکردنی جێنۆسایدبن و یارمەتی بدەن بەوەی کە پاشماوەکانی ئەنفال و هەڵەبجە ژیانێکی ئاسایی و بەحورمەتییان هەبێ نەك ئەوەی بێدەنگ بکرێن و پێیان بڵێن: "سەدام وای لێکردین، رازی بە بە نەبوونی سەدام و دەنگت دەرنەیا!"

پرسیار ١٢: بیستمان بەڕێزت لە نووسینی بەشی تایبەت بە کورد لە فەرهەنگی جینۆسایددا بەشداریت کردووە،ئەگەر لەو بارەیەوە باسێکمان بۆ بکەیت؟

وەڵام: من باسی "کورد"م لە دائیرەتۆلمەعاریف یان "ئەنسیکلۆپێدیای جێنۆساید و جینایەتی دژی بەشەریی" نووسی کە لە سێ بەرگدا لە ئەمریکا بە زمانی ئینگلیسی بڵاوبۆوە. سەرنووسەر پێی راگەیاندم کە نابێ نووسراوەکە لە ٥٠٠٠ وشە زیاتر بێ. من باسی مێژووی جێنۆساید و جینایەتی شەڕیی و دژی مرۆڤایەتی لە گشت ناوچەکانی کوردستانم

کرد. دیاره له ٥٠٠٠ وشەدا ناکرێ ئەو گشتە مێژوویە، تەنانەت بە کورتی، تۆماربکرێ و شی بکرێتەوە بەڵام حەولی خۆم دا. سەرنووسەر باسێکی منی سانسۆرکرد و ناچاربووم بەشی ئاخری کە باسی بەربەرەکانیکردنی ئەو جینایەتانە لە چوارولات و لە کوردستان بوو زۆر کورت بکەمەوە. ئەوەی کە سانسۆرکرا ئەوە بوو کە نووسیبووم تەجروبەی گەلی کورد قسەی لیۆ کووپر (Leo Kuper مێژوونووسی جێنۆساید) دەسەلمێنێ کە دەڵێ دەوڵەتان "ماف جێنۆسایدکردن" بۆ خۆیان رەچاودەکەن و رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هیچی پێناکرێ. ئەو ئەنسێکلۆپێدیایە لەباتی ئەوەی ئیسرائیل وەك وڵاتێك باس بکا کە بە جێنۆساید و پاکتاویی رەگەزیی و ئاپارتاید و جینایەتی شەریی دامەزراوە، سووك و هاسان بێدەنگی لێدەکا. ئەوە دووەم ئەنسێکلۆپێدییا سەبارەت بەو باسە (بە زمانی ئینگلیسی) بوو و بریابا بەرهەمێکی وا دابندرێ کە ئەو باسانە لە روانگەی قوربانییەکانی ئەو جینایەتانە بکا نەك بە بەرژەوەندی دەوڵەتان و بە پاکانە کردن بۆ جینایەتکەری وەك ئیسرائیل.

پرسیار١٣: پێت وا نییە لە روی فەرهەنگەوە زمانی کوردی لە بواری یاسایی و پرسەکانی جینۆسایدەوە هەژار بێت؟ ئایا پێویست ناکات پسپۆرانی زمان هەوڵێك بدەن بۆ دەوڵەمەند کردنی زمانی کوردی.

وەڵام: بەڵێ زمانی کوردی لە بواری قانوونی و حقووقییەوە، بۆ باسی جێنۆساید و گشت باسێکی دی، تەواو هەژارە. ئەوەش تا رادەییێك بە هۆی ئەوەیە کە لە بەر نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی، زمانی کوردی لەو بوارەدا زۆر دەکارنەهاتووە. بەڵام بە بۆچوونی من ئەوەی کە زمانەکەی کۆڵەوارکردووە بۆچوونی ناسیۆنالیستییە لە زماندا، مەبەستم پەتیگەرییە، کە دەیەوێ تەواوی وشەی خوازراو، بە تایبەتی وشە و زاراوەی وەرگیراو لە عەرەبی، لە زمانی کوردی وەدەربنێ. بۆ وێنە، لە کوردی دا وشەی بە رەچەڵەك کوردی (ئەگەر شتی وا هەبێ) بۆ "قانوون" نییە و ئەو وشە لە عەربی وەرگیراوە و عەرەبیش خۆی "قانون"ی لە یوونانی وەرگرتووە. جا پەتیگەران دێن "قانوون"، کە زۆر لە مێژە لە کوردی دا دەکارهاتووە و بووەتە بەشێك لە زمانی کوردی، فرێدەدەن و وشەی "یاسا"ی لە باتی دادەنێن و نازانن کە یاسا مەغوولییە. "جاف: فەرهەنگی گیرفانیی ئینگلیزی-کوردی" (چاپی سێهەم ٢٠٠٣) وشەی یاسای بۆ سێ وشەی جیاوازی ئینگلیسی (rule, regulation, law) دەکارهێناوە بۆ ئەوەی وشەی خوازراو لە عەرەبی دەکارنەهێنێ. بەڵام زمانێکی کە نەتوانێ جیاوازی ئەو وشانە دەربڕێ بەکاری تێکۆشانی فکریی و رۆشنبیریی نایا. ئەو دژایەتییکردنەی زمانی عەرەبی تەواو رەگەزپەرستانەیە و زمانەکەی تەواو هەژارکردووە.

لە باسی جینۆسایدیشدا هەروایە. بۆ وێنە، کوردی وشەییێکی پەتیی بۆ مەفهوومی "جینایەت" نییە و پەتیگەرکان لە باتی جینایەت وشەی "تاوان" دەکاردێنن. بەڵام "تاوان" و "جینایەت" جیاوازن. بۆ وێنە دەتوانین بڵێین کە "سەدام تاوانبارکرا بە ارتکابی جێنۆساید". لەو رستەدا، تاوانبارکردن مانای "اتهام"ی هەیە. بەرگی یەکی فەرهەنگی خاڵ کە لە ١٩٦٠ دا بڵاو بۆوە، تاوان بە "گوناح" ماناده‌کاتەوە و ئەو شایەدەی بۆ دێنێتەوە: "بێ تاوان کوژرا". لێرەدا، تاوان مانای جینایەتی نییە. بەڵام نووسەران ئەوەندە "تاوان"یان لە باتی "جینایەت" دەکارهێناوە، خەریکە ئەو مانایە پەیدادەکا. ئەو رێبازە پەتیگەرییە سەرەڕۆیانە رێگەنادا زمانی کوردی بەرەنگاری لێشاوی وشە و زاراوەی زمانە پێشکەوتووەکان ببێ. بۆ وێنە، د. نووری تاڵەبانی، کە خۆی پسپۆڕی قانوونە و هەوەڵ فەرهەنگی بەپێزی زاراوەی قانوونی بە کوردی و عەربی و فەرانسەیی و ئینگلیسی داناوە، وشەی تاوانی بۆ ئەو وشانە دەکارهێناوە: جرم=تاوان، جریمە=تاوان، بریو=بێ تاوان، حکم بالادانە=بریاری تاوانبارکردن، اعتراف بالزنب=داننان بە تاوان، و تجریم متهم=تاوانبارکردنی تۆمەتبار. من پێم وایە ئەگەر بمانەوێ زمانی کوردی (چ لەو بوارەدا چ لە بواری زانستییەکاندا) لە رادەی زانکۆیی دا دەکاربێ، ئەو سیاسەتە پەتیگەرانەیە دەبێ وەلابنێین. (بڕوانە دوکتۆر نووری تاڵەبانی، "فەرهەنگی قانوونی: عەرەبی-کوردی-فەرەنسی-ئینگلیزی"،چاپی دووەم، ٢٠٠٦ لە سایتی http://www.pertwk.com/pdf/Farhangi_qanuny.pdf

# موستەشاری فەوجی ٣٥
# من خۆم بە تاوانبار نازانم ،گەر تاوانبار دەرچووم ئامادەم داوای لێبووردن بکەم

**سازدانی گۆران هەڵەبجەیی**



فەتاح بەگی جاف یەکێکە لەو کەسانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا موستەشاربووەو خاوەنی فەوجێکی پێنج هەزارکەسی بووە.تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەبەغدابوو.پاشان هاتەوە کوردستان و ئێستا لە بازێڕی کەلار نیشتەجێیە.

بڕێك لەو مووستەسارو سەرۆك جاشانەی کاتی خۆی خزمەتی ڕژێمی بەعسیان کردووە و ئێستا لەکوردستان دەژین، ناوبەناو بۆ میدیاکان دەدوێن و پاکانە بۆ خۆیان دەکەن .لی فەتاح بەك یکێکە لەوانەی تا ئێستا لەهیچ میدیایەکی کوردیدا دەرنەکەوتووە.بەڵام زۆر جار لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەی لە بواری ئەنفالدا کار دەکەن، بەتایبەتی ڕێکخراوی چاودیری کوردۆساید{چاك} ناوی فەتاح بەگ وەك تاوانبارێك دەبەن. هاوکات ناوی فەتاح بەگ لە لیستی تاوانبارانی دادگای بالای تاوانەکانی ئەنفالدا هاتووە .لە مانگی ئۆکتۆبەردا لە کوردستان بووم، بە هەول و یارمەتی چەند برادەرێك توانیم ئەم چاوپێکەوتنە لەگەڵ فەتاح بەك ئەنجام بدەم.

**گۆران هەڵەبجەیی/ فەتاح بەگ کێیە؟**

فەتاح بەگ/ من ناوم فەتاح بەگ كوڕی كەریم بەگ كوڕی حەمەپاشای كەیخەسرەو بەگە.
دەرچووی كۆلیژی سەربازی عیراقم.بەشی ئیداری.
لەسوپا مامەوە تاگەشتمە پلەی عمید.
سەردەمێكیش ئەمین داریی گشتی كشتوكاڵ بووم .

**گۆران / دەمێك حیزبی بەعس هاتە سەردەسەلات هێدی هێدی ئەفسەرەكوردەكانی لە سوپا دەركرد یا خانەنشینی دەكردن ،چۆن بوو تۆ مایتەوەو بەر ئەو شالاوە نەكەوتیت؟**

فەتاح بەگ/ سەدەها كورد وەك ئەفسەر لە سوپا مانەوە، لەوانە عزیز موفتی كە قائد فرقەبوو لە حەرەكاتی عەسكەری بەغدا.هەر ئەفسەرێك كە چالاكی نەبووبێت و نەبووبێتە هۆی تێكدانی یاسا ئەوە لە سوپا ماوەتەوە.

**گۆران/ دەمێل لە سوپادابوویت ناچار نەكرایت ببیتە بەعسی؟**

فەتاح بەگ/ چۆن ناچار نەكرام هەموو بەشەرێكی عێراقی بەعسی بوو ،بەعسی لەسلیمانی زۆرتربوو وەك لە تكریت.
بەڵام بەعسی عقائیدی نەبووم هەر بەناو بەعسی بووم.ساڵی جارێكیش نەدەچوومە كۆبوونەوەی حیزبیەوە.

**گۆران/ پێشمەرگایەتیت كردووە؟**

فەتاح بەگ/ نەخێر بەلام هاوكاربووم لە گەڵیاندا.

**گۆران/ چكات هاوكاریت كردوون و چۆن؟**

فەتاح بەگ/ ساڵی ٦٣هاوكاریم كردووەن ،بۆیەكەم جار كە چەكی كلاشینكۆف و سەمینۆف هاتە ناو شۆڕش من ناردم بۆیان.
من لەیەك حەلقەی حیزبی بووم لەگەڵ یونس ڕۆژبەیانی كە ئێستا ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتیە..

**گۆران/ ئەودەمەی كە لە سوپابوویت بزووتنەوەی كوردی بەرەو لاوازی دەچوو ، ئەنفال دەستی پێكردبوو.ئەو كاتەش هەر هاوكاری پێژمەرگەت دەكرد؟**

فەتاح بەگ/بەڵێ

**گۆران/ چۆن؟**

فەتاح بەگ/ هەزار شایەتم هەیە

**گۆران/ ناوی یەكێك لەو شایەتانە بهێنە.**

فەتاح بەگ/ گەر مووشكیلەیەك بووبێت. خەبەرم دەدانێ

**گۆران/ خەبەرت بەكێدا دەنارد؟**

فەتاح بەگ/ خەبەرم بە هەموو قەومەكەدەدا.
گۆران/ ئەو قەومە كێن؟ یەك ناوم پێبڵێ
فەتاح بەگ/ حاجی رەفعەت كە ئێستا كۆچی دوایی كردوە.
گۆران/ ناوی یەكێكی زیدنووم پێ بدە لە نێو یەكیەتی یا پارتی كە ئەودەمە پۆستێكی گرنگی هەبووبێت و ئێستا لە ژیاندامابێت.
فەتاح بەگ/ جەلالی ئەحمەدی رۆستەم،رەسوڵی حەمەی تۆفیق،هەزارەهاكەسی تر.
گۆران/ئەمانە كەسانی ناسراو نین و من یەكەم جارە ئەم دووناوە ببیستم.
گۆران/ چۆن ئەمانەت ئاگادار دەكردەوە ؟
فەتاح بەگ/ هاتووم كۆبوونەوەم بە فەوجەكەم كردووە كە هەموو سەرۆك عەشیرەتێكی تێدابووە، سەد ئامر مەجموعەم هەبوو ئەم ئامر مەجموعانە هەفتانە كۆبوونەوەم پێكردوون و پێیانم وتوە باروودۆخ خراپە و پێیان بڵێن بۆ خاتری پێخەمبەر بێنە خوارەوە،نەئەهاتنە خوارەوە.
هەتا یەكەم رۆژ لە قەرەداخ كە پەنجا شایەتم هەیە هەزارەها ماڵم نجات دا.
گۆران/ كێ بێتە خوارەوە ،پێشمەرگە یا گووندنشینەكان؟
فەتاح بەگ/ گووندنشینەكان
گۆران/ لە چ سەردەمێكدا؟
فەتاح بەگ/ لەسەردەمی ئەنفالەكەدا، لە ناوچەی شێخ تەویلیش خەڵكم ڕزگار كردووە.
سوپای عیراقی هاتن لە شێخ تەویل بدەن كە پێژمەرگەی زۆری لێبوو.ئەو دەمە عومەر فەتاح و سامان گەرمیانی وشێخ جەعفەر لەوێ بوون.

گۆران/ هەر موستەشارو سەرۆك جاشێك دەم دەكاتەوە ، دەڵێت من ئەوەندە هەزاركەسم لە مردن رزگار كردووە ،جا گەر بە پێی ئەو قسانە بێت دەبوو ئەو ١٨٢٠٠٠ كەسە ئێستا زیندووبوونایە. تۆ چ دەڵێیت لەو ڕووەوە؟
فەتاح بەگ/ تۆ وادەزانی دووكەس ئەنفال كراوە، لێراوە تا باكیرەو كۆیسنجاق ئەنفال كراوە .
گۆران/ دەزانم دەزانم بەڵام گەر حسابێكی ورد بۆ ژمارەی سەرۆك جاش و موستەشارەكان بكەین وبەراوردی بكەین لەگەڵ ئەو ژمارەییەی كە گوایە لەمردن ڕزگاریان كردون ،دەبوو ژمارەی ئەنفالكراوەكان زۆر زۆر لەو ژمارەیە كەمتر بووایە كە ئەنفالكران.
فەتاح بەگ/ خۆ من نەمووتوە ملیۆنەهام رزگار كردوە،ئەمە قسەیە كە دەڵێم ، بەڵێ من هەزارەها كەسم رزگاركردووە.
گۆران/ باشە ژمارەیەكی نزیكم پێ بڵی كە تۆ ڕزگارت كردوون؟
فەتاح بەگ/ زۆرن زۆر .
گۆران/ زۆر یانی چەند ١٠٠٠ ،٢٠٠٠. ،١٠٠٠٠، ٢٠٠٠٠
فەتاح بەگ/ گەر بە مەزنەبێت ئەوە ناوچەی قەرەداخ ،گوڵەكەوە نەمهێشتوە یەكێكیان ئەنفالبكرێت هەمویان هاتن .
گۆران/ بۆ كوێ هاتن؟

فەتاح بەگ/ هاتن بۆشار و پاشان ناردمن بۆ زەرایەن.
تەنانــــەت چەکەکانیــــشیانم پاراســـت و ئاژەلەکانیشیانم لەتـەك خۆیـان نـارد بـۆ زەرایەن.
من بەردەوام خەبەرداری هەموو قەومەکەم لـە پێـشهاتەکان کـردووە.بـەلام تـۆ لـێم دەپرسیت کێن ئەوانەی رزگارت کردوون، زۆرن ناویانم لە یاد نیـە.خـۆت بـرۆ لەوانـە بپرسە کە رزگارم کردوون بلّی فەتاح بەگی جاف خەبەری داوە پێتان یا نا؟
گۆران/ من کەس ناناسم لەوانەی گوایە تۆ ڕزگارت کردوون تا پرسیاریان لێبکەم.
فـــــەتاح بـــــەگ/ وەك وتم بــــــەردەوام کۆبوونەوەم بە سەرۆك فەوجـەکان کـردوە کـە زۆرێکیـان کـوڕی ،مـامی ،بـرای یـا کەسێکی لـە شـاخ بـووە ،پـیم وتـوون کـە خەبەریان پێبدەن.
هەموو جار دەرۆژ یـا دوو مانـك یـا سـالّێك بەر لە هێرشەکان خەبەردارم کردوون.
گۆران/ لەوانـەی کـە تـۆ دەلّێیـت ڕزگـارم کــردوون و ئێــستا لــە ژیانــدا مــاوون ،کەسێکیان ڕۆژێك لـە ڕۆژان باسـی ئـەم کارەی تۆی کردووە؟
فەتاح بەگ/ نازنم خۆ من ناچم مالّەو مالّ بگەڕیم و پرسیاریان لێبکەم ،بەلام خۆیان ئیعتراف دەکەن.
گۆران/ لەکوێ ئیعترافیان کردوە
فەتاح بەگ/ لە هەموو شوێنێك.
گۆران/ من بەردەوام متابەعەی ڕاگەیاندنی کوردی دەکەم تا ئێستا نەم بیستوەو نـەم خوێندوتەوە کەسێك باسـی چاکەی تـۆی کردبێـت کەلـە دەمـی ئەنفالـدا ڕزگـارت کردبێت.
فەتاح بەگ /ئەی کێ ڕزگاری کردوون؟
گۆران/ نازنم ،من پرسیار لەتۆ دەکەم.
گۆران/ من هەر ئـەوە دووبـارە دەکەمـەوە کـە هـەر مـستەشارێك بـدوێنیت دەلّـی مـن ئەوەندە هەزار کەسم رزگار کردووە.
فەتاح بەگ/ ئەوانە هەموویان درۆ دەکەن.
گۆران/ ئەی تۆ ڕاست دەکەیت؟
فەتاح بەگ/ بەلّی من ڕاستدەکەم.
گۆران/ تۆ کـە لـە سـوپادابوویت و گوزەرانـت باش بووبۆ بوویت بە موستەشار؟
فــەتاح بــەگ/ ئەبوایــە یەکــەم فــەوج ئێمــە تەشکیلمان بکردایە بەلام ئێمە رەفزمان کرد .
گۆران/ ئێوە کێن؟
فــەتاح بــەگ/ عەشــرەتی جــاف.کــاکم خــۆم سەرداربەگ.
تەماشامان کرد٩٠٠ کەس لـە عەشـیرەتەکەمان چووتە لای ئەنوەر بـەگی بێتواتـە. ئـەو دەمـە ئەنوەربـەگی بێتواتــە قیــادەی فــەوجی ٤ ی دەکـــرد لــــە ســــلیمانی ، هەنــدێکیش لــە عەشرەتەکەمان چوون بۆ هەولێر،
ئیتر گشت عەشـرەت داوایـان لـە مـن کـرد کـە فـەوج پێـك بهێـنم تـا گەنجـەکانی عەشـیرەتی جاف لە مەرگ رزگار بکەم .
گـــۆران/ ئـــەی بـــۆ ئەنوربـــەگ نەیـــدەتوانی ڕزگاریـان بکـات؟ خـۆ ئـەویش موستەشـاربوو دەستی دەڕۆیشت.
فەتاح بەگ/ ئاخر فەوجەکەی ئەو بچوك بـوو ئیمەش عەشیرەتی جاف زۆر بـووین دە فـەوج بەشی نەدەکردین.
گۆران/ یانی مەبەستت لە بوون بە موستەسـار تـــەنها ڕزگـــارکردنی کەســـانی ســــەر بەعەشیرەتەکەت بووە؟
فــەتاح بــەگ/ تەبعــەن وابــوو ،ئــەوە تەلــەبی عەشیرەتەکە خۆی بوو.
گۆران/ بۆ عەشـیرەتەکەتان لـەژێر هەرەشـەو مەترسیدابوو ؟
فــەتاح بــەگ/ کاکــە عەســکەر دەیکووشــتن لــە شەلەمچەو لە جنوب دەیانگرتن.
گۆران / ئـەی بـۆ نـەبوون بـە پێـشمەرگە،هەم ژیانی خۆیان ڕزگاردەکرد و هەم بەشداریشیان لە خەباتی نەتەوەیەکەیاندا دەکرد؟
فەتاح بەگ/ پێشمەرگە جێـی ئێمـەی تێدا نەدەبوویەوە، ئێمە زۆر بووین ،جگە لـەوە ئـــەو دەمـــە حکومـــەت ئـــەوانی تـــری ئیبـادەدەکرد. ئێمـە زۆربـووین نـەدەکرا هەموو خۆمان بشارینەوە.
گۆران/ جا ئـەوە پاسـاوە لەبـەر ئـەوەی نەگوژرێن ببن بە جاش یا خەفیفە، بەڕای تۆ خوێنەر بروا بەم پاساوە دەکات؟
فەتاح بەگ/ کەیفی خۆیانـە ئـەوە ڕاسـتیە من دەیلێم.
من بە کەسم نەوتووە بێتە خەفیفە ،بچۆ مالّێـك بهێنـە لــە کوردســتان مــن بــەزۆر کورەکەیانم کردبێت بە چەکداری خۆم.
خۆیـان هـاتوون پێلاوەکـانی منیـان مـاچ کردووە یا واستەیان کـردووە تـا بیانکەمـە چەکدار.
گــۆران/ خــۆت بــە تاوانبــار نازانیــت کــە دەمێك کورد دووچاری ئیبادە دەبووەوە و ئــەنفال دەکــرا تــۆش پالّــت دابــوو بــە بەعسەوەو خزمەتت دەکرد؟
فــەتاح بــەگ/ نــەخێر مــن خــۆم بــە مرتــاخ دەزانم چـــونکە توانیومـــە خزمـــەتی قەومەکـەم بکـەم {مەبەسـتی عەشـیرەتی جافە نەك قەومی کورد /گۆران} بەلّی مـن خزمەتی عەشیرەتەکمم کردووە.
زۆریش خۆم بە بەختەوەردەزانم کە توانیم خزمــەتی قەومەکــەم بکــەم و هــەزارەها گـەنجی جـافم لـە مـەرگی محەقـەق رزگـار کردووە.
سـەدەها لـە ئیعدامابوون چـووم واسـتەم کـردوە و لـە ژوری ئیعدام دەرم هێنـاون. خەلّك هەبوە بە قومبەلـەوە گیراوە چـووم واستەم بۆ کردوەو دەرم کردوە لە سجن.
لـە ژوری مەحکەمـەی سـەورە خـەلّکم لـە ئیعدام رزگار کردووە.
گۆران/ ناوی کەسێکت لە یادە لەوانەی لە

ئیعدام رزگارت کردوون؟
فـەتاح بـەگ/ شـاهیدم هـەن ، حەمـەی حاجی مەحمود یەکێکە لەو شاهیدانە.
گۆران/ خوێنەواریت هەیە؟
بەڵێ/ بەڵی
گـۆران/ ئەمـە لیـستی نـاوی تاوانبـارانی ئەنفالـە کـە لـە دادگـای بـاڵای تاوانـەکانی ئـەنفال لـە بەغدا دەرچـووە، ئەمـە نـاوی تۆیە لەم لیستەدا؟
فەتاح بەگ/ بەڵی ناوی منە.
گۆران/ بۆ ناوت هەیە گەر خۆت بە تاوانبار نازانیت.؟
گـۆران/ لـەو دادگایـە وەك تاوانبـار نـاوت هاتوەو داواکراویت.دەزانیت؟
فـەتاح بـەگ/ بـەڵێ بـەڵی دەزانم.چـاوەڕێ دەکەم با بێن بمانبەن.
گـۆران/ بـەڕای تـۆ گـەر کەسـێك تاوانبـار نـەبێت بـۆ نـاوی یاداشـت دەکـەن و داوی گرتنی دەکەن؟
فـەتاح بـەگ/ خـۆ نـاوی مـەلا حەسـەنی رۆخزایـی هـاتووە کـە ژنەکـەی و کـوڕێکی ئەنفال کراوە.
گـــۆران/ دیـــارە لـــە مەســـەلەیەکی وا هەستیارو گەورەدا نـاوی کەسـێك هـەر بـە هەڵە دێت.
فـەتاح بـەگ/ مـن ئینکـاری ناکـەم بڵـێم موستەشـار نـەبووم، مـن موستەشـاربووم بەڵام لەو ڕێگەوە خزمەتم کردووە،
گـۆران/ یـانی ویـژدانی خـۆت بـە ئاسـودە دەزانیت؟
فـەتاح بـەگ/ بـەڵی چـەندین گـەنجم لـە کوشتن ڕزگار کردووە،مووچەم داوە پێیان یارمەتیم داون.
گـۆران/ یـانی بـە هـیچ جۆرێـك خـۆت بـە تاوانبار نازانیت؟
فەتاح بەگ/ نەوەلا ،گەر خۆم بـە تاوانبـار بزانم ئێستا دەچم بۆ دادگا.

گۆران/ باشە گریمان چەند خێزانێکی کەسوکار ئـەنفالکراو لـەم گەرمیانـە چـوون لـە دادگـا ســکالایان تۆمــارکرد لــەدژت، بــەوەی تــۆ کەسـوکاریانت ئـەنفالکردووە ،ئـەوجا دادوەر چەند پۆلیسێك دەنێرێت بۆ دەستگیرکردنت،ئەو دەمـە لەگـەڵیان دەچـیت بـۆ دادگا؟،یـا تـۆش دەڵێیت تا مام جەلال ئەمرم پـێ نـەکات ناچمە دادگا .چونکە عەباسی بایز عاخا کە نزیکـەی ٤٠ داوی لەسـەرە ، گووتبـووی تـا کـاك مەسـعود ئەمرم پێ نەکات ناچمە دادگا.

فەتاح بەگ/ وەڵا ئەڕۆم لە گەڵیاندا چونکە خـۆم بە تاوانبار نازانم.
بەڵام بۆ دادگـای ئێـرە لـە کوردسـتان نـەك بـۆ دادگای بەغدا.
گۆران/ بۆ ناچیت بـۆ بـە غـدا خـۆ تـا ئێـستاش ئێمە بەشیکین لە عێراق؟
فەتاح بەگ/ تۆ جارێ عێراقچێتی بەسەر منـەوە مەکە.
من کوردم هام لەژێر ئـاڵای کـورددا لـە ژێـر ئـەو ئاڵایەدا دەمەویت دادگایی بکرێم،
گۆران/ من عێراقچێتی ناکەم ،باسـی حەقیقـەت دەکەم ، تۆ باسـی ئـاڵای کـورد دەکـەیت، ئـەی ئەو ئاڵایەی شـەڕت بـۆ دەکـرد ئـاڵای وەحـدەو حوریەو ئیشتراکیەی بەعس نەبو؟ئەمـە بانێـك و دووهەوانیە؟
فەتاح بەگ/ نا ئەوەیان ئیجباربوومە.
فەتاح بەگ/ با شتێکت پـێ بڵێم ، هێـز هەیـە لـە کوردستان لە سەرەکەیەوە تا خوارەکەی پیاوی سـەدام حـسین بوونـە و ئیـشیان بـۆ سـەددام کردوە. خۆ هەر من نەبووم بـە تـەنها .ئەوەنـەی بەعـسی لـە کوردسـتاندا هـەبووە لـە تکریتـدا ئەوەندە نەبووە.
گۆران/ من باس لە دادگایەك دەکـەم لـە بەغدا کـە تایبـەت بـووە بـە تاوانـەکانی ئـەنفال، دادگایەکی فـەرمی و لەجیهانـدا بـاوەڕپێکراوە و بڕیارەکانیـشی هـەموو عێـراق دەگرێتـەوە بـە کوردستانیـشەوە. گـەر لـەوی داوات بکەنەوە دەڕۆیت؟
فـەتاح بـەگ/ گـەر حکومەتەکـەم تـەبلیغم بکات هەر ئەمشەو دەچم.
گـۆران/ ئـەی تـۆ پێـشتر ووتـت ناچـم بـۆ دادگای بەغدا.
فـەتاح بـەگ/ گـەر حکومەتەکـەی خۆمـان فەرمانم پێبکات دەڕۆم بەڵام بـێ فـەرمانی ئەوان ناڕۆم.
گــەر کەســێك تــوانی بیــسەلمێنێت مــن کەڵەشێرێکیم کووشتووە یا وەرەقەیـەکم بدۆزرێتەوە کە دژی کورد نووسیومە ،ئـەو کاتە ئامادەم بۆ ئیعدام، با ٧ جار ئیعـدامم بکەن.
من لە چاکە زیاتر خراپـەم نـەکردوە ،مـن گــەنجم نــەجات داوە لــە مــردن شــانەی حیزبـی ئاشـکرابوون و گـیراون مـن بـەرم داون.
گـۆران/ ئـەو قسەی تـۆ دەیکـەیت هـەموو موستەشارەکان هەمان قسە دەکـەن وەك ئەوەی لەسەری ڕێکەوتبن.
فەتاح بەگ/ نا ئەوان واناڵێن.
گۆران/ با وادەڵێن هەرکامیان بۆ راگەیاندن دووابێت هەمان قسەی تۆی کردووە.
فەتاح بەگ/ دەی کەواتە کردوویانە .
گۆران/ ئەی کەواتە کێ ئەنفالی کرد؟
فەتاح بەگ/ بەرای تۆ مستەشاری ترکـەن ئـــەنفالی کردووە؟ئەچـــێتە عەقلـــەوە موستەشـار ئـەنفالی کردبێـت؟ سـەددام بەقسەی خۆی ووتی من ئەنفالم کردووە،
گۆران/ گەر جاش و موستەشارەکان چاو ســاغی ســوپای عــیراق نەبوونایــە کــە شـارەزایی تـەوایان لـە کوردسـتان هەیـەو گونـدو دۆڵـو چـیاو ئەشـکەوت ڕێگاوبـان شارەزان ،گەر ئەمانـە نەبوونایـە سـوپای عیراقی دەیتوانی بەو جۆرە ئەنفال بکات؟ هەر ئـەوان نـەبوون گووندنشینەکانیان لـە

ئەشکەوتەکاندا دەردەهێنا و رادەستی سوپای عێراقیان دەکردن؟
فەتاح بەگ/ بە پێچەوانەوە ئێمە خەبەرمان دەدا کە رابکەن و گوندەکانایان جێبهێڵن. سەدەها شایەتم هەیە کە خەبەرمان بە خەڵکەکەداوە کە رابکەن. حەمەی مارف و کورەکانی، حەمەسالّحی موختار شایەتی ئەوەن.
لە مەقەڕەکەمدا دەستم کرد بە گریان، لەویّ ئەحمەدی ڕۆستەم و حەمەی تۆفیق و حاجی ڕەفعەت دانیشتبوون. هەولّم نارد بۆیان ڕابکەن چونکە دەمزانی حکومەت دەیانبات.
گۆران/ لە یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤاری چیا کە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان دەری دەکات ،یەکێك لە پێسمەرگەکان لە گێرانەوەی یادوەریەکانی سەردەمی ئەنفالدا دەگێرێتەوە کە لە ناوچەی قەرەداخ چەند خێزانێك خۆیان لە ئەشکەوتێکدا حەشاردابوو، بەڵام دواتر چاشەکان دۆزییانەوەو ڕادەستی سوپای بەعسیان کردن ئەوانیش ناردیانن بۆ مەرگ ،ئەی لەم بارەوە دەڵێیت چی؟
فەتاح بەگ/ جاشی کیّ بوون؟
گۆران/ من نازنم جاشی کیّ بوون بەلاّم گرنگ ئەوەیە جاش بوون.لەوانیە هی تۆبوبن.
پێشمەرگەکە دەڵێت ئەو خێزانانەیان تەسلیم بە بارق کردووە.
فەتاح بەگ/ ئەوە قاتعی من نەبووە ،بارق لە توزخورماتوو بوو،منیش لێرەبووم .
گۆران/ بەلاّم بارق لەگەلّ تاوانبار نزار خەزرەجی سەرپەرشتی هەموو پرۆسەکەیان دەکرد وانیە؟
فەتاح بەگ/ ڕاستە نزارخەزرەجی سەرپەرشتی کردووە بەلاّم بنکەی ئێمە جیابوو ئێمە لە دەڤەری جافەکان بووین.
گۆران/ بەپێی ئەم قسانە بێت تۆ لە کاتی ئەنفالدا فریشتەو فریادڕەسبوویت و کاروپیشەت هەر ڕزگارکردنی خەلّك بووە. هیچ فەرمانێکی حکومەتت جێبەجی نەکردووە، چیدەلّێت؟
فەتاح بەگ/ با چۆن نەمکردوە .
گۆران/ چ جۆرە فەرمانێك؟
فەتاح بەگ/ بۆنمونە بە کەمین دەرچووین، بۆ واجباتی تر دەرچووین.
من فەوجێکی نیزامی بووم و بەپێی فەرمانی سەربازی هەڵسوکەوتم کردووە و مووچەم وەرگرتوە.٥٠ هەزار چەکدارم هەبووە.
گۆران/ کەواتە پێویست بوو لە بەرامبەردا کاریان بۆ بکەیت؟
فەتاح بەگ/ ئەی چۆن ،ئەرەوەلاّ.
گۆران/ پێشمەرگەت کووشتوە؟
فەتاح بەگ/ بەدستی خۆم؟
گۆران/ بەدستی خۆت یا بە فەرمانی تۆ.
فەتاح بەگ/ نەخۆم نە بە فەرمانی من پێشمەرگە نەکوژراوە.
گۆران/ ئەی گەر پێشمەرگەت نەکووشتوە ئیتر کەمینت بۆ کی داناوە وەك پێشتر ئاماژەت پێدا؟
فەتاح بەگ/ لەناوشاردا یا لە دیّ دانیشتووین پارێزگاری ئەو ناوچانەمان کردووە.
با یەکێك بێتە پێشەوە بلّێت فەتاح بەگ پێشمەرگەی کووشتوە.من ٥٠٠٠هەزار چەکدارم هەبووە لە ئێرەوە تا هەڵەبجە لەژێر دەستی مندابووە.
گۆران/ دەڵێن لە ملەسوورە چەند هەزارکەسێکت تەسلیم بە سوپای بەعس کردوەو ئەوانیش ئەنفالیان کردوون.چی دەلّێییت لەو بارەوە؟
فەتاح بەگ/ من تەسلیمم نەکردوون.
گۆران/ ئەی کیّ تەسلیمی کردن؟
فەتاح بەگ/ من چوارڕۆژ، مانگێك ٦، مانگ ،ساڵێك لەوەوبەر لە ڕێگەی سەرۆك عەشیرەتەکانەوە خەبەرم بۆ ناردون کە شوێنەکانیان چۆلّ بکەن.
گۆران/ چۆن بەر لەساڵێك زانیت ئەنفالیان دەکەن؟
فەتاح بەگ/ لەوەبەر بروسکەمان بۆ دەهات .
گۆران/ یانی ساڵێك پێشتر ئێوەی موستەشارەکان ئاگادارکرانەوە کە ئەنفالیان دەکەن؟
فەتاح بەگ/ ئێمە ئاگادار کراینەوە کە پێیان ڕابگەیەنین ناوچەکانیان چۆلّ بکەن و بێنە خوراوەوە بۆ مجەمەعەکان کە بۆیان ئامدەکرابوو،گەر نەیەن زەرەردەکەن.جا ئەوەی عاقلّبوو هاتە ناو موجەمەعەکان و نەکوژرا ،ئەوەی بیّ عەقلّ بوو تووشی ئەو بەدبەختیەبوو.
گۆران/ کیّ هێنانیە خوارەوە سوپا یا چەکدارەکانی تۆ؟
فەتاح بەگ/ {٧٠} دەبابە، کەتیبەیەکی مەدفەعی، ١٠٠ قوات خاسە ،فەوجێکی مەغاویر و چەندین شۆفلّ ،ئەمانەمان لەگەڵدا بوون.
گۆران/ دەزانم ئەمانە بەشداریان هەبوو ،ئەی ڕۆڵی ئیوە چیبوو؟
فەتاح بەگ/ ئێمە مجەرەد هێزێك بووین لە تەکیاندا بۆئەحتیات.
گۆران/ چ ئەرکێکتان پێسپێردرابوو؟
فەتاح بەگ/ هیچ
گۆران/ دەچێتە ئەقلّەوە حیزبی بەعس پارەیەکی زۆر سەرف بکات بۆتان مووچەیەکی باش و بریك ئیمتیازاتیش بدات، لەگەلّ سوپاکەی بتانهێنێت تەنها بۆ تەماشاکردن؟
فەتاح بەگ/ نا واجباتمان بوو کە لەتەکیاندا بروین.
گۆران/ کەواتە واجباتی قیتالیشتان هەبووە؟

فەتاح بەگ/ نا

گۆران/ چۆن دەكرێت؟

فەتاح بەگ/ چونكە قیتاڵ نەبوو. شەڕ نەبوو.ئێمە نەمانكرد.

گۆران/ یانی ئێوە هیچ دەورتان نەبوو لە هێنانە خوارەوەی ئەو گوندانەدا؟

فەتاح بەگ/ نەوڵا

گۆران/ نە شەرتان كردوو نە بەشداریتان لە هێنانە خوارەوەی خەڵكەكەدا كرد.ئەی ئێوەیان بۆ كەیف و سەفا هێنابوو؟

فەتاح بەگ/ وەڵا هەر تەماشامان دەكرد.

**گۆران/ سوپای ئێراقی هێندە میهرەبان بوو لە ئێوەی قەبول كرد هیچ نەكەن و تەنها تەماشای دۆخەكەبكەن؟**

فەتاح بەگ/ ئەروەڵا،

بڕوابكە ئەگەر یەكەم ڕۆژو دووەم ڕۆژ بهاتنایەتە خوارەوە كەس نەدەگیرا.

بەڵام ئەوان سەرۆك عەشیرەتەكانیان لە دوەم ڕۆژەوە هاتن وتیان دێینە خوارەوە منیش وتم من رەئم نیە بێنە خوارەوە ،من تەحەمولی مەسئولیەتتان ناكەم.

**گۆران/ ئەم قسەیەت دژ بە یەك نیە؟ لەلایەك دەڵێیت گەر یەكەم ڕۆژو دووەم ڕۆژ بهاتنایەتەخوارەوە هیچیان بەسەرنەدەهات و ڕزگارم دەكردن ، لەلایەكی تر دەڵێیت پێم وتن من رام نیە بێنە خوارەوەو تەحەمولی مەسئولیەتتان ناكەم؟**

وەڵامی نەدایەوە.

من لەوی خۆم عمید بووم قاعدی حەملەكە عقیدبوو، عقید فوئاد.

گۆران/ كوردبوو ؟

فەتاح بەگ/ نا عەرەب بوو.

تكام لێكرد كە ڕێگەبدات ئەو خەڵكە بێنە خوارەوە. وتی ئەوەی دێتە خوارەوە با بێت.

ئەوەبوو بروسكەیەكی كرد بۆ فەیلەق،پاشان وتی موافەقەت هاتوەتەوە كە بیانبەن بۆ مجەمەعی سمود لەوی نیشتەجێیان كەن.

پاشان ئێمە چوینە ناوەوە بۆ قولیجان ،ئێمە ئەماندی گوندەكانیان بەشۆفلّ دەروخاند ،من شۆفلّم نەبوو تا گوند بروخێنم.حكومەت دەیڕوخاندن.

دەمێك ئێمە چوینە قولایی ئەم خەڵكانە لێرە مابوونەوە، نەچوونە ناو مجەمەعەكان.

**گۆران/ نەچوون یا نەیانبردن و بەڵێنی درۆیان پێدابوون؟.**

فەتاح بەگ/ نازانم

لەولاشەوە حكومەت زانیاری وای وەرگرتبوو كە ئەمانە دژی حكومەت چەكیان هەڵگرتووە.

ئیتر داویی سواریان كردن و بردنیان ،نازانم بۆ كوێیان بردن.

**گۆران/ یانی نەتدەزانی كە بۆكوێیان دەبەن؟**

فەتاح بەگ/ نە بە پێغەمبەر.

**گۆران/ نەتدەزانی كە بۆ مەرگیان دەبەن؟**

فەتاح بەگ/ نە بە تەلاقم نەبە مەلائیكەت نە بە قورعان نەمدەزانی.

گۆران/ئاخر ناچێتە ئەقڵەوە كەسێك وەك تۆ لە پۆستێكی وا هەستیارداو خاوەن ٥٠٠٠ چەكدارو لەناو جەرگەی ڕووداوەكاندا بیت و نەزانیت ئەو خەڵكە بۆ كوی دەبەن.خۆ بۆ سینەمایان نەدەبردن،حەتمەن زانیوتە بۆ كووشتنیان دەبەن.

فەتاح بەگ/ ئاخر پێشتریش٢٠ كەرەت كوردیان بردە عەمارەو ناسریەو هێنانیانەوە.

گۆران/ ئەمەیان جیاوازبووە ،خۆ چەند كەسێك نەبوون نەفییان بكەن ،١٨٢ هەزار كەس بوون.

خەڵك لەناو شارەكان بزانن كە ئەوانە بۆ كوشتن دەبەن و هەوڵی ڕزگاركردنیان بدەن ،وەك لە چەمچەماڵ ڕوویدا، چۆن تۆ لەناو ڕووداوەكەبوویت نەتزانیوە بۆ كوێان دەبەن؟

فەتاح بەگ/ من چیم دەتوانی بكەم ،پێم وتبوون مەیەن. ئێوە بەزۆر ئەتانەوێ ماڵ ئێمە كاولكەن{لێرەدا كەمێك هەڵچوو}

ئێو دائەنیشن هیچ ناكەن ئیلا قسەنەبێت،نەپێشمەرگەیتان كردووە نەهیچ.

لەوەزیاتر هیچتان نیە ئیتهامی عالەم دەكەن و خۆتان دەكەنە كورد.

گۆران/ وەڵا كوردم خۆ هندی نیم، لەوش گرنگتر بەرەی میللەتەكەمم جێنەهێشتووە، وە من ئیتهامت ناكەم تەنها پرسیاردەكەم.

فەتاح بەگ/ ئەی بۆ باس ئەوە ناكەیت كە ئەرزاقم بۆ هەزارەها پێشمەرگە ودێكان ناردوە و خزمەتم كردوون؟ تۆ هەرئەوە دووبارە دەكەیتەوە دەلێیت تۆ زانیوتە بۆكوێیان دەبەن .پێغەمبەرم كافر بێت گەر زانیبێتم بۆ كوێیان بردوون. ئاخر پرسیارەكانت زۆر بریدارکەرن.

من ٧٠٠ ساڵە مێژووم هەیە ئەو مێژوە ون ناكەم ،من عەشیرەتم هەیە مێژوم هەیە بەرامبەر بەچی ئەو مێژوەم ون بكەم.

گۆران/ من نەهاتووم محاسەبەی تۆ بكەم من ڕۆژنامەنووسم ئەركی خۆم بەجێدەهێنم .

فەتاح بەگ/ تۆ بێ ویژدانی دەكەیت لە پرسیارەكانتا.

گۆران/ بێویژدانی ناكەم بەڵام پرسیارێك دەكەم كە خۆم دەمەوێت نەك پرسیارێك بە دڵی تۆ بێت.جا لەوانەیە ئەو پرسیارە لای تۆ محرج بێت .

وەك بەر لە چاوپێكەوتنەكە وتم گەر پرسیارێكت بەڵ نەبوو دەتوانیت وەڵامی نەدەیتەوە ،جائێستاش دووبارەی دەكەمەوە .هەرپرسیارێكت بەدڵ نەبوو وەڵامی مەدەرەوە.

فەتاح بەگ/ بۆ وەڵام نەدەمەوە ،گەر وەڵام نەدەمەوە مانای وایە لەسەر خۆم

ئیسپاتی دەکەم.
گۆران/ سەدامت دیوە؟
فەتاح بەگ/ بەڵێ
گۆران/ چەندجار؟
فەتاح بەگ/ دەمێك وەزیربووم دیومە.{مەبەستی ئەمینداری گشتی کشتوکاڵە}
گۆران/ ئەی ئەوکاتەی کە موستەشاربوویت؟
فەتاح بەگ/ نەمدیوە.
وەزیریەکەش لەبەرخاتری عەشرەتەکەم کردم نەك بە خواستی خۆم ،
چونکە هەر عەشرەتێك وەزیرێکی هەبوو ئێمە نەمانبوو ،ئیتر منیش بووم بە ئەمینداری گشتی کستوکاڵ کە پلەی وەزیری هەبوو.
گۆران/ چۆن حوکمی سەدام هەڵدەسەنگێنیت؟
فەتاح بەگ/ حوکمی سەدام مێژووە ،من ناتوانم هەڵیسەنگێنم. خۆت نازانیت چۆن بوو؟
گۆران/ من دەزانم چۆن بوو دەمەوێت لەدەمی تۆوە بیبیستم کە چۆن بووە.
فەتاح بەگ/ خۆت لەمن باشتر دەزانیت چۆن بوو.
گۆران/ بەڵام دەمەوێت لەتۆش ببیستم کە چۆن بووە.
فەتاح بەگ/ دەتەوێت بڵێم عادل بووە ،نە عادل نەبوە.
گۆران/ هەر هێندە دەڵێیت کە عادل نەبووە؟ئەوە هەموو هەڵسەنگاندنتە بۆ سەددام؟
فەتاح بەگ/ ئەی چی بڵێم ؟پیاوکوژبوو، قاتل بوو.چی دەڵێیت ئەوەبوو.ئەو خۆی ئیعتراف کرد کە هەموو شتەکان بە فەرمانی خۆی بووە. خۆی وتوویەتی فلان کەس من کوشتوومە بەڵام ئێوەدەڵێن موستەشار کووشتویەتی.
بڕوات بێت لاوزترین و بێ کەسایەتی ترین کەس بەرامبەر سەدام، موستەشارەکان بوون.لاوازترین مرۆڤ بەرامبەر بە سەرکردە حیزبی و سوپاییەکان ئێمەبووین.

گۆران/ گەر هێندە لاوازبوون بۆ کردتان؟بۆ قەبوڵتان کرد شەخسیەتان بشکێنرێت؟
فەتاح بەگ/ کورە خزمەتمان کردوە، ملیۆنەها گەنجمان لە مردن رزگار کردوە.
خەڵك بێویژدانە هەر دەڵێن بیکوژە بیشێلە ،ناڵێن فەتاح بەك ئەمەی کرد ئەوەی کرد، یارمەتی خەڵکی داوە، لە کەمیندا خەڵکی نەجات داوە.پێشمەرگەم گرتووە کردومەتە چەکدارو پاشان مەرخەسم کردوە.ئەی گەوادێك ئەم شتانە دەڵێت؟ نایڵێت
من دەزانم بەم چاوپێکەوتنە قاپیەکم لەسەر دەکەیتەوە هەزارەها کەس لەسەرم دەنووسن.
من بە زۆرێك لە مەسولینی کوردم وتووە ،ئەم وشە پیسەی چاشێتیم قەبوڵکردووە،لەبەر ئەوەی خزمەتی قەومەکەم بکەم.
بەنەزری تۆ من ئەمەم بەرامبەر بە چی کردبێت؟هیچ پاداشتێکم وەرنەگرتوە ،تائێستاش خانوویەکی خۆمم نیە هیچم نیە،کەواتە کاتێك تۆ دەڵێیت من چەند هەزارکەسم تەسلیم کردوە دەبو لە پاداشتیا مەکسەبێکم دەست کەوێت.
تەنانەت دوای ئەنفالیش فەوجەکەمیان کەم کردوەو و خۆشم ئەفسەربووم دەریانکردم.
پاشان کتابێك هات نووسرابوو، کێ غەدری لی کراوە با چاوپیاخشانەوەی بۆ بکرێت ،ئیتر منیشیان گەڕانەوە بۆ سوپاو بۆ ڕوتبەکەم.
گۆران/ پەیوەندی ژێربەژێرت لەگەڵ مام جەلال هەبووە؟
فەتاح بەگ/ لەگەڵ شەسی خۆی ؟
گۆران/ بەڵی
فەتاح بەگ/ نەخێر نەمبووە.
گۆران/ ئەی لە گەڵ کەسانی خوار ئەو، بۆنموونە نەوشیروان مەستەفا؟
فەتاح بەگ/ نا نەمبووە.
گۆران/ ئەی نامە گۆڕینەوە؟
فەتاح بەگ/ نا بەڵام من لە ڕێگەی جەماعەتەکانمەوە پەیوەندیم پێیانەوە هەبووە.
گۆران/ چۆن؟
فەتاح بەگ/ بۆ نمونە دەمزانی کە فلان کەس لە فلان رەبیە پەیوەندی بە پێشمەرگەوە هەیە و خواردن و ئەرزاقیان بۆ دەنێرێت ،منیش چاوپۆشیم لێدەکردو قسەم نەدەکرد ،یانی ئەم جۆرە پەیوەندیانەم هەبووە.
بەڵام ڕاستەوخۆ پەیوەندیم لەگەڵ هیچ سەرکردەیەك نەبوە.
گۆران/ دەمێك موستەشاربوویت هەوڵت نەداوە پەیوەندی لەسەر ئاستی سەرەوە دروست بکەیت؟
فەتاح بەگ/ نەخێر.
گۆران/ بۆ؟
فەتاح بەگ/ نەمکردووە.
گۆران/ بۆ لەخۆت دەترسایت؟
فەتاح بەگ/ ئەرەوەڵا لەخۆم دەترسام ئەی چۆن ئەمانە زاڵمبوون.بی ویژدان بوون ، گەر بیانزانیایە پەیوەندیم هەیە ئیبادەیان دەکردم.نەخۆم نە منداڵیان نەدهێشتم.
گۆران/ بڕوات بە یاسا هەیەو ڕێزی لێدەگریت؟
فەتاح بەگ/ بەڵێ
گۆران/ پرسیارەکی پێشوو دووبارەدەکەمەوە.گەر بارودۆخی کوردستان ماوەیەکی تر گۆرا، نازانم کەی دەگوڕێت،بەڵام گەشبینم هەر دەگۆڕێت، بەجۆرێك کە هیچ حیزبێك دەسەڵاتی پشتگیری و داڵدەدانی ئەم ناوانەی نەبێت

کە لەم لیستەدا هاتوون و داوکران بۆ دادگا کە یەکێکیان تۆیت، دەچیتە بەردەم دادگاو لەوی داکۆکی لەخۆت بکەیت؟

فەتاح بەگ/ بەڵی دەڕۆم و ملکەچی یاسادەبم.

گۆران/ ئەم پرسیارەم بۆیە کرد ،چونکە کاتی خۆی تاونباری ئەنفال نزار خەزرەجی لە دانمارك کەوتەبەردەم دادگا، هەر پرسیارێکیان لێدەکرد سەبارەت بە رۆڵی لە ئەنفالدا هەرجارەی پاساوێکی دەهێنایەوە ،دەمێك دەیوت من ئاگادارنەبووم ،قاتعی من نەبووە ،لەو کاتەدا من لە مۆڵەتبووم،نەخۆشبووم، من فەرمانم نەداوە بۆ ئەو کارە .یانی وای لەخۆی کرد کە لەئەنفالدا هیچ رۆڵی نەبووە.

گۆران/ گەر ئەو دادگایە لە ئایندەدا سازبوو ئایا تۆش وەك ئەو پاساو ناهێنیتەوە؟

فەتاح بەگ/ من نەم وتووە فلان شوێن قاتعی من نەبووە ،یا نەرۆشتوم یا لەوێنەبووم.

بەلام پێیان وتم گەر نەرۆیت بۆ جەنگ ئیعدامت دەکەین.

گۆران/ کێ وای پی وتیت؟

فەتاح بەگ/ قائید فەیلەق.

وتم نارۆم ،ئەمە زۆر گرنگە گوێ لێبگریت گەر ویژدانتان هەبێت.

گۆران/ وەلا بەشی خۆم ویژدانم هەیە.

فەتاح بەگ/ وتم گەر ئیعدامم بکەن نارۆم ئەمە قەومی منە ناچمە ناویان

وتی باشە بە جۆرێك برۆ جلە سەربازیەکانت بکە بەر.

گۆران/ ناوی ئەو قائید فەیلەقە چی بوو؟

فەتاح بەگ/ عبدولعنان کریم

پاشان خەبەرم دایە مام جەلال وکمال موفتی، کوشتیان.

گۆران/ کەس ئەو جورئەتەی هەبوو بە قائید فەیلەقێك بلێت نارۆم بۆ شەڕ؟

فەتاح بەگ/ ئا من دمتوانی ،من عەشرەتم لەپشتبوو.٥هەزارکەس لە چواردەورم بوون. وەلا وتی ئیعدامت دەکەم، وتی تۆ لە جەعفەر بێسفتی زیاتر نیت.

وتم ناتوانیت تۆ من ئیعدام بکەیت، گەر جەعفەر هەڵەیەکی کردووە من هەڵەم نیە.

دوایی بەچی ئیقناعی کردم سەگبابە، وتی کوری باش جلە سەربازیەکەت لەبەرکەو رووتبەکەت ببەستە وبرۆ لەوی رێگەمەدە سەربازی عێراقی تەعدا لە ژن و کچی قەومەکەت بکەن.

بەهەقی لائیلاهە ئیلەڵا بەوجۆرە ناردمی ئەگین ئیعدامیی بکردمایە نەدەچووم.

بەخوا ئەوە حەمەی مارف شاهیدە لە ئەفسەرم داوە،ئەفسەرێك هات ٥٠ بەرمیل گازویل ببات کە هی پێشمەرگەبوو جێمابوو ،وتم ناتوانیت بیبەیت هی عەشرەتەکەمە ،وتی دەیبەم منیش دامە بەرشەق ،هەزارشەقم تێهەڵدا.

گۆران/ تۆ پێشتر وتت ئێمەی موستەشارەکان بێنرخترین و سوکترین کەس بووین لەبەردەم بەرپرسە سەربازی وحیزبیەکاندا ،ئەی چۆن توانیت لەرووی قائید فەیلەقدا بوەستیت و ئەفسەریکیش بدەیتە بەر شەق؟

فەتاح بەگ/ ئاخر من توانام هەبوو، پشتم هەبوو، عەشیرەتم لەپشت بوو .

گۆران/ بۆ بەرای تۆ ئەوان حسابیان بۆ ئەو جۆرە شتانە دەکرد؟

فەتاح بەگ/ ئەی چۆن نەیاندەکرد .

گۆران/ چەند سەرۆك جاش و مۆستەشار لە کوردستان هەبوون ؟

فەتاح بەگ/ نزیکەی ٣٥٠ کەسبوون.

گۆران/ ئەی سەرجەم چەکدارەکانیان چەندبوون؟

فەتاح بەگ/ ٣٧٠ هەزار بۆ ٣٨٠ هەزاردەبوون .

گۆران/ لەم ٣٥٠ کەسە لە موستەشارو سەرۆك چاشەکان ،چەندیان بە تاوانبار دەزانیت ،بە رێژە ؟

فەتاح بەگ/ هەبوو لە نێوانیاندا بێ ئەخلاق و ئەدەب سز.

گۆران/ دەتوانیت چەند ناوێك لەوانە بلێیت؟

فەتاح بەگ/ ئێوە خۆتان کەوادرتان هەیە دەتوانن پرسیاربکەن و بیان دۆزنەوە.

گۆران/ من کادرم نیە ،رۆژنامەنووسم.

فەتاح بەگ/ منیش بۆم نیە ناوی کەس بهێنم.

عەشرەتەکەم ، خێزانەکەم ،قەومەکەم رێگەم نادات بچم خەبەر بدەم و ببمە موخبر.

گۆران/ یانی دەزانیت کەسانی بێبەزەیی و بێئەخلاق لە نیو سەرۆك جاش و موستەشارەکاندا هەبوون؟

فەتاح بەگ/ بەڵی مەعلومە

گۆران/ چەند دەبوون، زۆرینە بوون یا کەمینە؟

فەتاح بەگ/ نازانم چەندبوون

گۆران/ باشە ئەم کارانەیان لە ئەنجامی دڵسۆزیانەو بووە بۆ سەدام یا هۆکاری تر هەبوو؟

فەتاح بەگ/ نەوەڵا هەرخۆیان بێئەدەب بوون. تاکە پێڵاویکی تۆ رێزی زیاتری هەبووە لای بەعس وەك لەوان.

گۆران/ لە سیاسەتدا ئەدەبسزی رۆڵ نابینێت .یا دڵسۆزی پاڵی پێوەناون خراپە بکەن یا پارە .بەرای تۆ کامیان بوە؟

فەتاح بەگ/پارە نەبووە ،هەر ئەوەبووە هەر یەك لەوانە ویستوویەتی خۆی بەرێتە پێشەوە و پاشان کارێکی پێ

بسپێرن.لەوەزیاتر نەبووە.
گۆران/ گەر لە دادگا دەرکەوت کە تاوانباریت ،ئامادەیت داوی لێبووردن لە میللەتەکەت بکەیت؟
فەتاح بەگ/ بە فەخری دەزانم داوای لێبووردن لە قەومی خۆم بکەم.
گەر هەڵەم کردبێت بێگومان داوی لێبووردن دەکەم .
بەڵام من خۆم بە هەڵە نازانم. دیارە ئەو کاتە شاهید زۆر دەبن ئیتر ڕاستی شتەکە بەدیار دەکەون.
گۆران/ بێگومان تاوانباریت یا بێتاوانیت کاتێك بەدیاردەکەوێت کە بەبەڵگەوە لە دادگایەکی بێلایەندا دادگایی بکرێیت.
فەتاح بەگ/ ئێ ئەو دەمە منیش ئامادەم بۆ ئەو دادگاییە.خۆ ڕاناکەم
چەند ساڵێك تەمەنم ماوە شەریف ترە بۆم لە سجندابم لە جیاتی ڕابکەم یا خۆم بشارمەوە.
گۆران/ ئاگات لە مەسەلەی قاسم ئاغا هەیە؟
فەتاح بەگ/ بەڵی متابەعەی دەکەم .
گۆران/ ئەویش دەڵێت یارمەتی خەڵکم داوە، ئیشم بۆ پارتی کردووە و هەموومان پارتین.چی دەڵێیت لەوبارەوە؟
فەتاح بەگ/ درۆدەکات.
فەتاح بەگ/ بەڵام ئەمە چ ڕەبتێکی بە نەوە هەیە؟
گۆران/ دەزانم ڕەبتی پێتەوە نیە بەڵام وەك پرسیارێك بە خەیاڵمدا هات.
فەتاح بەگ/ من هەر دوژمنی عەرقی قاسم ئاغابووم کاتیکیش موستەشاربووم هەرگیز خۆشم نەویستوە.
گۆران/ لە ئێستادا پەیوەنیت لەگەڵ سیاسەتمەدارانی کورد هەیە ؟
فەتاح بەگ/ بەڵێ
گۆران/ لەسەر ئاستی بەرز؟
فەتاح بەگ/ بەڵی
گۆران/ هاتووچۆت دەکەن؟
فەتاح بەگ/ من خۆم چومە لای مام جەلال
گۆران/ کەی ؟
فەتاح بەگ/ ئەوەڵ ساڵ ،دووەمین ساڵ پاش هاتنەوەم بۆ ئێرە،
گۆران/ تەلەفۆنت بۆ دەکات یاتۆ بۆی دەکەیت؟
فەتاح بەگ/ نەخێر نەئەو دەیکات و نە منیش وە هیچ هاواکاریشم ناکات.
گۆران/ ئەی پەیوەندیت لە گەڵ هیچ کەسێکی سەرکردایەتی یەکیەتی یا پارتی هەیە؟
فەتاح بەگ/ نا لەگەڵ هیچ کەس نیمە.
هەموو ئازادیەکم هەیەو ڕێزم لێدەگرن ،لە خۆم و لەبنەماڵەکەم
گۆران/ ئەی هەوڵت نەداوە پەیوەندی درووست بکەیت لە گەڵیاندا؟
فەتاح بەگ/ نەخێر
گۆران/ بۆ؟
فەتاح بەگ/ ئەی بۆ بیکەم؟ تۆ گوێڕاگرە.
گۆران/ گوێم گرتووە
فەتاح بەگ/ تۆ جەنابت لە دانیمارکەوە هاتوویت و ئەوەندە خاڵت بۆ من هێناوە بەرامبەر من دانیشتوویت ،ئەی ئەو مەسئولێکە چی بڵێت.تازە خۆم بەرمە پێشەوە ؟ئەی ناڵێت ئەم کابرایە چی گەرەکە و هەدەفی چیە.
گۆران/ من بۆیە ئەو پرسیارەم کرد چونکە تۆ سەرۆك عەشرتی جافیت ناسراویت لە ناچەکە ، ئەو بەرپرسانەش حەزدەکەن لەگەڵ کەسانی ناسراودا پەیوەندی ببەستن.
فەتاح بەگ/ ڕاستە من سەرۆك عەشیرەتی جافم بەڵام ئێمە هەوڵەدەین هەموو بەرەو کوردایەتی بڕۆن، بۆ کرد دەنگ بدەن، خیانەت لە کورد نەکەن .
گۆران/ ئەی لێرە لە کەلار پەیوەندیت لەگەڵ یەکیەتی و پارتی هەیە؟
فەتاح بەگ/ هەموویان دەناسم بەڵام هامۆشۆیان ناکەم.
گۆران/ ئەوانیش هامۆشۆت ناکەن؟
فەتاح بەگ/ وەڵا هاتوونەتەلام.
گۆران/ بۆ نمونە کێ ؟
فەتاح بەگ/ ناوی خەڵك بۆ بهێنم.
گۆران/ فەتاح بەگ بە چی دەژی؟
فەتاح بەگ/ ئەزانی بەچی دەژیم؟ئیمڕۆ تەلەفۆنیان بۆ کردم کە خانەنشینیەکەم دەرچووە.
گۆران/ لەکوێ؟
فەتاح بەگ/ لە بەغدا
گۆران/ ئەی پێشتر بە چی دەژیایت؟
فەتاح بەگ/ ئەفسەری خانەنشین بووم.
گۆران/ ئەی تۆ دەڵێت ئێستا بۆم دەرچووە.
فەتاح بەگ/ من دوو خانەنشینیم هەیە.
گۆران/ چین؟
فەتاح بەگ/ هی عەمیدی هەم هی وەزیری.
گۆران/ یانی دوو خانەنشینی وەردەگریت ؟
فەتاح بەگ/ نا گەر ئەمە سەربگرێت ئەوی تریان دەسڕمەوە.
گۆران/ کامیان زۆرترە؟
فەتاح بەگ/ تەبعەن ئەوی وەزیریەکە زۆرە کە ئێستا بۆم کراوە.
جگە لەمەش ئەرزی باوباپیرم هەیە ،دوکانم هەیە،
گۆران/ تۆ پێشتر ووتت هیچم نیە لەم وڵاتەو تەنانەت خاوەنی خانوویەکیش نیم.
فەتاح بەگ/ نا ئەرزی زەراعیم هەیە کە لە باپیرەم بۆم ماوەتەوە.خۆ لەسەر ئەوەش محاسەبەم ناکەیت؟
گۆران/ بەڵام بەمیرات بۆ تۆ ماوەتەوەو ئێستا هی تۆیە، وانیە؟
فەتاح بەگ/ ئەوە دوو مانگە بووەتە هی

خۆم .

**گۆران/ ئەی لەوەوپێش هی کێ بوو؟**

فەتاح بەگ/ بەدەست فەلاحەوە بوو نەیاندەدایەوە پێم.

هەتا داویی بە پارە ڕازیم کردن و گەراندیانەوە بۆم.

گۆران/ لەلایەن یەکیەتیەوە مووچەت هەیە؟

فەتاح بەگ/ نەوڵا یەك دینارم نیە.

گۆران/ دەنگۆی ئەو هەیە مانگی ٥٠ ملیۆن دینار لە یەکیەتی وەردەگریت بۆ خۆت و حیمایەکانت؟

فەتاح بەگ/ گوو بەقەوری باوکی ئەوکەسەی ئەوەی وت.{پێکەنین}

فەتاح بەگ/بەچ مناسەبەتێك دەمدەنێ؟

گۆران/ بەوەی بە هەموو موستەشارەکانی تر دەدەن ئیتر بۆ بە تۆشی نەدەن.

ئەی نازانیت زۆر بەی موستەشارەکان موعەزەزوموکەرەم دانیشتوون خەرجی خۆیان و دیوەخان و حیمایەکانیان لە ییەکەتی و پارتی وەردەگرن؟

فەتاح بەگ/ئاخر من مراجەعەتم نەکردوە کە پێم بدەن.

گۆران/ بۆ ؟

فەتاح بەگ/ ئەزانی بۆ

گۆران/ نەخێر

فەتاح بەگ/ من ڕێزی خۆم گرتووەو لێرە دانیشتووم، ئیستا بڕۆم تەلەب بکەم و پارەم پێبدەن ،ئەوە خۆم بچوك دەکەمەوە.لەبەر ئەوە نەچوومەو تەنازولم نەکردووە.

گۆران/ یانی بەهیچ جۆرێك پارە لەیەکیەتی وەرناگریت؟

فەتاح بەگ/ نا بەشەرەفی من و تۆ وەری ناگرم، ڕوبعە دینارێکی کوردسانم وەرنەگرتووە.

گۆران/ کەواتە خەرجی خۆت و حیمایەکانیشت لەگیرفانی خۆت دەردەجێت؟

فەتاح بەگ/ بەڵێ پارەی حیمایەکانیشم خۆم دەیدەم.

گۆران من پرسیارم نەما.تۆ گەر شتێکت هەیە بیڵێ

فەتاح بەگ/ شتی چی بڵێم تۆ هاتوویت مەحکمەم دەکەیت.

گۆران/ نا من مەحکەمەی کەس ناکەم تەنها پرسیار دەکەم.

فەتاح بەگ/ دڵنیابە گەر ١٠ کوردی وەك من ڕاستەقینە بووایە یەکەس نەدەکوژرا لە کوردستاندا.

من پارە لە هیچ لایەك وەر ناگرم بەڵام هەموویان ڕیزم لێدەگرن،

ئەوەتە هاوسەرەکەم مامۆستایە و دەوام دەکات و بە پارەی ئەو دەژین،

گۆران/ دەڵێن قسە قسە دەهێنێت، با منیش هەندێك پرسیاری تر بەك

گۆران/ کەی گەڕایتەوە بۆ کوردستان ؟دوای ڕوخانی ڕژێمی سەددام بوو یا پێشتر؟

فەتاح بەگ/ هەر کە هاتمەوە چوومە لای مام جەلال،

گۆران/ کەی بوو ؟

فەتاح بەگ/ ٩,٣,٢٠٠٤

گۆران/ تا ئەوکاتە هەر لە بەغدا بوویت؟

فەتاح بەگ/ بەڵێ

گۆران/ دەزانیت ئەو بریارەی بەرەی کوردستان ئەوکەسانە ناگرێتەوە کە دوای ڕوخانی سەددام گەراونەتەوە بۆ کوردستان؟

فەتاح بەگ/ کێ ئەمری وای دەرکردووە؟ئایا دوو سەرۆکەکەنین عەفواتیان دەرکردووە ؟

گۆران/ من باس لە بڕیارەکە دەکەم.

فەتاح بەگ/ ئێ دەبا بێن بمانگرن.ملکەچین بۆ هەموو بڕیارێك.

چ دەقەیەك داوامان بکەن دەڕۆین.

تۆ دەڵێیت بڕیار لەوبارەوە هەیە.منیش دەڵێم سەرۆکەکان خۆیان ئێمەیان عافووکردووە.چوومەتە لایان ووتیان ئێمەخراپ بین تۆ خراپ نیت.

گۆران/ بەڵام هێندە بزانە شتێك هەیە پێی دەڵێن هەقی هاوڵاتی کە سەرۆکەکان بۆیان نیە مداخەلەی تێدا بکەن.

فەتاح بەگ/ ئێ دەباشە با کەسێك بێت بڵێت من کەلەشێرێکیم کووشتووە بێتە بەر قاپیم ،تابەیانی کراوەیە . ئەوەی تەلەبی لامە و کەسێکیم کوشتووە با بێت بمکوژێتەوە.

دەڵێن ٣٠ تەن بەڵگەنامە گیراوە ،گەر لەوانەدا ناوی من بە خراپە هاتووە یا دژی کورد شتێکم لەو بەڵگەنامانەدا نووسیوە با ڕەحمم پێنەکەن.

گۆران/ ڕاستە دەڵێن ئەوانەی فەتاح بەك کەسوکاری ئەنفالکردوون ناوێرن بەبەردەم ماڵەکەتا کووزەربکەن؟

فەتاح بەگ/ تۆ خۆت بەردەرگاکەت بینی خوا تەمەنت درێژبکات ، چەك بەدەستت دی لەبەر ماڵەکەمدا؟

گۆران/ من کە هاتم چەکدارم لەبەردەرگا نەدی .ئیتر نازانم بۆ کاتەکانی تر.

فەتاح بەگ/ بەشەرەفم ئەرۆمە دێهاتەکان کاورم بۆ سەردەبڕن،

گۆران/ یانی بە ئارەزووی خۆت هاتووچۆ دەکەیت؟

فەتاح بەگ/ ئەرەوڵا بەئارەزووی خۆم دەگەڕێم،دەچمە ملەسوورە لەوی حەیوانم بۆ سەردەبڕن.

گۆران/ لەبەر ئەوەنیە کە ئەوانە لە عەشیرەتی جافن بۆیە ڕێزت لێدەگرن؟

فەتاح بەگ/ نا نا دەزانن کە بێخەتام. ئەوان دڵنیان کە من بێخەتام.

گۆران/ ڕێکەوتووە لەگەڵ ئەو کەسانە دانیشیت کە کەسوکاریان ئەنفالکراوە؟

فەتاح بەگ/ شەورۆژ هام لە تەکیانا.

گۆران/ لەکوێ؟
فـەتاح بـەگ/ لـە ملەسـووره ،لێـره ،لەکەلار.لە سمود.
هەرکەسێکیان لیدەمرێت پاش کاتـژمێرێك دەچم بۆ پرسەکەیان.
هەفتەی ٣ جار دەیانبینم.
جاری واهەیە نیوەشـەو بـە سـەیارەکەم دەچمەدەرەوە و دەگەڕیم.
لەبەر ئـەوەی هـیچ لـە خـۆم شـك نابـەم و کەسـێك نیـە لـە کوردسـتان وعێـراق تەلەبێکی لام هەبێت.
گۆران/ بەڵام تۆ لە داگای بـاڵای تاوانـەکان داواکراویت.
فەتاح بەگ/ ئەوەهیچ نیە ،ئەوە عامە
گۆران/ چۆن هیچ نیە داداگای دەوڵەتێکە بەناوی دەوڵەتی عێراق.
فـەتاح بـەگ/ ئـەوان هەرچـی موستەشـار بووە خەتێکیان بە ژێر ناوەکەیدا هێنـاوەو خستوویانەتە لیستەکەوە. دەبێ ئیسپاتی بکەن کە ئێمە تاوانبارین.
گۆران/ ئەی نازانیت کە ئـەو دادگایـە داوی لەدەسەڵاتی کوردی کردووە کـە ئێوەیـان تەسلیم بکەن؟
فەتاح بـەگ/ دەبـا تەسـلیمان بکـەن ،خـۆ ئێمە عاسی نابین
هـەر کاتێـك داوامـان بکـەن بەسـەر ئـەم چاوانە ئامادەم.
مـن دووسـاڵ تەمـەنم مـاوە بـا لـە سـجندا بیبەمەسەر.
دڵنیابە لێرەوە بیگرە تا زاخۆ کەسێك نیـە فـەتاح بـەك بووبێتـە سـەبەبی کوشـتنی منداڵێکی.یا خبەرم لەکەسێك دابێت.
بەپێچەوانەوە کتـاب هەیـە لەسـەر مـن لـە ئـەمنی سـلیمانیەوە بۆ ئـەمنی بەغـدا کـە سەرحەدی خەلیفە یونس ناردی بـۆم تێـدا نووسراوە {
ئێوە فەتاح بەگتان ناردووە بۆ ئـەم ناوچـەیە تـا پێـشمەرگە لـەناو بەرێت،بـەڵام بووەتـە هۆکاری گەشەکردنی پێشمەرگە لـە دەڤـەری قەرەداخ و گەرمیاندا.}
ئـەو نامەیـە مـەوجودە و بـڕۆن قورئـانی سەرحەد بدەن.
با باسی شتێکی ترت بۆ بکەم. منیان برد بـۆ لەسێدارەدان
گۆران/ چ ساڵێك بوو؟
فەتاح بەگ/ ساڵی ٩١ بوو.
پاشـان بـە بڕیارێـك کـە بـۆ هـەموو موستەشارەکان دەرچـوو منیـشی گرتـەوەوو لـە ئیعـدام ڕزگـارم بـوو. ٣٠ دانـە ڕۆژ لـە ئینفرادی بووم لە شوعبەی ٥
گۆران/ هۆکارچیبوو؟
فـەتاح بـەگ/ هۆکـار ئـەوەبوو کـە گوایـە لـە ڕاپەڕیندا من کەلارم تەسلیم کردووە.
منیش ووتم ئەی کەرکوك کێ تەسلیمی کرد؟
لە ڕاپەڕینـدا پێـشمەرگەهات یـەك مقاوەمـەم نەکرد.
گـۆران/ بـۆ وەك زۆرێـك لەموستەسـارەکان تۆش لـە کوردسـتان نەمایتەوەو،چوویت بـۆ بەغدا بۆ ژێر دەسەلاتی سەددام؟
فەتاح بەگ/ ئەوە زرووفی تایبـەتی قەومەکـەم بوو.
کەسوکارووخێزانەکەم لە بەغدابوون ،گەرلێرە بوومایە ،هەموویانیان ئیعدام دەکرد.
ئـەنا بـەخوا نەدەراۆشتم سـی جـار حەمـەی حاجی محمود هات بۆلام بۆ ئەو مەسەلەیە.
من و شێخ تەیب و حەمەی عیسا ئەمانـە لـە بەغدا گیراین .بـە فـەرمانی علـی حەسـەن و سەددام گیراین کە گوایە خیانەتمان کردووە.
پاشان دووساڵ لە بەغدا بیکار مامەوە.
گۆران/ ئەی بە چێ دەژیایت؟
فەتاح بەگ/ هەندێ کەلوپەل و فەرشم هەبوو فرۆشتمن.
لەوانەیـە کـەس بروانـەکات کـە چـوومە بەغدا ٥٠ هەزار دینارم پێبوو.
دوای ٦ مانگ نەمتوانی پـارەی کارەبـای ماڵەکەشم بدەم.بۆیـە چـوومە لای نـوری حەدیـسی ،ئـەو دەمـە ئەنـدامی قیـادەی قـوتری بـوو ،لـە ئەفـسەریدا لـە هـەمان دەورەی من بوو یەکترمان دەناسی.
ووتم پێـی بێکـارم بـەڵکو کـارێکم بـۆ بدۆزیتەوەه.
وتی ئەی چۆن تۆ مووچەت نیە؟ ٨ ساڵ موستەشاربوویت.ووتم نەوەڵا هیچم نیـەو مووچەکەیان بڕیوم.
ئەوەبوو گەڕانمیەوە بـۆ ئەفسەریەکەم و کردمیـە موستەشـار لـە ریکخـراوە جەماوەریەکانـدا.پاشـان بوومـە ئـەمین عامی وەزارەتی زەراعـە .ئـەوەش وابـوو لەعەشرەتی جاف یەکێکیان دەویست بۆ ئـەو پۆسـتە ،کەسـیان نـەدۆ زیـەوە مـن نەبێت.
منیش لەسـەرتا نەمدەویست بیکـەم وتم سیروان بکەن یا ناچی بکەن بە ئەمینـدار ،لە کۆتاییدا نـاوی مـن هاتـەوە بـۆ ئـەو پۆستە.بی وەی هیچ واستەیەك بکەم .
گـــۆران/ دەڵـــێن ســـەرۆك فـــەوج و موستەشـــارەکان پارەیـــەکی زۆریـــان دەست دەکەوت ،بەوەی زۆر کەس نـاوی هەبووە لە فەوجە خەفیفەکانـدا بـەڵام نەچـەکی هەڵـدەگرت و نـە مووچەشـی وەردەگرت .هەموو مووچەکان دەچوونە گیرفای مووستەشارەکانەوە.
یاخود سـەرۆك جاش و موستەشـارەکان لەهەر چەکدارێك ڕێژەیـەکیان بـۆ خۆیـان لەموچـەکانیان دەبـڕی، چـی دەڵێـت لەوبارەو؟

فەتاح بەگ/ برۆ پرسیار بکە گەر لە ٥ دیانر زیاتر لەکەسم وەرگرتبێت،

ئەو کورە لێرە دانیشتووە باوکی لام فەوجی هەبووە برۆ لە باوکی بپرسە بزانە لەو ٥ دینارە زیاتر هیچم لەکەس وەرگرتووە.

باوکی ئەم کورە کە لێرە دانیشتووە ٩٠کەسی هەبووە پارەی هەر ٩٠ کەسەکەی لەمن وەردەگرت ،منیش یەکی ٥ دینارم لێدەبرین بۆ بەرتیلدان بە ئەمن و جەیش ومخابەرات و کەسی تر.

خۆم مانگانە ٨٠٠٠ دینار مووچەم بوو زۆر جار لەو مووچەی خۆمم خستووەتەسەری.

گۆران/ یانی تۆ ٥٠٠٠ چەکدارت هەبووە، لەهەر کەسێك ٥ دینارت وەرگرتبێت ئەوە دەکاتە ٢٥٠٠٠ دینار جگە لە مووجەکەی خۆت .ئەمەت بۆچیبوو؟

فەتاح بەگ/ ئەوە بۆ سەرفیاتی حەرکات و بنزین و خواردن و واجباتی تاریئ وهەندێ شتی تربوو.وەك بەرتیل لەوانە بەرتیلی ئامر لیواو کەسانی تر.

گۆران/ ئەی بۆ حکومەت مووچەی نەدەدانێ؟

فەتاح بەگ/ با چۆن بەلام کەداویان دەکرد یا دەمزانی کاتی بەرتیلدان هاتووە نەمدەتوانی نەیدەم ،تۆ وادەزانی ئێرە دانمارکە. لێرە سەربرین ملبڕین کوشتن هەبووە.

گۆران/ بەوقسانەت بێت هەموو پارەکەت بۆبەرتیل رۆشتووە.

فەتاح بەگ/ بەلّی وابوو.

بروات بێت لاوازترین شەریحە بەرامبەر بە حکومەتی عیراق موستەشارەکان بوون.

گۆران/ وەك پێشتر وتت سوکایەتیتان پێدەکرا وانیە؟

فەتاح بەگ/ من بەهۆی پلەسەربازیەکەمەوە کە عمید بوم ئیهانە نەدەکرام

بەلام زۆربەی موستەشارەکان زۆر ئیهانە دەکران ،بەخوا لەسەیتەرەکەی سلیمانی دایاندەگرتن و بەرشەقیان دەدان ، نەیاندەوێرا قسەبکەن.

بەلام من نا من تا ناو پارێزگا دەچووم.

گۆران/ کەواتە جاشایەتیەکە دادی نەدەدان؟

فەتاح بەگ/ نەولا

من تا ئێستا وەلامی کەسم لە رۆژنامەنووسان نەداوەتەوە، ئەمە یەکەم جارە وەلام دەدەمەوە. جا گەر دەزانیت کێشەم بۆ درووست دەکات بلاوی مەکەرەوە.

گۆران/ گەر براوت بەقسەکانی خۆت هەیەو بەراستیان دەزانیت ،ئیتر بۆ لە بلاوکردنەوەی دەترسیت؟

فەتاح بەگ/ ئاخر بێشەرەف زۆرە .

گۆران/ جا تۆ چیتداوە لە وانە ،با خەلك قسەبکات .

فەتاح بەگ/ وەلا گەر یەك قسەم لەمانە هەلّەبێت، خوا بێ حورمەتم بکات.

گۆران/ ریکخراوێك هەیە بەناوی چاودێری کوردۆ ساید{چاك} ئەوانە تۆیان ناوناوە میری ئەنفالچیان ،چی دەلّییت لەو بارەوە؟

فەتاح بەگ/ جا با بلّێن.

دیارە تۆ بەر لەهاتنت وا تێگەشتبوویت کە فەتاح بەك قاتل و مجرم وپیاوکوژە.بەلام کە دێیتە سەر گۆرەپانەکەو دەمبینی دەزانیت وانیە.

گۆران/ من بۆ ئەوە نەهاتووم کەسایەتیت هەلّسەنگێنم،تەنها بۆ ئەوە هاتووم لە نزیکەوە بتناسم و وەك رۆژنامەنووسێك هەندێك پرسیارت ئاراستە بکەم.

فەتاح بەگ/ گەر میری ئەنفال بم چۆن دەتوانم لێرە بژیم و تەحەدای ئەم کورو کچە خوینگەرمەی کورد بکەم.

ئەوەتا بۆ خۆم دانیشتووم ،خواکورم بکوژێت گەر خزمەتم بە نەتەوەکەم نەکردبێت. بەلام ئەمانە هەمووی بووتە ناپێاوی بۆم.

ئەو کوشتارانە دەخەنە ملی ئێمە ، کە هەمووی سوپای عیراقی کردویەتی ،ئەوانە بەرد بە بەردی ئەم کوردستانە شارەزان.خۆ من رێگەم پیشان نەداون.

لەبری ئەوی دەسکەوتم هەبیت سزادرام بەوەی ١٥٠٠ کەسیان لە فەوجەکەم کەم کردوەو و پارەکەشم کەم کرایەوە.

برۆ لە شارەوانی کەلار بپرسە بزانە خانویەك هەیە بە ناوم.برۆ دائیرەی هاتووچۆی عێراق بزانە هیچ سەیارەیەك هەیە بەناوی من. کە سەدام پێی بەخشیبم.

گەر ئەوە ئیسپات بوو ئەوکاتە ٤ سیارەم هەیە بە بەلاش دەتدەمی.

گەر من هێندە پیاوکوژ و مجرم بم نابێت شتیکم کەسب کردبێت

من کە فەوجەکەم تەسلیم بە پێشمەرگەکرد فەرمانم کرد کەس تەقە نەکات ،ئەی ئەوە گالّتەیە. بەلام کەس باسی ئەم کارە باشانە ناکات.

ئەوکچە سەگبابە دەنووسێت فەتاح بەگ میری ئەنفالچیانە.

گۆران/ کام کچ؟

فەتاح بەگ/ ئەوەی تۆ پێشتر باست کرد.

فەتاح بەگ/ ئەوە کچ نیە رێکخراوە لە بواری ئەنفالدا کاردەکات.

فەتاح بەگ/ باشە ئەی ئەو رئکخراوە بۆ نالّیت فەتاح جاف فەوجەکەی لەگەلّ

٤٦٠٠ جەکدا تەسلیم بە بزوتنەوەی کوردکرد کە بووە هیزیکی ئیحتیات.
گۆران/ من ناتوانم لە بری ئەوان وەلامت بدەمەوە.خۆیان دەتوانن وەلامت بدەنەوە.
گۆران/ کیّ ئەو چەکانەی وەرگرت لیّت؟
فەتاح بەگ/ خۆیان بوون.
گۆران/ بەلاّم دەبێت کەسێك ئامدەبووبێت و ئەو چەکانەی ژماردبێت، ئەوجا واژۆی کردبیت، کە هێندە چەکی لە فەتاح بەگ وەرگرتوە، خۆ ئەم کارە بە گۆترە ناکریت.
فەتاح بەگ/ چوزانم حکومەتی پێشمەرگە وەری گرت .من لەوکاتەدا لێرەنەبووم،
من فەوجەکەم بە چەکەکانەوە جێهێشت و چوم بۆ بەغدا.
گۆران/ نازانیت چارەنووسی ئەو چەکانە چیبوو؟
ف،ب/ ها لای کورد لە کوردستان ها وەدەس سەربازی کوردەوە.
٤٦٠٠ تفەنگ ٦٠٠ قازیفە.٣٠ بیکەیسی،هەمووی بووە مولّکی شۆڕش.
گۆران/ هیچت وەرگرت لە پاداشتی ئەو چەکانەدا؟
فەتاح بەگ/ ئەوەتا حورمەتم هەیە و وریزم لیّ دەگرن.
گەر نەزانن خاترێکم هەیە چۆن ڕێزم دەگرن.
گۆران/ کام لا زیاتر ریزت دەگرێت یەکەتی یا پارتی؟
فەتاح بەگ/ وەلاّ هەردوو لایان.
من ئەو ڕێزە ئیستغلال ناکەم تا داوای پارەبکەم.یا سیارە یا داوی دامەزراندنی خەلّك بکەم.

گۆران/ گەر داواکاریت هەبێت بە بڕوای خۆت بۆت جێبەچیّ دەکەن؟
فەتاح بەگ/ ئەرەوەلاّ دەیکەن
خۆ من لە سەعە دڕکە کەمترنیم ،ئەو لێرە ئامر مەفرەزەیەکی من بوو ئێستا لەوی ١٢ حیمایەیان بۆ داناوە.
من ئیحراجیان ناکەم.چونکە گەر بۆم بکەن تۆو کەسانی تر لە ڕۆژنامەکان دەنووسن پارتی ئەمەی کردو یەکیەتی ئەوەی کرد بۆ فەتاح بەگ.هەر لەبەر ئەو ترسەیە هیچ وەرناگرم.
سوپاس بۆ ئەم دەرفەتەی پێتبەخشیم

# پۆلیسی هۆڵەندی هەوڵی زۆری دا ئەنفال و کیمیابارانکردنی هاووڵاتیانی کوردستان بە جینۆساید بناسرێت

**سازدانی عەلی مەحمود محەمەد، بە هاوکاری ئەندازیار و نووسەر و چالاکڤان نیهاد قازی کە سەدان کیلۆمەتر ڕێگای بڕی بۆ ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنە**

فرانس ڤان ئانرات یەکەم تاوانکار بوو لە بەرامبەر هاوبەشیکردنی لە ئەنجامدانی تاوانی مەزن بەرامبەر بە گەلی کورد دادگایی کراو بە شانزە ساڵ و نیو زیندانی سزا درا، بە تاوانی ئەنجامدانی تاوانی جەنگ.

لەم چاوپێکەوتنەدا گفتوگۆ لە گەڵ دووان لەو بەڕێزانەی پشکنینی جدیان لەسەر ئەو دۆسیەیە دوور لە چاوی کامێراکان و بڵاو کردنەوەی ناو وێنەیان ئەنجامدا ((کە لەم چاوپێکەتنەشدا نەمان توانی وێنەیان بڵاو بکەینەوە )).

پرسیار: پۆلیس لە کوێوە بەشداری پرۆسەی دادگاییکردنی فرانس ڤان ئانراتی کرد، ئیعازی لە کوێوە بۆ هات؟

وەڵام :پاش ئەوەی چاوپێکەتنی لە گەڵ تەلەفزیۆنی نێت ڤێرك لە ساڵی٢٠٠٣ دا ئەنجام دا،باسی لەوە کرد یارمەتی سەدامی داوە بۆ بە دەست خستنی چەکی کیمیاوی،لە سەر ئەو بنچینەیە دەستمان کرد بە ئەنجامدانی پشکنین لەسەر وتەکانی،دوایی رون بووەوە لە چەندین رۆژنامە و گۆڤاری دیکەش باسی کردووە و چاوپێکەوتنی ئەنجام داوە، ئەمە هۆکاری دادگاییەکە بوو.راگەیاندنی ئەمەریکیش پێشتر باسی کردبوو،بە پێی راگەیاندنی ئەمەریکی لە کۆتایی هەشتاکان،فرانس ڤان ئانرات مادەی کیمیاوی ناردووە بۆ ئێراق،لو بارەیەوە گومرگی ئەمەریکی زانیاری وردی بەخشی پێمان.

گومرگی ئەمەریکی دەستی کرد بە پشکنین لە خانوو کۆمپانیاکان ئانرات، لە دوای ئەم چاوپێکەوتنە زانیاری تەواو وەرگرترا لە سەر هەناردە کردنی مادەی کیمیاوی لە لایەن فرانس ڤان ئانراتەوە بۆ ئێراق. پۆلیسی هۆڵەندی زانیاری وردی لەسەر هەناردە کردنی مادەی کیمیاوی لە لایەن ڤان ئانراتەوە بۆ ئێراق لە ئامەریکا وەرگرت. تەنها ناردنی مادەی کیمیاوی نەك شتی دی، لەو چوار چێوەیە دۆسیەیەکی گەورە لە هەزاران بەڵگەنامە ئامادە کرا، موتابەعەی سەرجەم مەلەفەکە، کاغەز بە کاغەز، خاڵ بە خاڵ، بەڵگە نامە بە بەڵگە نامە بە وردی کرا. لە گەڵ پۆلیسی گومرگی هۆڵەندی گفتوگۆی چڕ ئەنجامدرا، لە سەر ئەو زانیاریانە،ئاشکرا بوو کە فرانس ڤان ئانرات لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە تاکو کۆتایی دەیەی هەشتاکان مەوادی ئەوەلی چەکی کیمیاوی هەناردە کردووە بۆ ئێراق. داوای ئەو مادە کیمیاویانەی کردووە دوو بەکار هێنەر بوونە، لە پیشەسازی سڤیل و درووست کردنی چەکی کیمیاوی بەکار هاتوونە. کۆی گشتی تەنها مادەی ( T D G) ١٤٠٠ تەنی بۆ عێراق پەیدا کردووە. بەم ئەنداوە زۆرە لە مادەکان زانرا ئەو مادانە بۆ کاری دیکە بەکار هاتووە نەك بۆ پیشەسازی سڤیل، واتا بۆ کاروباری سەربازی.

پسپۆرەکان لەو بوارەدا چاودێری مادەکانیان کرد، پشکنینیان لەسەر کردن بزانن ئەو مادانە چین و چۆن بەکار هاتوون وە بۆچی بەکار دێن؟.

لە ژاپۆن و ئەمەریکا زۆربەیان کرابوون، بە ئیتاڵیایا ڕەوان کرابوون بۆ بەندەری عەقەبە لە ئوردن لەوێشەوە بە ترێلە نێردراون بۆ عێراق و شاری بەغدا.

لێکۆڵینەوە لەسەر پرۆسەی چۆنیەتی ناردنی ئەو مادانە بۆ عێراق ئەنجام درا.لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٤ یاسایەك دەرکرا،بازرگانیکردن بەم مادانەوە قەدەغە کرا. پۆلیسی هۆڵەندی پەیوەندیکرد بە نەتەوە یەکگرتووەکان ( یونسکۆم) ەوە، بۆ ئەوەی بزانین چییان زانیووە لە سەر فرانس ڤان ئانرات و بازرگانیکردنی بە مادەی کیمیاوییەوە، ئاشکرایان کرد کە ١٤٠٠ تەن کەرەستەی خاوی مادەی کیمیاوی TDG هەناردە کردووە بۆ ئێراق،کەرەستەی خاوی دیکەشی ناردبوو بۆ دروستکردنی چەکی کیمیاوی (( سارین _ تابون))، بە قەبارەیەکی زۆر زۆر.هاوکات لە گومرگی هۆڵەنداش زانیاری تەواو پەیدا کرا، کە دەیسەلمێنێت ئەو زانیاریانە ڕاستن.

FFCD و TNO دۆسیەیان ئامادە کرد، لەسەر کات و بڕی ناردەی کەرەستەکان،لە ڕاپۆرتەکانیاندا هەموو زانیارییەکانی بە وردی تێدایە. لەو ئامارانەوە دەرکەوت کە فرانس ڤان ئانرات و کۆمپانیاکانی چەندە کەرەستەی خاوی درووستکردنی چەکی کیمیاوی هاناردە کردووە بۆ عێراق. لەو دۆسییەوە زانرا کە عێراق چی و چەند جۆر مادەی کیمیاوی هاوردە کردووە و وەری گرتووە و هەیبووە.

دەرکەوت بڕەکەش بە ئەندازەیەك زۆر بوو،رون و ئاشکرایە بۆ درووست کردنی چەکی کیمیاوی و لە کاروباری سەربازی بەکار دەهێنرێت.

بۆیە ئاشکرابوو پرۆسەکە بەم شێوەیە چۆتە پێشەوە، یەکەم جار ئامادە کردن دوایی بەکار هێنانی، هەموو ئەو پرۆسەیە بە دورو درێژی بە وردی لە دۆسیەکەدا هەیە.

لە دوای ئەوەی مەلەفاتی پێویست بە دەست خرا، دەستمان کرد بە هێنان و پەیدا کردنی شایەد حاڵ و خەڵك. ئەو شایەدانە سەلماندیان گازی خەردەل لە لایەن ئێراقەوە بەکار هاتووە،کە ئەوانە بۆ خۆیان لە داروودەستەی سەدام بوون و کاریان لە گەڵیان کردبوو و نزیك بوون لە گەیشتن بە زانیارییە هەستیارەکان. شایەدەکان زانیاری هەستیاریان بەخشی لە نێوان سالآنی سەرەتاو کۆتایی هەشتاکان، لە سەر پەیدا کردن و درووست کردن و بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی، گواستنەوەو گەیاندنی لە ئێراقدا.

دوای ئەوە لێکۆڵینەوەمان کرد کەی بەکار هاتووە،مێژووی بە کار هێنانی، لە رێکخراوی ستیختینگی چاك و کۆمیتەی هەڵەبجە زانیاریمان وەرگرت، لە سەر قوربانییەکان و جۆری ئازاریان، زۆربەی قوربانییەکان کە چاومان پێیان کەوت و مامەڵەمان لە گەڵیان کرد بە گازی خەردەل بریندار ببوون.ئەوەش خراپترین جۆری مادەی کیمیاوییە کە کاریگەری لەسەر مرۆڤی زامدار دادەنێت تا قۆناغی مردن.

یەکێك لە قوربانیەکان باسی ئەوەی کردووە کە خەردەل لێت بدات،کە گازی ژەهراوی لێت بدات چەندە ئازاری زۆرە، تا مردن پێوەی دەناڵێت و رزگارت نابێت لە دەستی.

ئێمە بەردەوام بووین لە پشکنین،حکومەتی هۆڵەندی یارمەتی یاسایی قوربانیانی کرد بۆ سکاڵا تۆمار کردن.هاوکات ئێمە پشتوان و پشتگیری گەلی کورد دەکەین لەم کێشەیە،بە خەڵکمان راگەیاند ئەم میلەتە چەوساوەتەوە،بە گازی کیمیاوی لێی دراوەو بە کۆمەڵ کوژراوە.

پشتگیری گەلی کورد دەکەین بەو ئیسپاتاتەی کە هەمانە بە ئەنجامدانی دادگایەکی جدی و دادپەروەرانە بەرامبەر بەم تاوانبارە.

لێکۆڵینەوەمان کرد لە سەر تاوانەکانی هەڵەبجە، گۆپتەپە، زێوە، فرجینی، رۆیشتین بۆ شاری سەردەشت، لەسەر داواتی حکومەتی ئێران وە پشتیوانی حکومەتی ئێرانی چووین بۆ شاری سەردەشت بۆ ئەوەی پشکنین و لێکۆڵینەوەی خۆمان بکەین، چاومان بە قوربانییەکان کەوت و دیدارمان لە گەڵیان ئەنجام دا.

ئاشکرا بوو بۆمان لە کاتی شەڕی عێراق–ئێراندا چەکی کیمیاوی لە لایەن عێراقەوە بەکار هاتووە دژ بە ئێرانییەکان،لێکۆڵینەوەمان کرد لە شاری محەمەرە، پشکنینی زەوییەکەی نەك خەڵکەکەی،چووینە ناوچەی عەبادان، بە وردی گوێمان لە شایەدەکان گرت، جێگاکانی بە کار هێنانی چەکی کیمیاویمان لێی بینی، دەرکەوت چەکی کیمیاوی لەو ناوچەیە بەکار هاتووە.

پاشان دۆکۆمێنتی زیاترمان پەیدا کرد، راپۆرت و نووسراو لەسەر ئەنفال نووسرابوون، بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی، رۆڵی عەلی حەسەن مەجید، راپۆرتی حوسێن کامل، فەرمانی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی، راپۆرتی هیومان رایت وۆچ، دەنگی عەلی حەسەن مەجید لەو کاتانەی داوای کوشتنی کوردەکان دەکات، گەورەترین پشکنین لەم کەیسە پۆلیس و وزارەتی داد ئەنجامیان دا.

ئەوەی زۆر دڵمان پێی خۆش بوو و هیوامان لەسەر بنیات نا ئەوە بوو دادگا یەکەمجار بڕیاری دا ئەوەی لە ئەنفال و کیمیابارانەدا بەسەر کورددا هاتووە کردەی جینۆسایدە،وەلێ دواتر لە پرۆسەی پێداچونەوە ئەم بڕیارەی بەتاڵ کردەوە و دانی نەنا بەوەی ئەم پرۆسانە جینۆساید بن، پۆلیس پێی خۆش بوو یەکەمجار ئەو بڕیارە درا،بەڵام زۆر پێی ناخۆش بوو دادگا بڕیاری خۆی لەسەر هەقیقەتی تاوانەکە لە جینۆسایدەوە گۆڕی.

**پرسیار : چۆن فرانس ڤان ئانرات گیرا؟**

وەڵام : لە دوای ئەوەی تۆمەتباری لەسەر فرانس ڤان ئانرات ساغ بوەوە، خرایە ژێر چاودێرییەوە،بۆ ئەوەی بزانین لە گەڵ کێ پەیوەندی دەبەستێت، گفتوگۆ دەکات، بۆ کوێ دەچێت، چی دەکات و دەیەوێت چی بکات ؟، واتا خرایە ژێر چاودێری وردەوە، لە بەرواری ٦–١٢–٢٠٠٤ کە زانرا دەیەوێت هۆڵەندا بەجێ بهێڵێت، لە ماڵەکەی خۆی بە جانتاکانیەوە گیرا.

**پرسیار : دەتوانین بڵێین ئەگەر راگەیاندن ئەو چاوپێکەوتنەیان لە گەڵ نەکردایە، ناگیرا؟.**

وەڵام :نا ناتوانین وا بڵێین، چونکە هەموو قەزیەیەك بە شێوازێك دیاریکراو جیا دوای دەکەوین، راستە لێرەدا میدیا هۆکاری سەرەکی دادگایەکە و گرتنی و حوکم دانی بوو.

**پرسیار: ئایا کاریگەری هیچ لایەنێك نەبوو لە سەر ئێوەو وزارەت بۆ دادگایی کردنی ؟،حیزب، رێکخراو، پارلەمان ؟.**

وەڵام :ئیتلاقەن وا نییە و نەبووە، ئێمە جیاوازین لەوان،بڕیارەکە لە خۆمانەوە بوو وە پاش چاوپێکەوتنەکە لە گەڵ تەلەفزیۆنی نێت ڤێرك وەك ئاماژەی پێ درا دۆسیەی بۆ کرایەوەو دادگایی کرا.

**پرسیار : لە حالەتێکدا ئەگەر فرانس ڤان ئانرات هۆڵەندی رەسەن نەبوایا، هەر دادگایی دەکراو سزا دەدرا ؟**

وەڵام : بەڵێ سێ خاڵ گرنگە بۆ دادگایی کردن :

١– هۆڵەندی بێت(( ناسنامەی هۆڵەندی

هەبێت )).

٢–ئەگەر تـاوان بەرامبـەر بـە هۆڵەنـدی ئـەنجا بدات.

٣–ئەگەر لە ناو هۆڵەندا تاوانەکە ئەنجام بدات.

تـاوان پەیوەسـتە بـە مێـژووی ئـەنجام دانـ تاوانەکەوە، بۆ تاوانی جینۆساید دەگەڕێینـەو بـۆ ١٩٧٠.لـەم ٣ حالەتـەدا تۆمـەتبار دادگـای دەکرێت و سزا دەدرێت.

پرسیار : ئەگەر فرانس ڤان ئانرات سزای سەپا بەسەریدا تەواو کرد، ئایا ژیانی ئاسایی خۆ دەست پێ دەکاتەوە ؟.

وەڵام :هەر تاوانکارێك یەکجار لەسەر تاوانەکە سزا دەدرێت،لای ئێمە زانراوە چی کردووە دوای سزاکەی ژیانی ئاسایی خۆی دەست پـ دەکاتەوەو دەگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگا.

## جرائم حرب: يرجى إبلاغنا عنها!

لقد هربتم من بلد قد يكون يمر بحالة حرب، فإن ما شهدتموه في بلدكم الأصل من تجارب ان تعود لنا بالفائدة والتي يمكنكم التعرف من خلالها على مجرمي حرب متواجدين حالياً في هولندا.





# جرائم حرب:
# يرجى إبلاغنا عنها!

فريق ألجرائم ألدولية



## هل أنتم على دراية بأشخاص متورطين بإرتكاب جرائم حرب؟

إن كنتم على دراية أن شخصاً ارتكب جرائم حرب ولا تعلمون ما (TIM) يقوم بتكليف من قبل النيابة ألعامة بالتحقيق يجب القيام به بشأن هذه المعلومات، نود إعلامكم بأن فريق الجرائم الدولية في موضوع جرائم الحرب, ألإبادة ألجماعية, ألتعذيب وجرائم ضد ألبشرية. حيث يمكن المباشرة في التحقيق بهذا الشأن في حالة تواجد مجرم الحرب هذا سواء في هولندا او ان يكون قد هرب الى بلد آخر.

وتضمنت التحقيقات التي اجريناها في السنين الماضية رواندا, افغانستان, يوغوسلافيا, سيراليون, ليبيريا و كونغو حيث استصدر القضاء الهولندي احكاماً بالسجن بحق عددا من مجرمي الحرب.





## من هم مجرمي الحرب؟

مجرمي الحرب هم ألأشخاص الذين يقوموا بإرتكاب أعمال تحرمها قواعد خوض الحروب مثل قتل الأسرى و/أو ألمواطنين, تجنيد ألأطفال, ألأغتصاب, النهب, ألتعذيب, الأيذاء وأستخدام ألأسلحة ألمحظورة مثل ألغاز ألسام.

أحياناً ما يكون مجرم ألحرب قد أرتكب جرائم ألحرب هذه بنفسه أو ان يكون قد أمر بأرتكابها. وفي حالات أخرى يكون وضيفياً مسؤولاً على الجرائم المرتكبة بأعتباره قادراً على الحيلولة دون ارتكابها.

## لماذا يرغب فريق الجرائم (TIM) إطلاعكم على هذا الموضوع: الدولية

من اجل اقتصاء أثر مجرمي الحرب نكون بحاجة الى معلوماتكم حيث يُحتمل ان تكونوا على دراية بوجود هولنديين متورطين بحروب ما، أو ان تكونوا أنفسكم قد وقعتوا كضحايا لجرائم حرب ما. في كل الأحوال يرجى منكم وبدون أي الزام بذلك ألإتصال بنا. حيث سنقوم بدراسة مايمكن فعله بمعلوماتكم هذه والتي سيتم التعامل معها بسرية وذلك من قبل فريق التحقيق.

## ماهو سبب قيام فريق الجرائم (TIM) بالتحقيق في هذه القضايا؟ الدولية

تعتبر جرائم ألحرب من أخطر أنواع ألجرائم. حيث نؤمن بضرورة معاقبة مرتكبيها أينما وجدوا، في حين ترفض هولندا ان تكون مرسى آمن لمجرمي الحرب. علاوة على ذلك تسعى الحكومة للحيلولة دون مواجهة اللاجئين الهاربين من حالة الحرب الى هولندا لهؤلاء المجرمين المتسببين بهربهم هذا.

## في حالة حصولك على معلومات عن جرائم الحرب، أبلغنا بها:


فرقة هيئات الشرطة الوطنية Korps Landelijke Politiediensten
هيئة المباحث الوطنية **Dienst Nationale Recherche**

*العنوان البريدي:*

P.O. Box 11, 3970 AA Driebergen, The Netherlands
**هاتف:** 54 53 53 343 31+ / 16 77 91 11 6 31+
**فاكس:** 82 64 53 343 31+
**بريد إليكتروني:** warcrimesunit@klpd.politie.nl
**الإنترنت:** www.warcrimes.nl


وكالة الشرطة الهولندية
فريق مكافحة الجريمة الوطني


**مطبوعة KLPD هذه لغرض المعلومات فقط.**
**لا يمكن الحصول على أي حقوق من خلال هذه المحتويات.**
**أغسطس 2009**
**التصميم: Het Lab-grafisch ontwerpers BNO, Arnhem**
**الصور: Midden Nederland unit, ANP**




# دایکە ئازیزەکانمان لە ئەنفالدا
# با بزانین کە دایکانێکمان هەن نەوەیەکیان بەبێ باوك گەورەکردوە

مزەفەر ئاودل

لە گەڵ ئەوەی کە کارەساتی ئەنفال بەرنامەی سڕینەوەی کۆمەڵگایەك و نەمان و لە ڕیشە دەرهێنانی مێژوی نەتەوەیەکی کۆن و گەورەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو،لە گەڵ ئەوەشدا پیادەکردن و داڕشتنی بەرنامەیەك بوو بۆ داهاتوی ئەم نەتەوەیە،تاوەك و لە داهاتو و لە دوای کارەساتەکە تاکەکانی ئەم میلەتە بە شێوەیەك بە دەست کێشە زۆرەکانی ئەم تاوانەوە بناڵێنن نەتوانن لە داهاتویەکی نزیکدا  چارەسەری کێشە دروستکراوەکانی ئەم تاوانانە بکەن،هەموو ئەو کێشە زۆرو گەورانەی کە لە تاوانی کۆمەڵکوژی ئەکەوێتەوە دیسان خۆی لە خۆیدا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی جینۆسایدێکی تری پاشماوەی ئەو کەسانەیە کە لە تاوانەکە بەجێ ئەمێنن ئەمە بە تایبەتیش لە کاتێکدا کە ئەگەر ماوەیەکی زۆر بەسەر تاوانەکەدا تێ پەڕیوو نەتوانرا تاوانەکە بە جینۆساید بناسرێ و برینەکانیشی لە ناوخۆدا چارەسەر نەکرێن، هەموو ئەمانەش بە ڕونی لە کارەساتی ئەنفال دا و لە دوای کارەساتەکە دەرئەکەون.



کێشە گەورەکانی پاشماوەکانی ئەنفال بە شێوەیەك زۆرو چارەسەرنەکراون، تەنانەت ئەتوانین بڵێین لە هەموو هەڵسوکەوتەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بە دیار ئەکەوێ لە کاتی ( خەوتن،هەڵسان، نانخواردن، تەنیای، دوری...هتد) لە هەموو ئەندامانی خێزانەکەدا بە تایبەتیش نەمانی باوك لە خیزاندا ئەمەش بە حوکمی ئەوەی کە ڕۆڵی باوك لە خێزاندا ڕۆڵی سەرەکی خێزانەکەیە واتە نەمانی باوك لە خێزانی کوردیا بە هامان شێوە مانای نەمانی خێزانەکەیە، ئەمە سەرەڕای کێشەی گواستنەوە لە شوێنی ڕەسەنی خۆیەوە بۆ شوێنێکی ترو وە نەبون و پەیداکردنی شوێن و دوبارە بنیاد نانەوەی سەرلەنوێ خێزانێکی نوێ ی بریندارو بێ سۆزی باوك یان دایك، کارەساتی گەورەلە دوای ئەنفال بنیاد نانەوەی خێزانە پەرتەوازەو ئەندامە دابڕاوەکانی خێزانەکان بوو کە تا ێستاش ئەم خێزانانە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی خێزانەکانیان دروست نە کردوەتەوە، ئەویش دیسان بە هۆی بونی هەموو ئەو کێشانەی کە بۆ ئەندامانی خێزانەکە دروست بوون بە شێوەیەك خێزان هەیە کە هەموو ئەندامانی خیزانەکەی کچن و دایکیشیان سەرپەرشتیان ئەکات کە ئێستا دوبارە کێشەی گەورەیان هەیە چونکە، ئەمانە لە یەککاتدا کچن لە کۆمەڵگایەکی دڵ ڕەقا بەرانبەر بە کچ وە نەخوێندەوارن و لە لادێشەوە هاتوون کەسیشیان نیە لە خزمەکانیان سەرپەرشتیان بکات، بۆیە لەم خێزانانەدا ڕۆڵی ون بوی باوك ودیار نەمانی باوك،ئەو دایکانە پڕیان کردوەتەوە کە هەم دایکن و هەم باوك پیاون و ژنیشن، پەیداکەری بژێوی خێزانەکانن ئەم دایکانە دەرەوەیان (جل و بەرگەکانیان ) ڕەشپۆش بۆ سۆزی پیاوە ئەنفال کراوەکانیان لە ناخیشەوە پڕن لە سۆز لە جوانی لە ماناکانی ئینسانیەت کە ئەیبەخشنەوە بە منالەکانیان کە باوکیان نەبینیوە .

سەختی ژیان و بێمانای ژیان کاتیك لای ئەم دایکە ئازیزانە دەر ئەکەوێ کە تۆ لە کۆمەڵگایەکدا بژی جادەکانی،کۆڵانەکانی، شارەکانی،داموو دەزگا حکومی و ئاینیەکانی سەر لە بەر پیاو داگیریان کردبێت بۆیە ژن بون و بێ پیاوی بون لەم کۆمەڵگایانەدا ئەم دایکانە وەك ئەوەی کە تاوانباری تاوانەکە بن بەرەو بەردەم پەتی مردن ڕاپێچ ئەکات کە جەلادەکانی جەلادی کۆمەڵگا و کلتورو ئاین و دەورووبەرن .

بۆیە کارەساتە کە دەسەڵاتێك کۆمەڵگایەك وشەیەکی پڕسۆزو پڕۆژەیەك تەنانەت ڕۆژێکی بۆ ئەم دایکە بە سۆزانە نەبێ کە ڕەمزی ژنی کوردی دوای ئەنفالن و لە کارەساتێکەوە بەجێ مابن کە کارەساتێکی گەورەی مرۆڤایەتیە،تەنانەت کۆمەڵگای کوردی هێندە دڵ ڕەقە بەرانبەر بەم دایکانە کە زۆر بە کەمی و بێ بەهایانە پاشگری ( بێوەژنە ئەنفالکراوەکانیان )بۆ داناون کە تەنانەت دەزگا زمانەوانیەکانیشمان لە ئاست ئەم مەسەلەیەداو بەگشتی لە بواری ئەنفال و پاشماوەکانیان ناوە سەرزارەکیەکان هیچ ڕۆڵێکی بەشێوەیەکی سادەش نەگێڕاوە،ئەمەسەرەڕای ئەوەی پاش بیست سال نەتوانراوە ئازارەکانی دایکێك لەم دایکانە کەم بکرێتەوەو لە کوشتن و سوکایەتی پێ کردن لە لایەن پیاوە برسیەکانەوە ڕزگار نەکراون .

چەند کارەساتە نەوەیەك ڕێزی بۆ کارەساتەکانی خۆی نەبێ و حکومەتێك تاوانبارانی کارەساتەکانمان ئازاد بکات و یاری بە پیرۆزیەکانمان بکات ئەگەر ئەمانە مانای مردنی وردە وردەی نەتەوەیەك نەبێت کە پاشماوەی کارەساتەکانمان لە هەڵەبجە لە گەرمیان و شوان کەلاوەبن و تاکەکانی نەتوانن بژین و برینەکانیان سارێژ نەکرابێ تەنیا کەسێك سەروەریەکانمان ژێرپێ بخات، ئەی نەتەوە کەی ئەمرێت، وە لە کاتێکدا خۆمان مێژوی خۆمان بکوژین،خۆمان تاوانبارەکانمان بە بێ دادگای ئازاد بکەین و پەنایان بدەین و چاو لە خیانەتەکانیان بپۆشین کەی ئێمە نەتەوەیەکی زیندوین، کە کۆی هەموو ئەمانەش لە کۆمەڵگەدا سەر ئەکێشێت بۆ دروست بونی بێ ئینتیمای تاك بەرانبەر بە کۆمەڵگاو خاك و نەتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵگای حزبی ئێستای کوردی هەمیشە داوا لە تاکەکانی ئەکات کە با تەنیا خۆشەویستیتان بۆ پیاوەکانی دەسەڵات هەبێت و ژنەکان بخەنە زیندانەوە، ئەمەش دیسان وڵات ئەکات بە بیابان بۆ ژنەکانی کۆمەڵگا،بەڵام مانای ڕاستەقینەی ژیان لای ئەم دایکانە (دایکانی ئەنفال) ئەوەیە کە توانیان فێرمان بکەن سۆزمان هەبێت فێریان کردین ژنمان خۆس بوێت ئێمەی پاشماوەکانی ئەنفال لە سۆزو مالّی ئەم دایکانەیا پەروەردە بوین ئەوان ژیانی خۆیان بە ئێمە بەخشی ئێمەش جگە لە خۆشەویستی و سۆزی ئەوان و خۆشەویستی بۆیان شتێکی تر نین.

ئەم دایکە ئازیزانە کەس نیە سۆزیان پێ ببەخشێ کەچی خۆیان پڕن لە سۆز، پیاو ئەیان کوژێ کەچی ئەوان پیاو گەورە ئەکەن،بە سوك سەیر ئەکرێن کەچی ئەوان پیرۆزی بە کۆمەڵگا ئەبەخشنەوە بۆیە ئەوان پێمان ئەڵێن ئەوە ئێمەین نەوەیەکمان لە کەلاوەکانەوە بە کۆمەڵگا بەخشی،ئەوە ئێمەین کە ئەوانمان ڕزگار کرد نەك ئەو سیاسیانەی کە دامەزرێنەری ماناکانی کوشتنن لە کۆمەڵگادا .

سەرەڕای هەموو ئەو نەهامەتیانەی کە ئەم بەشە لە ژن لە کۆمەڵگاکەماندا کێشاویانە، کەچی تائێستا بەرنامەیەك نیە بۆ لەنزیکەوە ئاگادار بونی ئازارەکانیان و کێشەو کەموو کورپیەکانیان کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بە دەستیەوە ئەناڵێنن، کە زۆربەی زۆریان جگە لە (کرێ کاری) بۆ بەدەست هێنانی ژیانی ڕۆژانەیان شارەزاییان لە هیچ مەجالێکی تری ژیاندا نیە بەهۆی ئەوەی کەزۆربەی زۆریان لە چینی لادێ چەوساوەکانی کوردوستانن، کە هەموو ئەمانە ئەرکی سەرەکی کابینەکانی حکومەتی هەرێم و هەموو ئەوو وەزارەتە پەیوەندارانەیە کە لە بواری کۆمەڵایەتیدا ئەرکیان هەیە وەك وەزارەتی کاروو کاروباری کۆمەڵایەتی کە نزیکەی هەژدە ساڵ لە حکوم ڕانی خۆماڵی تا ئێستا تەنانەت خولێکی فێربونی سەرەتایی بۆ فێربونی پیشە دەستیەکانیان بۆ نەکراوەتەوە، هەموو ئەم شتە سادانە ماف هەموو وڵاتێکە نەك بەتەنیا ژنانی پاشماوەی ئەنفالەکان وە هیچ کارگەو شوێنێکی کشتوکاڵی لەو ناوچانەدا نەکراوە تەوە تاوەك و لەم کارگانە دەستی کاری ئەمانە کۆبکاتەوە سود لە تواناکانیان وەربگرێت قازانجێکیش پێشکەش بەم چینە بکرێت واتە بەر لە کارەساتەکە ئیعتمادیان لە سەر کەرەستەی سەرەتایی بوو لە ماڵ و لە دەرەوە کە دوای کارەساتەکە ئەمانەش نەما،ئێستاش بە هەمان شێوە هەر کار لە سەر ئەو ئامرازە سەرەتاییانە ئەکەن بۆ بژێوی ژیانیان لە ماڵەکانیان و لە دەوروبەریان و شوێنی کارەکانیان کە کرێکاری ڕۆژانەیە، بەرامبەر بە موچەیەکی کەم وە لە شارەکانیشیان،ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە وەزارەتەکانی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە حکومەتەکانی ڕابردوو ئێستاش نەیان توانیوە بچوکترین کێشەکانی کچان و ژنان چارەسەر بکەن بۆیە دیسان ئەگەری چاوەڕوانی ئەوەیان لێ ناکرێت کە بتوانن بە هیچ شێوەیەك کێشە گەورەکانی دایکانی ئەنفال چارەسەر بکەن و بگرە ڕەنگە هەر لە بەرنامەی کاریشان نەبێ، کۆی هەموو ئەم کێشانە هەر لەڕودانی کارەساتی گەورەو چەوسانەوەی زیاتریان حکومەت بەرپرسی دەرەنجامەکانیانە وەك چۆن بەرپرسی دەرەنجامی ئازاد کردن و پەنادانی تاوانبارانی ئەنفالە لە کوردستان و عێراقدا .

**چەند کارەساتە نەوەیەك ڕێزی بۆ کارەساتەکانی خۆی نەبێ و حکومەتێك تاوانبارانی کارەساتەکانمان ئازاد بکات و یاری بە پیرۆزیەکانمان بکات**

لە سیستەمی حزبی حوکمڕانی کوردیدا هەموو ئەو پرۆژەو بەرنامانەی کە ئەخرێنە بەرنامەی کارەوە، ئەبێ حزب خاوەنیان بێت سەروەریان بە سەرەوە بکات وەك بەزیندوو هێشتنەوەی ناوی سەرکردەکانی و بە داستان کردنی شەڕەکانی و فەراهەم کردنی کار تەنها بۆ دەستوو پەیوەندەکانی، ناونانی هەموو شوێنەکان وەك پارکەکان جادەکان و شوێنە گشتیەکان بەناوی سەرکردەکانی خۆیان و وە هاندانی خەڵك بۆ ناونانی منداڵەکانیان بە ناوی سەرکردەو سومبولەکانی خۆیانەوە، لە بەرانبەر هەموو ئەمانەشدا پەراوێز خستنی ئەو چینە گەورەیەی کۆمەڵگا کە ئازارەکانیان زۆرتر چەشتوەو لە بیر کردنی ناوی گوندە وێرانکراوەکانیان و کەسوکارەکانیان، بۆیە ئێستا لایەنێك نیە لە حکومەت لە ئازارەکانی دایکان و منالان و گەنجانی ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجە تێبگات وە شوێنێك نیە کە هەڵەبجەی تیا بخوێندرێتەوە ئەنفالی تیا دیراسە بکرێت دەروازەیەك نیە بۆ ئەوەی ئەنفال لە زاکیرەمان بە زیندوی بهێڵێتەوە و هەمیشەو بە بەردەوامی بون و ئامادەی هەبێت.

جگە لەو کەناڵە تەسکانە کە حزب خۆی کردویەتی بە ماڵی خۆی کە تەنیا لە سەردانەکان و ڕۆژی تایبەتی ئەنفالدا بیرمان ئەخەنەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەبوو ئەنفال لەو قاڵبە تەسکە دەربهێنرایە کە تەنیا لە زیاد کردنی موچەی وارسی کەسوو کارەکانیان قەتیس بکرێ بەڵکو ئەبوو حکومەت خۆی بە خاوەنی هەموو نەهامەتیەکانی ئەنفال بزانێ هەر لەو کێشانەی کە لە ئەنجامی

کارەساتەکەوە ڕوویان داوە تا ئەو کێشانەی کە لە داهاتودا ئەگەری هەیە ڕوبدەن بۆیە هەموو بچوك کردنەوەیەکی تاوانی ئەنفال لە ناوخۆدا بە هەموو پێوەرەکان بچوك کردنەوەیەتی لە سەر ئاستی دەرەکی و دەولیدا، ئەمەش دیسان مانای ئەوە ئەگەیەنێت کە خۆمان خولقێنەری هەموو ئەو کێشانەیین کە لە سایەی دەسەلاتی کوردیا ڕوئەدەن بۆ بچوك کردنەوەی تاوانی ئەنفال بەرانبەر بە گەورەکردنی سەروەریەکانی حزب.

-پرۆژەی بە سمبول کردنی دایکانی ئەنفال :

لێرەوە بۆ ئەوەی دایکانی ئەنفال لە بیر نەچنەوە و هەمیشە ببنە ڕەمزی گەورەکردنی نەوەیەکی بێ باوك، ئەبێ نەوەی داهاتوو ئێستاش لە ئازارەکانیان ئاگادار بکەینەوە، ئەویش بە خولقاندنی کارێك بۆیان کە شیاوی بە زیندوو هێشتنەوەیان و شیاوی ڕەنج و ماندوو بونەکانیان بێت .

گومانی تیانیە کە هەمومان ئەزانین ئەم دایکانە بیستوو دوو ساڵە لە هاوسەرەکانیان دابڕاون و جلی ڕەش ئەپۆشن ئازار ئەچێژن و فرمێسکی دوری ئەڕێژن زۆربەی زۆریان تەمەنیان لە سەروی ئەو کارە قورسانەوەیە کە ئێستا ڕۆژانە ئەیکەن،کە ئەم تەمەنە ئێستا شیاوی ڕێز لێگرتنە لە لایەن تاکی کوردی و حکومەتی کوردیەوە بۆیە بەپێی هەموو پێوەرەکان ئەبێت ئەم دایکانە ئەمڕۆ لە پلەی ژیانی نەهامەتیان بگوازرێنەوە بۆ پلەیەك کە شیاوی بەرز ڕاگرتنیان بێت وەك:

ا-بە سمبول کردنی هەتا هەتای

١-لە وانەکانی پەروەردەی مەدەنی یان مرۆڤایەتیا، لە قوتابخانە بنەڕەتیەکاندا بەشێکی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت وەك ڕەمزی لە خۆبردویی و فیداکاری هەر وەك چۆن زۆربەی نەتەوە کانی دونیا هەڵ ئەستن بەم کارە بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەمزی لە خۆبردویی بوون .

٢-بـــبرێن بـــۆ خوێنـــدنگاو قوتابخانەکان،بەتایبـــەت قوتابخانـــە بنەڕەتیەکان باسی چیرۆکی ئەنفال و ئازارەکانی دوای ئەنفال بۆ نەوەی داهاتوو بکەن و بە کارەساتەکان و نەهامەتیەکانیان ئاشنا بکەن .

٣-وەزارەتەکانی تایبەت بەم بوارە پرۆژەیەکی گشتی و گەورە لە سەر کۆی ئازاروو ئەشکەنجەو مەینەتیەکانیان و پێویستیەکانیان ئامادە بکرێ و، دواتر لە زانکۆکاندا توێژینەوەی لە سەر بکرێت .

٥-لە زۆربەی شوێنە گشتیەکان و شارە گەورەکان و شوێنەکانی نزیك لە شوێنە گەشتوو گوزاریەکان مۆزەخانەی تایبەت دروست بکرێت کە جل و بەرگ و کەرەستەکانی ژیانی ڕۆژانەیان و هەموو شتەگشتیەکانیان تیا بپارێزرێت بۆ ئەوەی خەڵکانی بیانیش لە ئازارەکانیان و لە فیداکاریەکانیان بە ئاگا بن.

٦-ببن بە بەشێك لە بەرنامەو کاری ڕاگەیاندنەکان و ئیشیان لەسەر بکەن و نەوەکانی ئێستا و داهاتوی لێ ئاگادار بکەنەوە.

٧-سزای یاسای بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دایکێکی ئەنفالیان بە هەر بیانویەکەوە بێت کوشتبێت، یان ئەیان کوژن یان ئازاریان ئەدەن و، وە سەپاندنی سزایی یاسایی بە سەر هەموو ئەو خاوەن کارانەی کە لەبەر ئەوەی ژنن بە رانبەر بە پارەیەکی کەم کاریان پێ کردون .

ب-بە سمبول کردنی مادی و پاداشت کردنیان

١-خانەنشین کردنی هەموو ئەو دایکانەی کە تەمەنیان لە سەروی تەمەنی یاسایی خانەنشینییەوەیە .

٢-دۆزینەوەی هەلی کاری ئاسان بۆ ئەوانەی کە ئارەزوی کارکردنیان هەیە بە مەرجێك ڕەچاوی شوێنەکەو کرێی ڕۆژانەو ئاسایشی ژیانی تەندروستی تیا کرابێت، ئەمە لەگەڵ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ مناڵەکانیان و یارمەتی دانیان لە بوارەکانی پەروەردەو فێرکردندا.

٣-دروست کردنی شوێنی نیشتەجێبون (خانو)کە ئاسودە بن تیایدا وەك بەشێك لە کەمکردنەوەی ئازارەکانیان.

٤-دروست کردنی شوێنێك وەك سەنتەرێك بۆ کۆبونەوەو بەیەك گەیشتنی هەموو دایکان و پشودان تیاییدا بە ئاسودەیی، بە مەرجێك مامۆستایی تایبەت بە ڕاهێنانە دەرونیەکانی تیابێت، بۆ کەمکردنەوەی ئازارە دەرونیەکانیان.

٥-دروست کردنی چەند پرۆژەیەکی ستراتیژی و بازرگانی کە داهاتەکەی بۆ بە زیندوو هێشتنەوەو بە ڕەمز بونی ئەم دایکانە سەرف بکرێت، وە یارمەتی دایکان و مناڵانی تری بێ باوکی پێ بدرێت.

# ئەنفال و هەڵەبجە و بەڵگەنامەی کایرۆس

شەفیقی حاجی خدر

ڕژێمی عیراقی پێشوو ناوی لەو هەشت شاڵاوە تاوانکارییە بەربڵاوەی کە لە ساڵی ١٩٨٨ کردە سەر ناوچە جیاجیاکانی کوردستان نا شاڵاوەکانی ئەنفال –حملات الانفال– دوای بڕیاری دادگای ئەنفال پیوازۆی دادی هەڵەبجە لەئارادایە.

جیگەی خۆیەتی بەو بۆنەیەوە هەولبدەین، لایی لە ناوی تاوانەکان کە بە بەئەنفال ناوبراون بکەینەوە و لەگەڵ دۆکیۆمەنتێك کە لە ساڵی ١٩٨٥ لە کەنیسەکانی کۆماری باشووری ئافریقیا دژی ڕژێمی ئاپارتایدی سپی پێستەکان دەرچوون، بەراورد بکەین. بەراوردکردنەکەش بەمەبەستی پەند لێوەرگرتن و پێشەنگی شوێنپێهەلگرتن بێ.

مەبەستی ئێمە لەو نووسینە بەراوردکاریە، باسکردنە دەربارەی پرسێکی زۆر گرنگ و وروژێنەر و چارەنووسساز تاکو زیاتر قسەی لەسەر بکرێ، بەڵکو دواتر ئەو پێشنیازە وەك دەرەنجامێکی نووسینەکە جێی خۆی بگرێ.

جارێ لەپێشەوە لایەنە خوازراوە دینیەکەی کە ڕژێم وەك پەردەپۆشێکی ڕەوایەتی بەکاریدەهێنا باس دەکەم، ئنجا دەچمە سەر باسکردنی دۆکیۆمەنتی کایرۆس و لایەنە بەراوردکارییەکە و پاشان دەرەنجام.

هەر هەشت شاڵاوەکان لەژێر ناوی ئەنفالەوە بوون. لەدیرۆکی داپلۆسێنەر و سەرکوتکەرانی سوپای عیراقیشدا بووەتە نەریتیان بوو ئەو کردەوە قێزەون و هۆڤییانە، بخەنە ژێر پەردەیەکی دینیی. شەڕە کاولکەریەکانیش هەروا ناودەنا. ناوی ئاینیی زیاتر لە شەڕی عیراق–ئێراندا ڕەنگی دایەوە. هەردوولای شەڕکەر درێخیان لەبەکارهێنانی ئەو ناوانە نەکردەوە.

بەڵام شەڕەکانی سوپای عیراق دژی خەڵکی کوردستان بەو بەربڵاویە و کە ئەو ناوەی لێدەنرا، مەبەست هەر پەردەپۆشکردنی ئەو تاوانانە بوون. ڕژێم گرەوی لەسەر حیسابی گەڕانەوە بۆ ڕەوایەتی کۆنی ئەنفال دەکرد.

ئەنفال یەکەمین ئایەتی هەشتەم سورەتی قورئانە کە دەقەکەی واهاتووە: "یسئلونك عن الانفال قل" الانفال لله والرسول فاتقوا الله اصلحوا ذات بینکم واطیعوا الله وروسوله ان کنتم مؤمنین".

ئەوسا لێرەدا مەبەست لە وشەی ئەنفال وەك مامۆستا هەژار لە تەفسیری قورئاندا دەڵێت: "دەسکەوتی جەنگ" بێ یان نا، مەبەست هەر ماڵ بێ یان سەروماڵ بەیەکەوە، جێگەی تێبینی ئێمە لەو نووسینەدا نییە، بەڵکو لێرەدا مەبەست لە ناولێنانەکەی حکومەتی بەعسە. گوایە ڕەوایەتی مێژوویی و ئۆلییانەی پێداوە.

خاڵێکی دیکە، لایەنە دینیەکە زەقتر دەکاتەوە، ئەویش هەر مەبەستی ڕەوایەتی جۆشدانی لەپشتەوەیە، کە ناوی بەش و هۆبەکانی سوپا بوو بەناوی سەرکردەی عەرەبی ئیسلامی ناودار. ئەوەشیان دیسان سوپای عیراق هەر لەکاتی دروستبوونییەوە

نەریت ئاسا لەسەری ڕۆیشتووە، بۆ نموونە یەکەمەمین فەوجی عیراقی لەسەروبەندی دروستبوونی دەوڵەتی شانشینی عیراقدا ناوی –ئیمام موسای کازم– بوو. ناوی سریە و فەوج و لیوا و فیرقە و فەیلەقەکانی سوپای عیراقی لە کوردستان" کە تاوانەکانی ئەنفالیان کرد ئەو سەرکردە و ناوە دیارانەی مێژووی عەرەب و ئیسلام بوون کە کاتی خۆی ئیسلامەتیان لە ناوچەکەدا بڵاوکردۆتەوە. ئەوەش ڕەنگبێ بێجگە لەو ڕاڤەیەی گەڕان بەدوای ڕەوایەتی واتای دیکەش بداتە دەست، ئەویش واتای هاتنەوە. وەك بگوترێ "وادیسان هاتینەوە".

ئەو هۆکارەی لایەنە پاردۆکسە (دژیەکەکە) قوڵتر دەکاتەوە ناسنامەی دینی قوربانیەکانی تاوانەکانی ئەنفالە، چونکە هەر هەموویان ئیسلام بوون، لەو کەسانەش بوون کە کاتی خۆی باپیرانیان لەسەر دەستی ئەو ناوە دیارانەی تیپەکانی سوپای عیراقیان بەناوەوە بووە، ئیسلام کراون. لەو تاوانانەدا خودی لایەنە سیمبۆلییە ئیسلامیە کوردییەکان لە مزگەوت و قورئان و مەلاکان نەبواردراون.

لەبەرامبەر ناوی ئەو تاوانانەدا ڕەنگە دەنگی وا لە ڕابردوو و ئێستا هەبێ، بڵێ نابێ ناوی ئەنفال لەو تاوانانە بنرێ، چونکە ئەوە ئەنفال نەبووە، پێداگرتنیشیان لەسەر ئەو ڕایە هەم دیسان بۆ لایەنی دینی دەگەڕێتەوە، ئەویش لە پەرۆشیان بۆ خراپ بەکارهێنانی چەمکی ئەنفال. ئەو ڕایە لە بەرامبەر بەڵگەوبەندی بەفەرمی ناونانی ڕژێم و ناسرانی تاوانەکان بەو ناوە، بێ بنەما دەمێنێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی پێی دەگوترێ "رد الاعتبار" هەر بێ ناوەڕۆك دەمێنێتەوە.

بەڵام چۆن دەکرێ کورد لەسۆنگەی دادگا یان باشتر بڵێم دەرچەی کۆتایی بڕیاری دادگا هەوڵ بۆ پرسی لێبوردن و ئەوەی پێی دەگوترێ "رد الاعتبار" بداتەوە، بەشێوەیەك ئەو ڕەوایەتیەی کاتی خۆی ڕژێم دەیویست بەخراپ بۆ خۆی بەکاربێنێ و لێیبپرسێتەوە، پێچەوانە ببێتەوە. ئەمجارەیان کورد لەبەردەم جیهان، بەتایبەتیش جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ ڕاستەڕێگابوونی ڕەوایەتیانەی داخوازییەکانی وەك مافێکی مرۆڤانە و ئیسلامیانە بەکاربێنێ، چونکە لەو بارەدا دەرچەکە بەقازانجی هەمەلایەنەی پرسی نەتەوایەتیمان دەشکێتەوە.

بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەو بۆچوونە، لێرەدا دەچمە سەر پێناسەی دۆکیۆمەنتی کایرۆس و پێواژۆی سەرهەرڵدان و کاریگەریەکەی، بەڵام بە کورتی، چونکە باسکردن و تێگەیشتنی تەواو لە دۆکیۆمەنتی ناوبراو باسی درێژتری دەوێ.

**کایرۆس لەسەردەمی هەڕەتی ڕژێمی ئەپارتایدی باشووری ئەفریقا بڵاوکرایەوە.**

ڕژێمی ئەپارتاید بەفەرمی ئەو ڕژێمە بوو کەلە ئەفریقا لە ١٩٤٨ تا ١٩٩٠ لەسەر کار بوو. ئەپارتاید Apartheid وشەیەکی زمانی هۆڵەندی و باشووری ئەفریقاییە واتای جیاکردنەوە دەگەیەنێ. مەبەستی ڕژێمەکەش جیاکردنەوەی ڕەگەزی بوو، واتە سپی پێست و ڕەش پێستەکان لەیەك ئایربکاتەوە. بۆیەش بە ڕژێمی ئەپارتاید (جیاکردنەوە) ناوی دەرکرد. ئەو ڕژێمە ١٠ قانوننامەی بۆ بەرجەستەکردنی چەسپاندنی جیاکردنەوە لەسەر بنەمای ڕەگەز و پێست، بەوەی کە سپی پێستە کەمینەکان بەسەر

## هەر هەشت شاڵاوەکان لەژێر ناوی ئەنفالەوە بوون

زۆرینەی ڕەش پێستەکان دەسەڵاتدار و زاڵ بن، دەرکرد. بەگوێرەی قانونەکان هەردووڵا لەیەك جیاکرابوونەوە" لە گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون، پاسی هاتوچۆ و فەرمانگەکان و چێشتخانە و هتد.. هەموویان لە یەك جیاکرابوونەوە. بەمجۆرە ڕەش پێستەکان وەك هاوڵاتی پلەدوو بەرەو خوارتریش سەیر دەکران. بەکورتی لەبەرامبەر ئەو چەوساندنەوە ڕەگەزپەرستانەیەدا ڕەش پێستەکان کەوتنە خۆسازدان و جوڵانەوە، بەزۆریش لەژێر سایەی پارتی کۆنگرەی خوارووی ئەفریقیا بەسەرۆکایەتی نیلسۆن ماندێلا، کە لەئەنجامی خەباتدا بەهەزاران ڕەش پێست گیانی لەسەر دانا و خەباتکارە حزبییەکانیش زیندانەکانیان پڕکردنەوە، یەکێکیش لەو زیندانیانە نیلسۆن ماندێلا بوو کە ٢٧ ساڵ لە زینداناندا مایەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگ و سەرنجڕاکێشە بۆ بەراورد لەگەڵ تاوانەکانی ئەنفالدا دێتەوە، لایەنە دینیەکەیە. سپی پێستەکان بۆ ڕەوایەتیدان بە ڕژێمەکەیان و چەوساندنەوەیان، پەنایان بۆ هەموو شتێك دەبرد لەوانەش کلێسا" لە کلێساشدا هی سپی پێستەکان. ئەو کارەیان زۆر درێژەی کێشا، لەگەڵ درێژەپێدانی چەوساندنەوە کە هەر کلێسا بوو، بەڵام ئەمجارەیان کلێسای ڕەش پێستەکان چیدیکە ئەو چەوساندنەوەیەی بەناوی دین پێنەپەژرا.

بۆیە لە ١٣ی ئەیلولی ١٩٥٨دا ١٥٢ قەشە و پیاوە ئۆلدارەکانی کلێساکانی وڵات کۆبوونەوە و بەڵگەنامەیەکیان بەناوی کایرۆس واتا (ساتی ڕاستیگوتن) بڵاوکردەوە. لەو بەڵگەنامەیەدا ڕەخنەی دینییان لە ڕژێم و هەموو ئەو قەشە کریستیانیانە گرت کە بوونەتە مایەی درێژەپێدانی ڕژێمی ئەپارتاید. هەر زوو ئەو دۆکیۆمەنتە لە وڵات بڵاوبووەوە دواتر سنووری هەرێمەکەی پەڕاند و وڵاتانی دیکەی کیشوەری ئەفریقا و پاشان ئەوروپا و ڕۆژئاوا و جیهانیشی گرتەوە، لە هەموولایەك پشتگیری دۆکیۆمەنتەکە کرا" بەتایبەتیش لەلایەن کلێساکانی جیهان و ڤاتیکانەوە. بەمە ڕژێم بەتەواوی ڕەوایەتیە دینییەکەی لێسەنرایەوە. کردەکە بووە هۆکارێکی کاریگەر بۆ پەراوێزبوونی سیاسیانەی کوشندە. پاشان وڵاتان بایکۆتیان کرد و ڕژێمەکە بەتەنها مایەوە. ئەمە و هاوکار لەگەڵ خەباتی ڕەش پێستەکاندا ڕژێم نەیتوانی خۆی بگرێ و بەناچاری لەژێر ئەو گوشارەدا کەوتە دانوستاندن لەگەڵ پارتی کۆنگرەی نیشتمانی و سەرۆکەکیان نیلسۆن ماندێلادا. ئەوەبوو لە ١٩٩٠ ڕژێمی ئەپارتاید نەما و دواتر سەرۆك ماندێلا لە زیندان هاتە دەرەوە و بوو بەسەرۆك.

بەڵگەنامەی کایرۆس بەڵگەنامەیەکی نووسراوی دینی بوو، تیایدا سێ تەوەرەی لە ڕوانگەی ئاییینی کریستیانی لێکدابووەوە.

بەرایی دۆکیۆمێنتەکە بەم چەندان ڕستانەی خوارەوە دەستپێکردبوو:

" کات پێگەیشت. ساتی ڕاستی هات. باشووری ئەفریقا تووشی ئاستەنگێك بووە و مانگەکانی داهاتووش خراپتر دەبێ. کایرۆس ساتی ڕاستەقینە هەر بەتەنها بۆ ڕژێمی ئەپارتاید نییە، بەڵکو بۆ کلێساشە. ئێمە وەك کۆمەڵێ تیۆلۆگ هەوڵ دەدەین بەگەڕانەوە بۆ مێژوومان لەواتای تیۆلۆگییانە بگەین. بارودۆخ زۆر خراپ و زۆر دژوارە. بۆ زۆر لە کریستیانە ئەفریقاییەکان کایرۆس دەرفەتێکی لەبارە تاکو خوا تەحەدای بڕیاری سەپێنراو بکات. هەنوکە بارەکە زۆر ترسناکە، چونکە گەر ئەو

**لەبەرامبەر ناوی ئەو تاوانانەدا ڕەنگە دەنگی وا لە ڕابردوو و ئێستا هەبێ، بڵێ نابێ ناوی ئەنفال لەو تاوانانە بنرێ**

دەرفەتە لە دەست بچێ بارودۆخەکە هەروا درێژەی هەبێ، ئەوا واتای لە دەستدان و دۆڕاندنی کلێسا بۆ کریستیانەکان و هەموو ئاکنجیانی باشووری ئەفریقیا لە سەنگی محەکدایە. عیسا بۆ ئۆرشەلیم گریا. ئەو بۆ مەرگەساتی ڕووخانی شار و کوشتارگەی کۆمەڵانی خەڵك دەگریا".

ئەوان لە دۆکیۆمێنتەکەدا بەدرێژی باسی ئەوە دەکەن کە خوا و مەسیح هەر هی سپی پێستان نەبوون و نین، بەڵکو هی پێست ڕەش و بۆر و هەموو مرۆڤایەتین، مەسیح لەپێناو ڕاستی و ئازادی و دادپەریدا بۆتە قوربانی. ئەوان لەسێ تەوەرە سەرەکیەکەی بەڵگەنامەکەیان لایەنی ئۆلییان دابەش کردبووە سەر سێ بەش، لایەنی تیلۆگی دەوڵەت، کە بەتەواوی ڕەتیان کردەوە، چونکە دەوڵەت دینی وەك سایە بۆ چەوساندنەوە و خۆ دزینەوە لە سزا و بەرپرسینەوە بەکاردەهێنا. دووهەمیش لایەنی تیۆلۆگی کلێسا، بەتایبەتیش کلێسای سپی پێستەکان کە هەڵوێستێکی میانڕەوانەیان هەبوو، داوایان دەکرد ئاشتبوونەوە ببێ و گوێ لەهەموو لایەك بگیرێ، ئەوەش لەسەر حیسابی مافی ڕەوای ڕەش پێستەکان بوو، بۆیە ئەو هەڵوێستەشیان ڕەتکردەوە. لایەنی سێهەم کە داخوازبوون تیلۆگی دینی وەك خۆی کە مەسیح داوای کردبوو، کە هەردوو لایەنی پێشوو دەوڵەت و کلێسای دەوڵەت فەرامۆشیان کردبوو، بێتەوە سەر گۆڕەپانی ژیان.

بەم دۆکیۆمەنتە نەوەك هەر ڕژێمی ئەپارتاید ڕیسوا بوو، بەڵکو لەگەڵیدا پیاوانی ئاینیی و کلێساکانی سەر بەدەوڵەت و هەموو پیاوێکی ئاینی کە پاڵپشتی ڕژێمەکەیان دەکرد ڕیسوا بوون، ئەنجامەکەشی لەماوەیەکی کورتدا دەرکەوت.

**بەم دۆکیۆمەنتە نەوەك هەر ڕژێمی ئەپارتاید ڕیسوا بوو، بەڵکو لەگەڵیدا پیاوانی ئاینیی و کلێساکانی سەر بەدەوڵەت و هەموو پیاوێکی ئاینی کە پاڵپشتی ڕژێمەکەیان دەکرد ڕیسوا بوون**

لێرەوە بێینەوە سەر کرۆکی باسەکەمان، ئایا مەبەست لەو بەراوردکردنە چییە؟

ئاشکرایە ڕژێمی پێشوو تاوانەکانی لەژێر ناوی ئەنفالدا کردووە. تاوانەکەش لە جیهانی ئیسلامیدا کاردانەوەیەکی نەرێیانەی نەدایەوە، بۆیە هەقە کۆنفرانسێکی ئیسلامی بەداخوازی پیاوە ئاینیەکانی کوردستان ببەسترێ تێیدا هەڵوێستی ئیسلام، وەك دەسەڵاتدار و مزگەوت و مەلا و هزرمەندە ئیسلامییەکانی کوردستان بە ڕوونی و ڕاشکاوی دیار بکرێ، پاشان هەوڵ بدرێ ئەو دۆکیۆمەنتە ڕەزامەندی هاوشانەکانیان لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لەسەر وەربگیرێ و وەڵامی کۆمەڵێ پرس بدرێتەوە لەوانە:

ئایا ئەنفالکراوەکان موسڵمان بوون؟

ئایا خودی شاڵاوەکانی ئەنفال تاوان بوون؟

ئایا پێهەڵسێنەران موسڵمان بوون؟

ئایا ڕەوا بووە؟

ئایا قوربانیان مافی "رد الاعتباریان" نییە؟

ئەو ئایانە و چەندان ئایی دیکە وەڵام بدرێنەوە.

کارێکی لەو جۆرە بەتایبەتیش کە دادگا لەگۆڕێدایە ڕەنگدانەوەیەکی زۆر ئەرێیانەی کارانکاز دەکاتە سەر ڕەوتی مافە ڕەواکانمان..

تێبینی: بۆ زیاتر شارەزابوون لەسەر کایرۆس بنوارە:

Het uur van de waarheid, het Kairos document van Zuidafrikanse christenen.

Ten Have, Baarn ١٩٨٦

# سەرنجێك لەسەر بەرپرسیارێتی ئەنفال

شەفیقی حاجی خدر

بەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی کوردستان لە یادی بیست و حەوتەمین ساڵرۆژی کارەسات و بێسەروشوێنکردنی هەشت هەزار بارزانیدا وتەیەکی واتابەخشی پێشکەشکرد. لە کۆپلەیەکی وتارەکەی، کە دەقەکەی بەمشێوەیەیە، دەڵێ: "لەگەڵ بێسەروشوێنکردنی ئەو هەزاران کوردە، لە ئەنفال و جینۆساید و کیمیابارانەدا، هەڵوێستی ئەوانەی لەپشتمانبوون لەبیرناچنەوە بەرامبەر بە قرکردنی نەتەوەیەك هاوخەم و پشتگیرمانبوون، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا گلەییمان لە وڵاتانی عەرەب و ئیسلامی و هەندێك لە وڵاتانی تر هەیە کە چاو و گوێیان داخستبوو لە بەرامبەر ئەو تاوانە نامرۆڤانەیەدا!".

لێرەدا ئەو دەقەی سەرەوە دەکەمە چاوگی پێداچوونەوەیەك لە ڕووەکانی بەرپرسیارێتی گشتی و مرۆیی، هەروەك دەیکەمە چاوگی هەڵوەستکردنێك لەسەر میراتی بەها ئایینی و ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا و وڵاتە ئیسلامییەکان بەرامبەر بە تاوانی جینۆسایدکردنی کورد، بەڵکو بتوانم لە دووتوێی ئەم نووسینەدا بیخەمەڕوو بە هیوای ئەوەی هەردوو تەوەرەکە، واتە دەقی گوتاری سەرۆکی حکومەت و ناوەڕۆکی ئەم بەدواداچوونەی من ببنە هەوێنێك بۆ شیکاری فراوانتر و هەڵسەنگاندنەوەیەکی ڕوونتری هەڵوێستە بێدەنگەکانی ڕابردووی وڵاتانی هەڵگری ئاڵای ئیسلامی.

ڕژێمی عیراقی پێشوو، ناوی لەو هەشت شاڵاوە تاوانکارییە بەربڵاوەی ساڵی (١٩٨٨)ی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان نا "حملات الانفال". دادگای تاوانەکانی (ئەنفال)یش بە پێی قانوونی دادگای تاوانی عیراقی باڵا، حوکمی خۆی بەسەر دەستەیەك لە تاوانباراندا چەسپاند.

ئێمە لەو نووسینەدا، هەوڵدەدەین هەندێ خاڵی گرنگ لەڕووی لایەنی بەرپرسیاری گشتییەوە بە گەڕانەوە بۆ باری هاوشێوە و بابەت، شیبکەینەوە، بەلام لێرەدا هەوڵدەدەین لایەك لەناوی تاوانەکان (کە بە ئەنفال ناوبراون) بکەینەوە و لەگەڵ دۆکیۆمەنتێك بەراوردی بکەین کە لە ساڵی (١٩٨٥) لە کەنیسەکانی کۆماری باشووری ئەفریقا دژی ڕژێمی ئاپارتایدی سپی پێستەکان دەرچوون.

مەبەستی ئێمە لەو نووسینە بەراوردکارییە، باسکردنە لەمەڕ مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و ورووژێنەر تاکو زیاتر قسەی لەسەر بکرێ، بەو ئومێدەی دواتر ئەو پێشنیازە وەك دەرەنجامی نووسینەکە جێی خۆی بگرێ!".

جارێ لەپێشەوە لایەنە خوازراوە دینییەکە کە ڕژێم وەك پەردەپۆشێکی ڕەوایەتی بەکاریدەهێنا، باس دەکەم، ئەنجا دەچمەسەر باسکردنی دۆکیۆمێنتی کایرۆس و لایەنە بەراوردکارییەکە، دواتریش دەرەنجام.

هەڵبەتە هەر هەشت شاڵاوەکان لەژێر ناوی (ئەنفال)ەوە بوون. لەدیرۆکی داپلۆسێنەر و سەرکوتکەرانی سوپای عێراقیشدا بووتە نەریتێك هەر کارێکی لەو چەشنەدا ئەنجامدرابێ هەوڵیانداوە بیخەنە ژێر پەردەیەکی دینی، بەتایبەتی لەشەڕ و جەنگە کاولکەرییەکاندا، هەوڵیانداوە ناوێکی لەو شێوانەی لێبندرێ. ناوی ئایینی، زیاتر لە شەڕی (عێراق – ئێراندا) ڕەنگی دایەوە، هەردوو لای شەڕکەریش درێخیان لە بەکارهێنانی ئەو ناوانە نەدەکردەوە، بەڵام کاتێ شەڕەکانی سوپای عێراق دژی خەڵکی کوردستان بەو بەربڵاوییە و بەو ناوانەوە ئەنجامدران، مەبەست لێیان پەردەپۆشکردنی ئەو تاوانانە بوو بە گەڕانەوەی ڕژێم بۆ سەروەربوونی ڕەوایەتی کۆنی ئەنفال و فتوحاتی ئیسلامی.

ئەنفال یەکەمین ئایەتی هەشتەم سورەتی قورئانە کە دەقەکەی: "یسئلونك عن الانفال قل الانفال لله والرسول فاتقوا الله اصلحوا ژات بینکم واگیعوا اللە و ڕوسولە ان کنتم موومنین".

ئەوسا لێرەدا مەبەست لە وشەی ئەنفال وەك مامۆستا هەژار لە تەفسیری قورئاندا دەڵێت: "دەسکەوتی جەنگ" بێ یان نا، مەبەست هەر ماڵ بێ یان سەرماڵ بەیەکەوە، جێگەی تێبینی ئێمە نییە لەو نووسینەدا، بەڵکو مەبەستەکە لەو ناولێنانەیە کە ڕژێمی بەعس بەکاریهێنا بۆ ڕەوایەتیپێدانی شاڵاوە کۆمەڵکوژییەکانی خۆی لە دژی کورد.

خاڵێکی دیکە کە لایەنە دینییەکە زەقتر دەکاتەوە (ئەویش هەر بەمەبەستی ڕەوایەتی و جۆشدانەوە دێت)، کە ناوی بەش و هۆبەکانی سوپا بوو بەناوی سەرکردەی عەرەبی ئیسلامی ناودار. ئەوەشیان دیسان سوپای عێراق هەر لەکاتی دروستبوونیەوە کردویەتیە نەریتێك، بۆ نموونە یەکەمین فەوجی عێراقی لەسەروبەندی دروستبوونی دەوڵەتی شانشینی عێراق ناوی ئیمام موسای کازم– بوو. ناوی سریە و فەوج و لیواو فرقە و فەیلەقەکانی سوپای عێراقی لە کوردستان کە تاوانەکانی ئەنفالیان کرد ناوی ئەو سەرکردە و ناوە دیارانەی مێژووی عەرەب و ئیسلام بوون کە ئیسلامەتیان کاتی خۆی لە ناوچەکەدا بڵاوکردۆتەوە. ئەوەش ڕەنگبێ بێجگە لەو ڕاڤەیەی گەڕان بەدوای ڕەوایەتی واتای دیکەش بداتەدەستەوە، ئەویش واتای (هاتنەوە)یە. وەك بگوترێ "وادیسان هاتینەوە! ."

ئەو هۆکارەی لایەنە پاردۆکسە (دژیەکەکە) قووڵتر دەکاتەوە، ناسنامەی دینی قوربانییەکانی تاوانی ئەنفالە، چونکە هەرهەموویان ئیسلام بوونە، لەو ئیسلامانەش بوون کە کاتی خۆی باپیرانیان بەدەستی ئەو ناوە دیارانەی تیپەکانی سوپای عێراقیان لێبووە ئۆلە نوێکەیان وەرگرتووە. لەو تاوانانەدا خودی لایەنە ئیسلامییە کوردییەکە لە مزگەوت و قورئان و مەلاکان نەبوواردراوە.

لەبەرامبەر ناوی ئەو تاوانانە ڕەنگە دەنگی وا لە ڕابردوو و ئێستا هەبێ بڵێ نابێ ناوی ئەنفال لەو تاوانانە بنرێ، چونکە ئەوە ئەنفال نەبووە، پێداگرتنیشیان لەسەر ئەو ڕایە هەم دیسان بۆ لایەنی ئایینی دەگەڕێتەوە ئەویش لە پەرۆشیان بۆ خراپ بەکارهێنانی چەمکی ئەنفالە. ئەو ڕایە لە بەفەرمی ناونانی ڕژێم بێ بنەما دەمێنێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی پێی دەگوترێ "رد الاعتبار" هەر بێ ناوەڕۆك دەمێنێتەوە.

بەڵام چۆن دەکرێ کورد لە سۆنگەی دادگا یان باشتر بڵێم دەرچەی کۆتایی بڕیاری دادگا هەوڵ بۆ پرسی لێبووردن و ئەوەی پێی دەگوترێ "رد الاعتبار" بداتەوە، بەشێوەیەك ئەو ڕەوایەتیەی کاتی خۆی ڕژێم دەیەویست بە خراپ بۆخۆی بەکاربێنێ و لێیبپرسێتەوە، پێچەوانە ببێتەوە؟ ئەمجارەیان کورد لەبەردەم جیهان، بەتایبەتیش جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ ڕاستەڕێبوونی ڕەوایەتی وەك مافێکی مرۆڤانە و ئیسلامیانە بەکاربهێنێ؟، چونکە لەوبارەدا دەرچەکە بە قازانجی هەمەلایەنەی پرسی نەتەوایەتیمان دەشکێتەوە!

بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەو بۆچوونە، دەچمە سەر پێناسەی دۆکیۆمێنتی کایرۆس و پێواژۆی سەرهەڵدان و

کاریگەرییەکەی، بەڵام بە کورتی، چونکە باسکردن و تێگەیشتینی تەواو لە دۆکیۆمێنتی ناوبراو باسی درێژتری دەوێ.

کایرۆس لەسەردەمی هەرەتی ڕژێمی ئەپارتایدی باشووری ئافریقا بڵاوکرایەوە.

ڕژێمی ئەپارتاید بە فەرمی ئەو ڕژێمە بوو کە لە ئەفریقا لە (١٩٤٨-١٩٩٠) لەسەرکاربوو. ئەپارتاید (Apartheid) وشەیەکی هۆڵەندی و باشووری ئەفریقایە کە واتای جیاکردنەوە دەگەیەنێ. مەبەستی ڕژێمەکەش جیاکردنەوەی ڕەگەزی بوو، واتە سپی پێست و ڕەشپێستەکان لەیەك ئایربکاتەوە. بۆیەش بە ڕژێمی ئەپارتاید (جیاکردنەوە) ناوی دەرکرد. ئەو ڕژێمە (١٠)دە قانوونی بۆ بەرجەستەکردنی چەسپاندی جیاکردنەوەی ڕەگەزی دەرکرد، بەوەی کە سپی پێستە کەمینەکان بەسەر زۆرینەی ڕەشپێستەکان دەسەڵاتدار و زاڵبکرێن. بەگوێرەی قانوونەکان هەردوولا لەیەك جیاکرابوونەوە تا لە گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون و پاسی هاتوچۆ و فەرمانگەکان و چێشتخانە و هتد..، بەمجۆرە ڕەشپێستەکان وەك هاوڵاتی پلە دوو بەرەو خوارتریش سەیردەکران. بەکورتی لە بەرامبەر ئەو چەوساندنەوە ڕەگەزپەرستانەیەدا ڕەشپێستەکان کەوتنە خۆسازدان و جوڵانەوە، بە زۆریش لەژێر سایەی پارتی کۆنگرەی خوارووی ئەفریقا بە سەرۆکایەتی (نیلسۆن ماندێلا) کە لە ئەنجامی خەباتدا بە هەزاران ڕەشپێست گیانی لەسەر دانا، خەباتکارە حزبییەکانیش زیندانەکانیان پێ پڕکردن، یەکێکیش لەو زیندانیانە (نیلسۆن ماندێلا) خۆی بوو، کە (٢٧) ساڵ لە زینداناد‌ا مایەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگ و سەرنجڕاکێشە بۆ بەراورد لەگەڵ تاوانەکانی (ئەنفال)دا دێتەوە لایەنە دینییەکەیە. سپیپێستەکان بۆ ڕەوایەتیدان بە ڕژێمەکەیان و چەوساندنەوەیان پەنایان بۆ هەمووشتێك دەبرد لەوانەش کەنیسە" لە کەنیسەشدا کەنیسەی سپی پێستەکان. ئەو کارەیان زۆر درێژەی کێشا، لەگەڵ درێژەپێدانی چەوساندنەوەکە هەر لە کەنیسە، بەڵام ئەمجارەیان کەنیسەی ڕەشپێستەکان چیدیکە ئەو چەوساندنەوەیەی بەناوی دین پێ قبووڵ نەکرا.

بۆیە (١٥٢) قەشە و پیاوە دینییەکانی کەنیسەکانی وڵات کۆبوونەوە و بەڵگەنامەیەکیان بەناوی کایرۆس (واتە ساتی ڕاستی گووتن) بڵاوکردەوە. لەو دۆکیومێنتەدا ڕەخنەی دینیان لە ڕژێم و هەموو ئەو قەشە کریستیانیانە گرت کە بوونەتە مایەی درێژەپێدانی ڕژێمی ئەپارتاید. هەر زوو ئەو دۆکیۆمەنتە لە وڵات بڵاوبووەوە دواتر سنووری هەرێمەکەی پەڕاند و وڵاتانی دیکەی کیشوەری ئافریقا و پاشان ئەورووپا و ڕۆژئاوا و جیهانیشی گرتەوە. لە هەموولایەك پشتگیری دۆکیۆمەنتەکە کرا" بەتایبەتیش لەلایەن کەنیسەکانی جیهان و ڤاتیکانەوە. بەمە ڕژێم بە تەواوی ڕەوایەتییە دینییەکەی لێ سەنرایەوە، بووە هۆکارێکی کاریگەر بۆ لاپەڕگە بوونێکی سیاسیانەی کوشندە و پاشان وڵاتان بایکۆتیان کرد و ڕژێمەکە بەتەنها مایەوە، باندۆری ئەم یەکدەنگییە هاوکار لەگەڵ خەباتی ڕەش پێستەکاندا، ڕژێم نەیتوانی خۆی بگرێ و بەناچاری لەژێر ئەو گوشارەدا کەوتە دانوستاندن لەگەڵ پارتی کۆنگرەی نیشتمانی و سەرۆکەکەیان ماندێلا. ئەوەبوو لە (١٩٩٠) ڕژێمی ئەپارتاید نەما و دواتر سەرۆك ماندێلا لە زیندان هاتە دەرەوە و بوو بە سەرۆك.

بەڵگەنامەی کایرۆس بەڵگەنامەیەکی نووسراوی دینی بوو کەتیایدا سێ تەوەرەی لە ڕوانگەی ئاینی کریستیانی لێکدابووەوە.

"کات پێگەیشت". ساتی ڕاستی هات. باشووری ئەفریقا تووشی ئاستەنگێك بووە مانگەکانی داهاتووش خراپتر دەبێ. کایرۆس ساتی ڕاستەقینە هەر بە تەنها بۆ ڕژێمی ئەپارتاید نییە، بەڵکو بۆ کەنیسەشە. ئێمە وەك کۆمەڵێك تیۆلۆگ هەوڵ دەدەین بە گەڕانەوە بۆ مێژوومان لەواتای تیۆلۆگی بگەین. بارودۆخ زۆر خراپ و زۆر دژوارە. بۆ زۆر لە کریستیانە ئەفریقاییەکان کایرۆس دەرفەتێکی لەبارە تاکو خوا تەحەدای بڕیاری سەپێنراو بکات. هەنووکە بارەکە زۆر دژوارە، چونکە گەر ئەو دەرفەتە

لەدەستبچێ بارودۆخەکە هەروا درێژەی هەبێ، ئەوا واتای لەدەستدان و دۆڕانی کەنیسە بۆ کریستیانەکان و هەموو ئاکنجیانی باشووری ئەفریقا لە مەحەکدایە. عیسا بۆ ئۆرشەلیم گریا. ئەو بۆ مەرگەساتی ڕووخانی شار و کوشتارگەی خەڵك دەگریا، کە لە پێش بوو "ئەو چەند ڕستانە دەستپێکی دۆکیۆمێنتەکە بوون.

ئەوان لە دۆکیۆمێنتەکە بە درێژی باسی ئەوە دەکەن کە خوا و مەسیح هەر هی سپی پێستان نەبوون و نین، بەڵکو هی پێست ڕەش و بۆر و هەموو مرۆڤایەتین، مەسیح لەپێناو ڕاستی و ئازادی و دادپەروەری بووە قوربانی. ئەوان لەسێ تەوەرە سەرەکییەکەی بەڵگەنامەکەیان لایەنی دینییان دابەشکردبووە سەر سێ بەش، لایەنی تیلۆگی دەوڵەت، کە بەتەواوی ڕەتیانکردەوە، چونکە دەوڵەت ئایینی وەك سایە بۆ چەوساندنەوە و خۆدزینەوە لە سزا و لێپرسینەوە بەکاردەهێنا، دووەمیش لایەنی تیۆلۆگی کەنیسە، بەتایبەتیش کەنیسەی سپی پێستەکان کە هەڵوێستێکی میانڕەوانەیان هەبوو، داوایان دەکرد ئاشتبوونەوە ببێ و گوێ لە هەموولایەك بگیرێ، ئەوەش لەسەر حیسابی ماف ڕەوای ڕەشپێستەکان، بۆیە ئەو هەڵوێستەشیان ڕەتکردەوە، لایەنی سێیەم کە داخوازیبوون تیلۆگی دینی وەك خۆی کە مەسیح داوای کردبوو، کە هەردوو لایەنی پێشوو دەوڵەت و کەنیسەی دەوڵەت فەرامۆشیان کردبوو.

بەم دۆکیۆمەنتە نەك هەر ڕژێمی ئەپارتاید ڕیسوابوو، بەڵکو لەگەڵیدا پیاوانی دینی و کەنیسەکانی سەر بەدەوڵەت و هەموو پیاوێکی ئاینی کە پاڵپشتی ڕژێمەکەی دەکرد ڕیسوابوون، ئەنجامەکەیشی لەماوەیەکی کەمدا دەرکەوت.

لێرەوە بێینەوە سەر کرۆکی باسەکەمان، ئایا مەبەست لەو بەراوردکردنە چییە؟

ئاشکرایە ڕژێمی پێشوو تاوانەکانی لەژێر ناوی ئەنفال کردووە. تاوانەکەش لە جیهانی ئیسلامیدا کاردانەوەیەکی نەرێیانەی نەدایەوە، بۆیە هەقە کۆنفرانسێکی ئیسلامی بەداخوازی پیاوە ئاینییەکانی کوردستان ببەسترێ تێیدا هەڵوێستی ئیسلام، وەك دەسەڵاتدار، مزگەوت، مەلا و هزرمەندە ئیسلامییەکانی کوردستان بەڕوونی و ڕاشکاوی دیارییبکرێ، پاشان هەوڵبدرێ ئەو دۆکیۆمێنتە ڕەزامەندی هاوشانەکانیان لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لەسەر وەربگیرێ و وەڵامی کۆمەڵێ پرس بدرێتەوە لەوانە:

ئایا ئەنفالکراوەکان موسڵمان بوون؟ ئایا خودی شاڵاوەکانی ئەنفال تاوان بوون؟ ئایا پێهەڵسێنەران موسڵمان بوون؟ ئایا ڕەوا بووە؟ ئایا قوربانیان ماف "رد الاعتباريان" نییە؟

ئەو ئایانە و چەندان (ئایا؟)ی دیکە وەڵام بدرێنەوە...

کارێکی لەوجۆرە بەتایبەتیش کە دادگا حوکمی خۆی دەرکردووە ڕەنگدانەوەیەکی زۆر ئەرێیانەی کارانکاز دەکاتە سەر ڕەوتی داوی مافە ڕەواکانمان.

# سەردەشتییەکان چۆن لە دادگایی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات بەشدار بوون و ئێستا چییان دەوێت؟

سازدانی: تۆبزاوە

کەیسی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت و گوندی ڕەشە هەرمێ لە پاڵ کیمیابارانکردنی گوندەکانی ئالۆتان و زەردە و شاری شنۆ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و کەیسەکانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و گوندی گۆپتەپە و بارەگای زێوەی (حشع) ئەو کەیسانە بوون بە فراوانی لە دادگای فرانس ڤان ئانرات لێکۆڵینەوەو بە دواداچونیان لەسەر کرا.

بۆ تیشك خستنە سەر بەشداریکردنی شاری سەردەشت لە دادگاکە،چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ دوو کەسی بنەماڵەی قوربانیانی ئەم شارە ئەنجام داوە کە بریتین لە هەر یەك لە بەڕێزان :حاجی ڕەحیمی کەریمی و ساڵەی عەزیز پوور ئەقدەم.




پ:چۆن بەشداری دادگاتان کرد؟.

وەڵام :ساڵی ٢٠٠٤ کە ئێمە بۆ بەشداری کۆنفرانسی ساڵانەی ئۆ پی سی دەبلیو ئۆ هاتبووین بۆ وڵاتی هۆڵەندا ،بە ڕێکەوت لە تەلەفزیۆنی نێت ڤێرکی هۆڵەندی هەواڵی گرتنی ئەومان گوێ لێبوو،ئێمەش لە ڕێگەی کاك عەلی ڕەحیمیەوە پەیوەندیمان بە پۆلیسی

ئەنتەرپولەوە کرد،هەردووکمان پێکەوە بەڵێنی بەشداریکردنمان دا،لەو چاوپێکەوتنەدا ئەو بەڵگە و دۆکۆمێنتانەی کە پێمان بوو دامان پێیان وە وەڵامی پرسیارەکانیانمان دایەوە،پاشان کە تەواو بووین وتیان کارمان پێتان بوو بانگتان دەکەینەوە وەك سکاڵاکەرێك.پاش چەند مانگێك شاندێکی دادوەری بە سەرپەرشتی بەڕێز فرێد تەیفن و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان کە پسپۆڕ بوو لە بواری چەکی کیمیاوی و پۆلیسی لێکۆڵینەوە هاتن بۆ شاری سەردەشت،دوو ڕۆژ لە شاری سەردەشت مانەوە،سەرەتا بەشداری لە پیشانگای ئەنجومەنی بریندارانی کیمیاوی شاری سەردەشتیان کرد و پاشان سەردانی هەموو ئەو جێگایانەیان کرد کەوتبوونە بەر هێرشی کیمیاوی و دواتر چاوپێکەوتنیان لەگەڵ برینداران ئەنجامدا.ئەوەی شایانی باسە لەبەردەم پیشانگاکە پێشوازییەکی جەماوەری گەورەی لە شاندەکە کرا.

شاندەکە لە ماوەی ئەو ٢ ڕۆژەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ١٦ کەس لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی کرد ،ئەوەی شایانی باسە سەدان کەسی دیکە ئامادەییان هەبوو بۆ بەشداری کردن لە دادگاکە.لە کۆتاییدا بەڕێز تەیفن وتی لەبەر ئەوەی کاتمان کەمە ئەوەندە چاوپێکەوتنە بەسە و بۆمان ڕونە لە شاری سەردەشت تاوانی جەنگ ئەنجام دراوە ،بەڵێنیشتان دەدەمێ لە سەر ئەو کارەساتە بەرگری بکەم و سزای تۆمەتبار بدەم. لەوانە ئەم ناوانە وەك سکاڵاکەر دیاری کران :ساڵەح عەزیز پور ئەقدەم،حەسەن کەریمی واحێد،قادر مەولا ن پوور، لەیلا مەعروف زادە" وە هەروەها لەگەڵ قوربانیانی شاری شنۆ و ئالۆتی بانە دانیشتنی کرد،زەردەو خوڕەمشەهر و ئابادان و تاران لەوانیش چەند سکاڵاکەرێك دیاریکران.

پ: خەرجی سەفەر و پارێزەری ئێوە کێ دابینی دەکرد؟.

وەڵام:تەواوی خەرجییەکان لە لایەن دەفتەری حقوقی ریئاسەت کۆماری ئێرانەوە دابین کرا،وەلێ ئەوەندەی پێشوو هەموو ڕێکخراوەکەمان خۆی دابینی کردووە.شایانی باسە حاجی ڕەحیمی کەریم واحێد بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێك بە ناونیشانی نوێنەری ئەنجومەن لەسەر خەرجی خۆی لە هۆڵەند مایەوەو وە لە جەلەسەکانی دادگادا بەشدار بوو.

پ:پرۆژەتان چییە بۆ بە دادگایی گەیاندنی ئەو کۆمپانیانەی ناویان لە دۆسیەکەدا هاتووە".

وەڵام:ئێمە هەر وەکو ئێن جی ئۆی مەدەنی بە تەنیای ناتوانین ئەو کارە گەورەیە بگرینە ئەستۆ،بە خاتری مەحدودیەتێك کە هەمانە ئەنجامی بدەین،ئەما ئەگەر سازمانە نێو نەتەوەییەکان وە ئێن جی ئۆیە مەدەنییەکان وە دەولەتەکان هاوکارمان بن،دەتوانین لە تەواوی ئەو کۆمپانیا و خەڵکانەی کە لە سازکردن و فرۆشتن و گەیاندن و عەمبار کردن و بەکار هێنان و .... ڕۆڵیان هەبووە سکاڵا بکەین.

پ :لەکۆتاییدا چی دەڵێن بە خەڵکی کوردستان؟.

وەڵام :ئەم دادگاییە دەسکەوتێکی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی وێنە نەبووە،لە لای ئێمەوە وەکو سکاڵاکەر و قوربانیان پێشکەش بە گەلەکەمان و بە مرۆڤایەتی و قوربانیانی چەکی کیمیاوی لە جیهانی دەکەین،کەسیش بە دەسکەوتی تایبەتی خۆی نەزانێت قوربانیان بۆ خۆیان خاوەندی ئەو دەسکەوتەن،وەلێ سوپاسگوزاریمان بۆ هەموو ئەوانە هەیە چ وەك ڕێکخراو وە چ وەك دادوەر و داواکاری گشتی ،چ وەك پارێزەر وە چ وەك پارتی سۆسیالستی هۆڵەندی وە هەروەها ئەو کەسانەی لە ڕۆژانی دادگا لە گەڵماندا بوون و خانە خوێمان بوون نموونە "مام عەلی ڕەحیمی و زیبا خان ،مارتین و عگید و عەلی مەحمود و کاك ئەمیر قادر و خوناو هەموو ماڵ و منداڵ و دۆستانیان و ئەوانەی جارێك هاتن بۆ دادگا.وە هیوادارین تەاوی ئەو کەسانە و کۆمپانیانەی هاوکاری ڕژێمی بەعسی ئێراقیان داوە کە ببێتە خاوەنی چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژ هەر وەك فرانس ڤان ئانرات بە دادگایی دادپەروەرانە بسپێردرێن وە بە سزای خۆیان بگەن،وە تەواوی ئەو وڵاتانەی کە چەکی کۆمەڵکوژیان هەیە بۆ خۆیان بە هاوکاری سازمانە نێو نەتەوییەکانی خەڵکی و دەوڵەتی چەکی کیمیاوییەکان لە بەین بەرن و جیهانێکی بێ چەکی کۆمەڵکوژمان هەبێت هەموو خەڵك لە هەر ڕەگەز و نەتەوەیەك بێت بە ئارامی ئاشتی و ئازادی پێکەوە بژێن.

# فرانس ڤان ئانرات وەك تاوانباری جەنگ سزا درا

چاوپێکەوتن: تۆپزاوە



ڕۆژی ٣٠-٦-٢٠٠٩ دوا بڕیار لەسەر سزای فرانس ڤان ئانرات لە لایەن دادگای باڵای هۆڵەندییەوە درا، بە باشمان زانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی پسپۆری کورد لەو بوارە لە وڵاتی هۆڵەندا ساز بکەین،بۆ خوێندنەوەی زیاتری ئەو ئەزموونەو هەنگاو نان بۆ کاری باشتر لە ئایندە.

تاوانبارانی جینۆسایدی کورد ئەوانەی تاوانکارن بە ئەنجامدانی تاوانە گەورەکان بەشێکیان هاندەران بۆتە شوێنی هەڵاتنیان لە دەست دادپەروەری ،بە ئەزموون وەرگرتن لەم دادگاییە دەتوانرێت هەنگاوی باشتر بنرێت لە ئایندە.

هاورێ باخەوان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کەیسی یوگسلافیا کار دەکات و شارەزایە لە بواری پرسی جینۆساید و دادگایی تاوانکاران. بۆ زانیاری زیاتر بە پێویستمان زانی سەبارەت بە دوا بڕیاری دادگا کۆمەڵێك پرسیاری ئاراستە بکەین.

پ١: چۆن دەڕوانیتە دەقی دوا بڕیار ؟، ئایا ئانرات بە ئەنجامدانی چ تاوانێك سزادراوە ؟.

وەڵام: کەیسی فرانس ڤان ئانرات، یەکێك بوو لەو کەیسە ئاڵۆزانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا دادگای هۆڵندیی لە شاری لاهایدا بەخۆیەوە خەریککردبوو. کەیسەکە ئەگەرچی لەباری نێودەوڵەتییەوە گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدرا، بەڵام ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بێئاگا نەبوو لێی و دەتوانم بڵێم تارادەیەك چاودێریی دەکرا، چونکە ئەگەرچی ئەم کەیسە سیفەتێکی هۆڵندی و بۆ هۆڵندا نێوخۆیی وەرگرتبوو لە ڕووی یاساوە، بەڵام لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی گرنگی هەبوو بە چەندین دەوڵەتەوە کە بەرگێکی نێونەتەوەیی پێ بەخشیبوو، لەوانە ئێراق و ئێران. لەسەر ئاستی کوردستانیش، گرنگییەکی زۆری هەیە. لەبەرئەوەی هەزاران کەس قوربانیی دەستی بازرگانییە چەپەڵەکانی کەسانی وەکو ئانراتن.

لە تاوانبار ئانرات، تاوانباری جەنگە و ئەمەش بە ڕوونی لە بڕیاری دادگای هۆڵندیدا هاتووە. هەڵبەت سزای ئانرات ڕۆژێك بێت یان زیندانی هەتاهەتایی ئەو گرنگە نییە، بەڵکو ئەوەی گرنگ بوو لە دادگاییەکەدا ئەوە سەپا کە نێوبراو وەك بازرگانێکی مەرگ بەشداریی کردووە لە کوشتنی کەسانی سیڤیلی کوردا و لە دەقی بڕیارەکەش بە ئاشکرا ناوی شوێنەکانی وەك هەڵەبجە و زێوێ و گۆپتەپە هاتووە کە لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە بەو گازەی کە ئانرات بۆیی بەدەستخستوون، ژەهربارانکراون*.

ئانرات بازنەیەکی گرنگی نێوان کۆمپانیا خۆرئاواییەکان و داگیرکەری ئێراق بوو بۆ وەدەستهێنانی مادەی کیمیاوی بۆ مەبەستی دروستکردنی چەکی کۆکوژ لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە. ئەو چەکانەش لە هەڵمەتی جینۆسایدی کوردا بەکارهاتن. هەربۆیە دەبوایە تاوانبار سەرباری تاوانباری جەنگ،

لەسەر تاوانی جینۆسایدیش دادگایی و بڕیاری لەسەربدرایە.

پ٢: ئەو تاوانانەی لێرەدا هاتۆتە پێشەوە زۆر کەمترە لە تاوانی ئەو شوێنانەی کە بەعس کیمیابارانی کردون،چی بکرێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەر دادگایەکی لەم چەشنە هاتە پێشەوە بتوانرێت کەیسێکی گشتی ئامادە بکرێت،کێ موقەسرە بەرامبەر بەمە.

وەڵام: لەڕاستیدا تاوانەکان زۆر لەوە زۆرتر بوون، من لە بڕیارەکەدا تەنها ناوەکانی هەڵەبجە و زێویێ و گۆپتەپەم بینی. ئەمەی کۆتاییان لە دەقی بڕیارەکەدا بە هەڵە نووسرابوو گوک تەپە.

هەڵبەت کەمتەرخەمییەکان لە هەموو لایەکمانەوەیە، ئێمە شارەزاییەکی ئەوتۆمان لەو پرۆسانەدا نەبووە و ئەوەشی کراوە دەبێتە سەرەتایەک تاوەکو لە داهاتوودا باشتر خۆمان بۆ هەر کارێکی لەو جۆرە ئامادە بکەین. من هەر کەمتەرخەمییەک لە کەیسی ئەم تاوانبارەدا دەگێڕمەوە بۆ دەستەڵاتی کوردی. ئەوان دەبووایە گرنگییەکی تەواویان پێی بدایە و هەموو بەڵگەیەکی تەواویان بخستایەتە بەردەمی دادگاکە، لەوانە دۆکومێنت و هێنانی چەندین شاهێدحاڵ لە کوردستانەوە بۆ لاهای و زۆریتر کە دەبوونە باشتر خستنەڕووی ئەو تاوانە درێوەی کە کەسێکی وەکو ڤان ئانرات لە دژی خەڵکی سیڤیلی کورد کردوویەتی. بۆ کەیسی ئەم تاوانبارە دەستەڵاتی کوردی بەلایەنی کەمەوە دەبووایە چەندین ئاماری ئەو ناوچانەی کە بەر شاڵاوی گازی کیمیاویی کەوتوون و ژمارەی قوربانییەکان و بەڵگە مادییەکانیانی پێشکەشی دادگا بکردایە. بەڵام ئەوان دادگای ئەنفال و هەڵەبجە لە بندەستیاندا بوو، چیی واهییان نەکرد، دەبێت بۆ ئەمە چییان لێ چاوەڕوان بکرێت!.

پ٣:چی بکرێت بۆ ئەوەی پرسی جینۆساید لە دادگایەکی ئەوروپی،یان پارلەمانێکی ڕۆژئاوایی بە فەرمی بناسرێت،ئایا لەم بوارەدا دادگای ئانرات ئامانجەکەی نەپێکا؟.

وەڵام: کێشەی ئێمە، کێشەی نەبوونی دۆکومێنتە. ئێمە دەیان ساڵە دەڵێین کەرکوک کوردستانە، کەچی تاوەکو ئێستا دوو کتێبی باشمان لەسەر ئەو ڕەوشە نییە!. بۆ پرسی جینۆسایدیش دەبێت هەرچی هەیە و نییە تۆماری بکەین و بە زمانی پەرلەمانەکانی ئەوروپا بیانخەینەڕوو. هەوڵەکانیش دەبێت بەردەوام بن و دیسان دەبێت دەستەڵاتی کوردی باشتر بیر لە گرنگیی ئەو کارە بکاتەوە.

ناتوانم بڵێم دادگایی ئانرات ئەو ئامانجەی پێکاوە، چونکە خودی دادگاییکردنەکە پەیوەندیی بە ململانێی حیزبە هۆڵەندییەکانیشەوە هەبوو. ئەو دادگاییەش جینۆسایدی گەلی کوردی نەسەلماندووە، بەڵکو وەکو تاوانبارێکی جەنگ سەیری تاوانباری کردووە. ئەگەر دادگای هۆڵندا هێرشەکانی ئەنفالیش بە جینۆساید ناوزەد بکات، هێشتا هەر بەس نییە و پێویستە لەسەر ئاستی بەرزتری وەک پەرلەمانی ئەوروپا هەوڵەکان چڕبکرێنەوە.

پ٤:ئەو وڵاتانە کێن بە پێی ئەم دۆسیەیە دەچنە پای هاوکارانی بەعسەوە لە قڕ کردنی کورددا.

هەموو ئەو وڵات و کۆمپانیا بازرگانییانەی بەشێوەیەك لە شێوەکان پشتگیریی لۆجیستییان پێشکەشی داگیرکەری بەعس کردووە لە قڕکردنی کوردا، تاوانبارن و دەبێت هەوڵی دادگاییکردنیان بدرێت. پشتگیرییەکانیش هەر تەنها بە پێشکەشکردنی گازی کوشندەوە نییە، بەڵکو ریسێپتی چۆنێتیی دروستکردنیشی هەر دەچێتە خانەی تاوانەوە. لەو ڕووەوە کۆمپانیاگەلێکی وڵاتانی ئەڵمانیا و هۆڵندا دەبێت دادگایی بکرێن.

پ٥:پەند و ئەزموونێك لەو دادگاییەوە.

وەك پێشتر گووتم، وڵاتانی ئەوروپا، وڵاتی تۆمار و بەڵگە و ڕۆتینن. دەبێت بۆ هەر کارێکی ئایندە باشتر پلانی ئەو شتانە دابنرێت و دەستەڵاتی کوردیش بۆ هەر کارێکی وای کە دێتە پێشەوە، ژوورێکی عەمەلیاتی پسپۆری بۆ دابینبکات و کە کەسانێکی پسپۆڕ بەڕێوەیبەرن بۆ سەرکەوتنی ئەو کارەی کە هاتووەتە پێش. چونکە بەڕاستی لەگەڵ ڕێز و پێزانین بۆ ڕێکخراوی چاك و هەموو ئەو کەسانەی بوونە هۆی دروستکردنی ئەو بڕیارە، ئەوانە بەس نین و دەبێت ئەو کارانە لەلایەن دەستەڵاتی کوردییەوە بە فەرمی پشتیوانیی لێبکرێت.

هاوڕێ باخەوان

- ئەو سێ جێگەیە تەنها لە باشوور ،لە دادگا کیمیابارانکردنی سەردەشت،ڕەشە هەرمێ،زەردە و ئالۆت و شنۆ و مەحمەڕەش کەیسەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بوون.

# ئەمەریکا و دادگای تاوانی نێودەوڵەتیICC





ئەو وڵاتانەی تا ساڵی٢٠٠٧ واژۆیان کردووه،بە ڕەنگی سەوز دیاریکراوه

ڕۆژی١٧-٧ بە ڕۆژی دادپەروەری لە جیهان دەناسرێت و ساڵانە لە سەرتاسەری جیهان یاد دەکرێتەوه،لەم ڕۆژە پەیماننامەی ڕۆما لە ساڵی١٩٩٨ لە دایك بوو،کە بووە سەرەتایەك بۆ پێکهێنانی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی ناسراو بە ئای سی سی،کە بارەگاکەی لە شاری لاهای هۆڵەندایە.

ساڵی١٩٩٨ ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان پڕۆژەی بڕیارەکەی پەسەند کرد بە١٢٠ وڵات لەگەڵ و٢١ بێدەنگ و٧دژ،دژەکانیش بریتی بوون لە هەریەك لەم وڵاتانە:"ئامەریکا،ئیسرائیل،چین،عراق،قەتەر،لیبیا،یەمەن".

لێرەوە بڕیارەکە بوو بە ناچاری پاش ئەوەی وڵاتی ژمارە٦٠پەیوەست بوو پێوەی،لە١١-٤-٢٠٠٢ سەرەتا١٠دەوڵەت بڕیاری پەسەندکردنی بڕیارەکەیان دا،وەلێ ژمارەیان لە هەمان کۆبونەوەگەیشتە٦٦وڵات،کە خۆی تەنها٦٠پێویست بوو بۆ بڕیاردان لەسەری.

لە سەرەتای دەست بەکار بوونی دادگاوه، داواکاری گشتی تا ئێستا لەسەر ئەو تاوانانەی لە"ئۆگەندا،کۆنگۆی دیموکراتی و ئەفریقای ناوەڕاست و دارفۆر" لێکۆڵینەوەی کردووەو دۆسیەی کردۆتەوە و چەندین تاوانکاری دادگاییکردووەو بڕیاری گرتنی چەندینی دیکەشی داوه.

ئەو وڵاتانەی پەیوەست دەبن بە دادگاوه، دوای مێژووی بڕیاردان لەسەری دادگا دەسەڵاتی خۆی پیادە دەکات و هەڵوێست لە ئاست پێشێلکارییەکان دەربڕێت .ئەم دادگایە بە هیچ جۆرێك ناگەڕێنەوە بۆ سەر تاوانەکانی پێش مێژووی١-٧-٢٠٠٢. ئەو وڵاتانەی پەیوەست دەبن بە دادگاکەوە لە کاتێك نەتوانن دادگایی تاوانبارانی خۆیان بکەن،دادگا بەو ئەرکە هەڵدەستێت،بۆ ئەوەی تاوانباران لە سزا ڕزگاریان نەبێت.

چین و هیند و ڕوسیا و ئامەریکا کە واژۆی پەممانەکەیان تاکو ئێستا نەکردووەو پەیوەست نەبوونە پێوەی ،بەردەوام ڕەخنەی لێدەگرن. دادگا لە بواری ستافی فەرمانبەران و دیاریکردنی بودجە تەواو سەربەخۆیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان ،بەڵام ڕێککەوتن لە نێوان هەردوولا هەیه.

تاکو تشرینی دووەمی٢٠٠٧ژمارەی پەیوەست بووان بە دادگاوە گەیشتە ١٠٥وڵات،٤١وڵاتی دیکەش واژۆی یاسای ڕۆمایان کردووه بەڵام تەسدیقیان



خۆپیشاندانی کوردان لەبەردەم دادگای ئای سی سی لە یادی سۆران مامە حەمە٢٠٠٩

نەکردووە.لە٢١یۆلی ٢٠٠٩ ژمارەی وڵاتە پەیوەستەکان بە دادگا گەیشتە١١٠ وڵات ،ژمارەی ئەو وڵاتانەی پەیمانامەکەیان واژۆ کردووە گەیشتە١٣٩وڵات.

لە وڵاتانی ئارەبی تەنها جیبۆتی و ئوردن ئەندامن لە دادگا.داواکاری گشتی دادگا لویس مۆرینۆ ئۆکامبۆی ئەرجەنتینییە و بە کۆی دەنگ هەڵبژێردرا.

لە٣١ئازاری ٢٠٠٥ دا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان دۆسیەی دارفۆری نارد بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی،هاوکات بڕیاری تایبەت دەرچوو لە ئەنجومەنەوە کە سودان و تەواوی ئەو لایەنانەی پەیوەست بە قەیرانەکەوە پابەند بن بە بڕیارەکانی دادگای تاوانی نێو نەتەوەییەوە،دادگا بڕیاری گرتنی عومەر حەسەن بەشیر و ئەحمەد هارون وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری مرۆڤایەتی و عەلی کۆشیب سەرۆکی جەنجوید دەرکرد،وەلێ سودان ئامادە نەبوو کەس تەسلیم بە

دادگا بکات.

فەرمانی دەستبەسەرکردنی عومەر بەشیر بێوێنە بوو لە مێژووی دادگا،ئەو تاوانەی لە ٢٠٠٣ دەستی پێکرد بە کوشتنی نزیک٣٠٠٠٠٠کەس لە دارفۆرییەکان گەیشت،لە پاڵ سوتاندنی ماڵ و گوندی دارفۆرییەکان و پەلاماری ژنان و کۆیلەکردنی منداڵان "ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ژمارەی کوژراوانی بە٧٠٠٠٠دیاریکرد،تاقیگەی بەلجیکی CRED ژمارەی قوربانیانی بە ١١٨١٤٢ قوربانی دیاریکرد".لە ٤ ی ئازاری ٢٠٠٩،دادگا یاداشتنامەی گرتنی عومەر بەشیری دەرکرد.هاوکات لە نۆڤەمبەری٢٠٠٨ بڕیاری گرتنی ٣لە سەرانی د،لە ناویاندا بەحر ئەبو قردە هەبوو ،کە خۆی چوو بۆ دادگا، لە شوباتی٢٠٠٩ شایەدی خۆیلە دادگا داو ئازاد کرا .

داواکاری گشتی سەبارەت بەو ٣دارفۆرییە وتی :هەموو ئامادەن بێن بۆ دادگا،بۆیە پێویست ناکات بڕیاری گرتنیان بۆ دەربکەین،ناوی دوانەکەی دی ئاشکرا نەکراوە تاکو ئێستا.

دادگا تەنها لەو تاوانە گەورەکانی وەک"جینۆساید،تاوانی شەڕ،تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی" دەکۆڵێتەوە، کە لە دوای بەرواری ١-٧-٢٠٠٢ئەنجام درابێتن.

دادگا هەوڵدەدات بۆ کۆتایی هێنان بە ڕزگار بوونی تاوانکاران لە سزا و دادپەروەری.

زۆر وڵات لەگەڵ ئەوە بوون دادگا دەسەڵاتی جیهانی هەبێت،بەڵام بەهۆی ناڕەزایی ئامەریکا ئەم بۆچوونە هەرەسی هێنا.ئێستا سنووری جوگرافیای دەسەڵاتی سنووردارە لە:

-ئەگەر تاوانکار هاووڵاتی یەکێك لە وڵاتانی ئەندام بێت"یان ئەگەر وڵاتی تاوانبار ڕازی بێت بە دادگایی کردنی".

- ئەگەر تاوانەکە لەسەر زەوی وڵاتێکی ئەندام لە دادگا ئەنجامدرا"یان ئەو وڵاتەی تاوانەکەی لەسەر ئەنجام دراوە ڕازی بێت لێکۆڵینەوە لەسەر تاوانەکە بکرێت و تاوانکار دادگایی بکرێت".

یەکێك لەو لایەنانەی کە خاڵی لاوازی دادگای نێونەتەوەیی تاوانباران ناسراو بە ئای سی سی ئەوەیە، ئامەریکا دانی پێدا نەناوە تاکو ئێستا، ئەم دادگایە وەك ناسراوە بە دادگای دادپەروەری لە جیهاندا،ئەمرۆ ڕۆڵی زۆر گەورە دەگێرێت بۆ پێشگرتن بە ئەنجامدانی پێشێلکارییە گەورەکان لە جیهاندا،بە تایبەت تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و جەنگ و تاوانی ژینۆساید،دان نەنانی ئەمەریکا بە دادگاکە لەگەڵ چەند گەورە زلهێزێکی وەك چین و هیند و ڕوسیا لە هەیبەتی دادگاکەی کەمکردۆتەوەو لاواز نیشانی دەدات،وەلێ وەك پرۆژەیەکی دادپەروەری لە جیهاندا دان نەنانی ئەو وڵاتانە پێی نەیتوانیوە لە هەیبەت و قورسایی و ڕەوایی کەمبکاتەوە، مرۆڤایەتی هەمیشە بۆ ڕێگرتن لە دوبارە بوونەوەی تاوانە گەورەکان و بەرپرسیارێتی هەموو مرۆڤایەتی لە ژیانی مرۆڤەکان بە تایبەت نەتەوە بندەستەکان ڕەوایی دەدات بەو دادگاییە.

**لە سەرەتای دەست بەکار بوونی دادگاوە، داواکاری گشتی تا ئێستا لەسەر ئەو تاوانانەی لە "ئۆگەندا، کۆنگۆی دیموکراتی و ئەفریقای ناوەڕاست و دارفۆر" لێکۆڵینەوەی کردووەو دۆسیەی کردۆتەوە و چەندین تاوانکاری دادگاییکردووەو بڕیاری گرتنی چەندینی دیکەشی داوە.**

### ئامەریکا و دادگا و پێشینەی مێژووی لەگەڵیدا

ئامەریکا هەموو کات لە هەڵوێستەکانی دوو لایەنە بووە، بەرژەوەندی لە کوێ بووبێت ئامادە بووە،ئیتر گوێی بە دادپەروەری و ڕەوایی نەداوە ، پشتیوانی لە دەست بەکار بوونی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تایبەت بە یۆغسلافیا و ڕواندای کردووە لە ساڵەکانی"١٩٩٣،١٩٩٤"دا،هەروەها دادگای نیمچە نێو دەوڵەتی بۆ سیرالیۆن"٢٠٠٠" و کەمبۆدیا"٢٠٠٣" و لبنان"٢٠٠٦"،بەڵام بەهەموو شێوەیەك بەرەو ڕووی ئای سی سی وەستاوەتەوە.

بەرپرسانی ئیدارەی کلنتۆن بەشداربوون لەو دانوساندنانەی کە بە ڕێککەوتن گەیشت لەسەر قانوونی بنچینەیی پەیماننامەی ڕۆما،ئەو پەیماننامە نێو دەوڵەتیەی لەسەر بنچینەی پەسەندکردنی لە ساڵی ١٩٩٨دا ،دواتر دادگای تاوانی نێو

دەوڵەتی ناسراو بە ئای سی سی دامەزرا.
ئامەریکا دەیەویست بە هەموارکردنی پەیمانامەکەوە پەیوەست بێت بە دادگاکەوە،بەڵام نەیانتوانی قەناعەت بە وڵاتانی دیکە بهێنێت بۆ هەموارکردنی بەرنامەی دادگا تاکو ببێتە ئەندام تیایدا،بەهۆی ترسی دەزگای سەربازی ئامەریکا"پنتاگۆن" لە دادگایی بارگاوی بە سیاسەت،بەرۆك بە هاوڵاتیانی بگرێت .
ئامەریکا لە ڕۆژی کۆتایی وادەی واژۆکردندا لە ٣١-١٢-٢٠٠٠دا ،واژۆی لەسەر یاسای ڕۆما کرد،هاوکات نیگەرانی خۆی لەوە ڕاگەیاند کە پەیمانامەکە زۆر خاڵی زیاندار بۆ ئەو و کەلەبەری گەورەی تێدایە،سەرۆك کلنتۆن وتی:خۆم ،هەروەها ئەو سەرۆکانەی لە دوای من دێن ڕێنوێنیان ناکەم ئەم ڕێککەوتنامەیە پێشکەش بە ئەنجومەنی پیران بکات بۆ پەیوەست بوون بە دادگاوە،تاکو ئەو خاڵانەی جێگای گومانی ئێمەن لانەبردرێن.
کلنتۆن پێش٣هەفتە لە دەرچوونی لە کۆشکی سپی ،لە دوا ڕۆژی دیاریکراو بۆ واژۆکردنی پەیماننامەکە لە بەرواری٣١-١٢-٢٠٠٠ پەیماننامەکەی واژۆ کرد و وتی :ئامانج لە واژۆکردن قەت بەمانای ئەوە نییە پابەند بین بە پەیمانامەکەوە یان پەیوەست بین پێوەی، لە درێژەی قسەکانیدا وتی :ئامۆژگاریم بۆ جێگیرەوەم ئەوەیە پەیمانامەکە نە نێرێت بۆ ئەنجومەنی پیران بۆ بڕیاردان لەسەری و پەسەندکردنی.
لە بەرواری ٦-٥-٢٠٠٢ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی ڕایگەیاند، ئامەریکا بە فەرمی ڕایگەیاندووە نایەوێت بەشێك بێت لە دادگاکە،هەروەها هیچ ئیلتزامێکی یاسای بە واژۆکردنی لە ٣١-١٢-٢٠٠٠ناکات،بەمەش بڕیاری پاشگەزبوونەوەی دا لە واژۆکردنی پەیمانامەکە.
ئامەریکا لە گەڵ ئەوەدایە دادگا لە ژێر دەسەڵاتی ئەنجومەنی ئاسایشدا بێت،بۆ ئەوەی هەر کاتێك ویستی ڤیتۆ لە دژی بڕیار و کارەکانی بەکار بهێنێت و بکەوێتە ژێر ڕەحمەتی خۆیەوە ،لە بەرواری٦-٥-٢٠٠٢ ەوە ئامەریکا هەڵوێستی نەیارانەی لەسەر دادگاکە وەرگرت، پاش ئەوەی بە فەرمی واژۆکردنەوەکەی ڕەتکردەوە.ڕامسفێلد وەزیری بەرگری ئەوکاتی ئامەریکا دوای پاشەکشەکردنی ئامەریکا لە دادگا وتی: دادگا شەرعییەتی نییە.تەنانەت هەڕەشەی تەداخولی سەربازی کرد دژ بە هەر وڵاتێك هاووڵاتیانی تەسلیم بە دادگا بکەن.هەروەها پەیماننامەی دوو قۆڵی لەگەڵ وڵاتان بەست بۆ پێشگرتن لە تەسلیمکردنی هاووڵاتیانی بە دادگا،تەنانەت لە ساڵی٢٠٠٤ یاسایەکی دەرکرد بە ناوی نزرکت قەدەغەی کرد هاوکاری ناسراو بەیوسید پێشکەش بەو وڵاتانە بکات کە پەیمانامەی دوو قۆڵی لەگەڵ واژۆ ناکەن سەبارەت بە تەسلیم نەکردنی هاووڵاتیانی بە دادگا.
لە ساڵی ٢٠٠٢،کۆنگرێسی ئەمەریکی بڕیاری لەسەر یاسایەك دا بەناوی پەلاماری لاهای، بە پێی ئەو یاسایە سەربازانی ئەمەریکی دەپارێزێت لە بەرامبەر لێپرسینەوەی ئەم دادگاییە.هەروەها بە پێی هەمان یاسا یاساغیکرد فەرمانبەرانی دەوڵەتی هاوکاری دادگای نیونەتەوەیی تاوان بکەن کە بە "یاسای پەلاماری لاهای ناسراوە".بە پێی ئەو یاسایە هەموو مافێك دەدرێتە سەرۆك هەر ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ ئازادکردنی هەر هاووڵاتییەکی ئەمەریکی یان هەر کەسێك لە هاوکارانی ئامەریکا گلبدرێتەوە یان زیندانی بکرێت لە لایەن دادگای ناوبراوەوە یان بە فەرمانی ئەو دەست بەسەر یان زیندانی بێت.
بۆش یاسای پاراستنی تاکەکانی سەربازی ئەمەریکی واژۆ کرد،کە ڕەخنە بوو لە دادگای تاوانی نێو نەتەوەیی،هەروەها هەڕەشەی بڕینی هاوکاری هەموو ئەوانەی کرد کە هاوکاری دادگا دەکەن دژ بە هاووڵاتیانی.

هەڵوێستی ئێستای ئامەریکا سەبارەت بە دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی

ئیدارەی بۆش کەوتە بەر ڕەخنەی توند سەبارەت بە هەڵوێستی دژایەتیانەی بۆ دادگای تاوانی نێونەتەوەیی لە سەروبەندی چوار ساڵی یەکەمی دەسەڵاتیدا،هەرچەندە تەحەفوزاتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر دادگای ناوبراو دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی بۆش و بە دیاریکراوی لە

**ئەمەریکا هەموو کات لە هەوڵوێستەکانی دوو لایەنە بووە، بەرژەوەندی لە کوێ بوبێت ئامادە بووە،ئیتر گوێی بە داد پەروەری و ڕەوایی نەداوە**

سەردەمی کیلنتۆنەوە دەستی پێکرد،چاوەڕوان دەکرێت لەسەردەمی سەرۆك باراك ئۆباما و دوای ئەم چوار ساڵەش بەردەوام بێت. وەلێ گۆڕانکارییەکە لەوەدایە پێشبینی دەکرێت ئیدارەی ئۆباما لە هەڵوێست و مامەڵەکردنیدا نەرمتر بێت لەبەرامبەر دادگاییەکە و نیشانەی پشتیوانی بێ واژۆکردن بدات بە دەستەوە ،وەلێ بۆ پەیوەست بوون پێوەی پێشبینی ئەوە ناکرێت لە ماوەی نزیکی داهاتوو بێتە دی و ئامەریکا ببێتەبەشێك لە دادگاییەکە. زۆر هۆی ناوخۆیی لە ئارادایە بۆ ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پەیوەست نەبێت بە دادگاکەوە گرنگترینیان بریتییە لە دژایەتیکردنی کۆنگرێس بۆ ئەو دادگاییە،ئیدارەی ئۆباما لە بارودۆخی پڕ لە قەیران و تەنگژەی سیاسی ،ئابووری،کۆمەڵایەتی ئێستادا ناتوانێت دەست بۆ ئەو شەڕە ببات بە تایبەت لە گەڵ پنتاگۆن و کۆنگرێس و ئەنجومەنی پیران و هەواڵگری و..... هاوکات دەزگا سەربازییەکان وەکو پێشوو نەیارن بۆ دان نان بەو دادگاییە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، بە تایبەت ئێستا وڵاتە یەکگرتووەکان هێزی زیاتری لە دەرەوەی سنوورەکان هەیە بە تایبەت لە هەردوو وڵاتی "ئێراق و ئەفغانستان"ئەگەری زۆرە بکەوێتە بەر تۆمەتبارکردن بە ئەنجامدانی پێشێلکاری و لێپرسینەوەو دادگاییکردن،کاتێك خۆی و ئەو وڵاتانە واژۆی پەیمانامەکە بکەن!.

کاتی خۆی لە لایەن ئەندامانی پارتی کۆماری لە ئەنجومەنی نوێنەران،تەنانەت لە لایەن زۆر لە ئەندامانی لیستی دیموکرات لە ئەنجومەنی پیران،لە ناویاندا ئەندامی ئەنجومەنی پیران خاتوو هیلاری کیلنتۆن دژایەتی واژۆکردنی ئەم پەیمانامەیە کرا.وەلێ با بزانین ئێستا خاتوو هیلاری کلنتۆن سەبارەت بە پەیوەست نەبوونی ئامەریکا بە دادگاکەوە چی دەڵێت، هیلاری کلنتۆن لە کینیا وتی:هەست بە داخ و کەسەرێکی قول دەکەین بە هۆی ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەندام نییە لە دادگای تاوانبارانی نێو نەتەوەیی کە دا مەزرا بۆ دادگایی تاوانبارانی جەنگ و ئەنجامدەرانی کۆمەڵکوژییەکان و تاوانەکانی دیکەی دژ بە مرۆڤایەتی".پابەند نەبوون بە دادگای نێو دەوڵەتی تاوانباران لە لایەن ئامەریکاوە لە ڕاستیدا کەسەرێکی گەورەیە بۆ ئامەریکا کە پابەند نەبێت بە دادپەروەری نێو نەتەوەییەوە،کە خۆی بە پارێزەری دادپەروەری لەجیهاندا دەزانێت.هاوکات هەڵوێستی نەگەتیفی ئامەریکا دەردەخات بەرامبەر بە دەزگا نێو دەوڵەتییەکان.

**لە بەرواری ٦-٥-٢٠٠٢ ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی ڕایگەیاند، ئامەریکا بە فەرمی ڕایگەیاندووە نایەوێت بەشێك بێت لە دادگاکە**

ئیدارەی ئۆباما لە ڕێگەی هیلاری کلنتۆنەوە لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٦-٨- ٢٠٠٩ لە شاری نایرۆبی پایتەختی کینیاوە،لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا، لێدوانێکی دا بە قازانجی دادگای ناوبراو ،لە لێدوانەکەیدا وەك بینیمان خاتوو هیلاری کلنتۆن نیگەرانی خۆی دەربڕی کە ئامەریکا تاکو ئێستا بەشێك نییە لەو دادگاییە. ئەمە لە کاتێکدا بوو حکومەتی نایروبی ڕایگەیاند ویستیان هەیە تاوانبارانی خۆپیشاندانەکانی دوای هەڵبژاردنەکانی کینیا کە زۆر پێشێلکاری گەورەی لێبوەوە لە دادگای ئای سی سی دادگایی بکرێن.

لێدوانەکەی هیلاری کلنتۆن سەبارەت بە دادگا نەرمتر لە پێشووتر خۆی دەنوێنێت و نیشانەی پۆزەتیفی تێدایە بۆ دواڕۆژی دادگاکە،ئیدارەی بۆش نەیاری خۆی بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەك نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان نا شاردەوە،وەلێ هەڵوێستی ئیدارەی نوێی ئۆباما زۆر جیاوازە لەو هەڵوێستە توندڕەوانەی ئیدارەی بۆش. لێ مەرج نییە ئەم ئیدارەیەش پشتیوانی لە کار و چالاکی زۆر لەو ڕێکخراوانە بکات،بەڵام بە قازانجی سومعەی ئامەریکا تەواو دەبێت و هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە کار و چالاکی بەشێکیان دەگۆڕێت و پێگەیان بەهێز دەکات بە تایبەت ئای سی سی ، کە ڕاستەوخۆ ئێستا لایەنە لەکێشە مەتریسادارە نێو نەتەوەییەکان.

لەمەش زیاتر ئیدارەی ئۆباما بڕیاری داوە ساڵی داهاتوو لە کۆنگرەی ئای سی سی بەشداری بکات،ئەمەش بۆخۆی هەنگاوێکی باشە و پێگەی ئەم دادگاییە بەهێزتر

دەکات ،سەرۆکانی پێشووتر ڕەتی ئەوەیان دەکردەوە نەك بەشداری کۆنگرەی ساڵانەکانی بکەن بگرە پشتیوانیشی بکەن و نایانەویست ڕەوایەتی پێ ببەخشن،ئەمەش هێما و نیشانەی باشە و ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت هەنگاونان بێت بۆ پەیوەست بوون بە دادگاکەوە لە ماوەی درێژخایەنی ئاییندە.

بۆ پەیوەست بوون بە دادگاوە ،ئیدارەی ئۆباما پێویستی بەوە هەیە قەناعەت بە دەزگای سەربازی بهێنێت بۆ پەیوەست بون بە دادگاکەوە،ئەویش پاش ئەوەی ئەو پێشنیارانەی ئیدارەی بۆش و کلنتۆن پێشکەشیان کرد بۆ هەموار کردنی دادگا،پێش ئەنجامدانی ئەو هەموار کردنە ٦٧ سەناتۆر بەهیچ شێوەیەك پشتیوانی ناکەن لەو هەوڵە،ئەمەش بۆ خۆی دەربڕی ئەوەیە پەیوەست بوون بە دادگا لە توانای ئیدارەی ئۆباما نییە بە تەنها،بە زۆر تەلبەند دەورە دراوە.

ئیدارەی ئۆباما دەتوانێت بێ پەیوەست بوون بە دادگاکەوە ،هاوکار بێت وەك بەشداریکردن لە دەزگای بەڕێوەبردن،هاوکاری سیخوڕی و دیبلۆماسی و پشتیوانی سیاسی و لۆجیستیکی و دارایی پێشکەشی بکات.هەرچەندە دادگا زۆر پێویستی بە پەیوەست بوونی ئامەریکا و پشتیوانی ئەو هەیە بەڵام زۆر لە ئەندامەکانی بەرگری دەکەن لە ئەنجامدانی ئەو چاکسازیانەی ئامەریکا دەیەوێت،بۆ ئەوی وا نیشان بدەن ناکەونە ژێر پاڵەپەستۆی ئامەریکاوە.

لە سەردەمی سەرۆك بۆشدا،کاتێك دۆسیەی دارفۆر بووە ڕۆژەڤی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی بەرامبەر بەو پێشێلکاریانەی حکومەتی عومەر بەشیر ئەنجامی دا لەو هەرێمە،ئامەریکا هەڵوێستێکی دیکەی وەرگرت و بڕیاری پشتیوانی و کۆمەکی داواکاری گشتی دۆسیەکەی دا.تەنانەت کار گەیشتە سەر ئەوەی کۆندەلیزا ڕایس هەڕەشەی بەکار هێنانی ڤیتۆی کرد دژ بە هەوڵی وڵاتانی چین و فەرەنسا لە ئەنجومەنی ئاسایش، کە دەیانەویست ڕێگربن لەبەردەم دەرچوونی بڕیار سەبارەت بە عومەر بەشیر.کەواتە هەموو کات ئامەریکا دوو فاقیانە هەڵوێستی وەرگرتووە،تەنانەت لەو سەردەمەی بە تەواوی دادگای ڕەتکردۆتەوە،وەلێ کە بڕیارێك جووت بوو بێت لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی چاوی لە ئاست هەڵوێستەکانی پێشتری نووقاندووە.

## ئێراق و واژۆ کردنی پەیمانامەکە

واژۆکردنی ئەم پەیماننامەیە لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە ئەهمیەتێکی زۆری

**بۆ پەیوەست بوون بە دادگاوە ،ئیدارەی ئۆباما پێویستی بەوە هەیە قەناعەت بە دەزگای سەربازی بهێنێت بۆ پەیوەست بون بە دادگاکەوە**

بۆ سەر دواڕۆژی کورد لەم وڵاتە هەیە،گرنتی زامنی دوبارە نەبوونەوەی کۆمەڵکوژی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و جەنگە لە هەمبەری،لە کاتێکدا کورد بە زۆر پۆستی گەورە بەشدارە لە دەسەڵاتدارییەتی دەبوایە لەم ئاستەیا هەنگاوی هەڵبهێنایە،"هەرچەندە ئێراق لە بەرواری١٥-٢-٢٠٠٥ پەیوەست بووە بە پەیماننامەکەوە،پاشان بێ هیچ ڕونکردنەوەیەك پەشیمان بۆتەوە"،من گرنگترین هۆکار بۆ واژۆ نەکردنی ئەم پەیماننامەیە بۆ ٣ خاڵ دەگەڕێنمەوە:

١-بوونی ئامەریکا لە ئێراق،ئەمە بەهێزترین خاڵە،ئەگەر ئێراق ئەم پەیمانامەیە واژۆ بکات ڕاستەوخۆ لە کاتی پێشێلکاریدا دادگا دەبێتە تەرەف بەرامبەر بە پێشێلکاری وڵاتی داگیر کەر و ئەندامانی هێزی ئامەریکا ئەوانەی پێشێلکاری دەکەن دادگایی دەکات،دیارە ئەمەریکا لە دادگایی ئەندامەکانی و سزا دانیانییەوە باکی نییە،بەڵکە لە بڕیارەکانی دادگا دەترسێت بە سزا دانی هاووڵاتیانی بە تاوانە گەورەکان.

٢-نەزانینی گرنگی دادگاکە و نزمی ئاستی هوشیاری و هەست نەکردن بە ڕۆڵی ئەم دادگاییە لە لایەن بەرپرسانەوە.

٣-مانی ڕوحی شەڕخوازی لە ناو دەسەڵاتدارانی نەتەوەی سەردەست .

لە کۆتاییدا هیوادارم پاڵەپەستۆیەکی وا پێك بهێنرێت لە لایەن کەسوکاری قوربانیان و پارت و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەسەڵاتدارانی کورد وئێراقی ناچار بکەن ئەم پەیماننامەیە واژۆ بکەن .

# وەڵامێك بۆ روونکردنەوەکەی شێخ ئیبراهیمی شێخ نەسرەدینی سەرۆك جاشی فەوجی ١٠٢



دەرسیم دیبەگەیی
Darsim٢٠٠٦@hotmail.com

دوای ئەوەی دیمانەیەکم لەگەڵ ڕۆژنامەی میدیا ئەنجام داو، دیمانەکە لە لاپەڕە (١٤)ی ژمارە (٤٤٦)ی ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی (٣,٨,٢٠١٠)دا بڵاوکرایەوە، لە دیمانەکەدا لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی میدیادا: بزووتنەوەی گۆڕان کە بزووتنەوەیەکە زۆرجار باس لە پێشێلکردنی ماف کەسوکاری ئەنفالکراوان دەکات، ئەوان تا چەند جێگەی ئەنفالچییەکانیان لەناو ریزەکانی خۆیان کردۆتەوە؟ لە وەڵامدا گووتومە: بزووتنەوەی گۆڕانیش بەشدارە لە داڵدەدانی تاوانبارانی ئەنفال، ناوی دوو سەرۆک جاش و ئیبراهیمی شێخ نەسرەدین بەرزنجیم بردووە، وەکو ئەو سەرۆک جاشانەی کە لەناو ریزەکانی ئەو بزووتنەوەیەدان. ئەو سێ سەرۆک جاشەی کە ناوم بردوون هەرسێکیان بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی لای بەندە، بەشداری ئەنفالەکانیان کردووەو فەرمانی دەستگیرکردنیشیان لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بۆ دەرچووە.

دوای ناوهێنانی ئەو سێ سەرۆک جاشە، ئەوەبوو ئیبراهیمی شێخ نەسرەدین بەرزنجی سەرۆک جاشی فەوجی (١٠٢)ی جاشە سووکەکان، روونکردنەوەیەکی بە پەلەی وەکو وەڵامێك بۆ قسەکانی من بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی ناردبوو. ڕۆژنامەی هاوڵاتی روونکردنەوەکەی ناوبراوی لەژێرناوی (روونکردنەوەیەك لەلایەن موستەشارێك بەناوی (شێخ ئیبراهیم شێخ نەسرەدین) بۆ گەلی کورد)دا لە لاپەڕە (١٧)ی ژمارە (٦٥١)ی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (٤,٨,٢٠١٠)دا بڵاوکردۆتەوە.

سەرۆك جاشی فەوجی (١٠٢)ی فەوجە سووکەکان لە روونکردنەوەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە پێنج هەزار جاشی هەبووەو، هەر سەرۆك جاشێکیش بەلای کەمەوە ژیانی زۆرتر لە هەزار کوردی پاراستووە. ناوبراو ناوی شازدە کەسی ڕێزکردووە کە لە مردن ڕزگاری کردوون و لە کۆتاییشدا بەمشێوەیە هەڕەشەیەکی شاردراوە دەکات کە دەڵێت: (هیوام وایە جارێکی تر ئەم ناوزڕاندنە دووبارە نەبێتەوەو ببێتە هۆی ئاژاوە نانەوەو دووبەرەکی ناو گەلی کورد).

نازانم و تێناگەم چۆن ئەو هەموو سەرۆك جاشانە، فەرماندەی مەفرەزە

تایبەتییەکان، سەرۆک ئەرکانی بەناو سوپای ئێراق فەریق روکن نزار عەبدولکەریم ئەلخەزرەجی، جێگری بەڕێوەبەری ئیستخباراتی گشتیی وەفیق عجیل حەمود ئەلسامەڕائی، فەرماندەی فەیلەقی یەکەم لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلتائی، فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم لیوا روکن فارس نوعمە حوسێن ئەلمحیاوی و هەزاران پیاو خراپی تر) پەیوەندی ژێر بەژێریان لەگەڵ سەرکردایەتی کورد هەبووبێت، کەچی زۆرتر لە دوو سەد هەزار کورد ئەنفال کرابێت؟ باشە با وا دابنێین کە ئەمە راستەو هەر سەرۆک جاشێك کە وەکو سەرۆک جاشی فەوجی (١٠٢) باسی کردووە، زۆرتر لە هەزار کوردی رزگار کردووە. خۆ کورد (٣٦٦) فەوجی جاشانی هەبووە، هەر سەرۆک جاشێك زۆرتر لە هەزار کوردی رزگار کردبێت، ئەوکاتە کۆی رزگار کراوەکان دەگاتە نزیکەی (٤٠٠) هەزار کەس. ئەمەش دوورە لە راستی، چونکە ئەگەر وابوایە نەدەبوو کورد زۆرتر لە (٢٠٠) هەزار کەسی لێ ئەنفال بکرایە! خۆ ئەگەر بڵێین نیوەی ئەو ژمارەیەی کە هەر سەرۆک جاشێك رزگاری کردبێت لە ئەنفالەکان بووەو، نیوەکەی تریش لە پێشمەرگە دەستگیرکراوەکان، زیندانیانی سیاسی، رێکخستنە نهێنییەکان و سزا دراوەکان بە سێدارە بووە، ئەوکاتە کورد کەسی ئەنفال نەدەکرا، هەروەها نە زیندانییەکیشی لە سێدارە دەدرا نە زیندانەکانی بەعسیش ئاوا پڕ دەبوون!!

ئیبراهیمی شێخ نەسرەدین باسکردنی تاوانەکانی سەرۆک جاشی فەوجە سووکەکان بە ناوزڕاندن دەزانێت و، دووبارە باسکردنی تاوانەکانیان لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت بە هۆکاری نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی ناو ریزەکانی گەلی کوردی ناودێر دەکات، کە ئەمەش هەڕەشەیەکی شاردراوەیەو ناوبراو لەو کەسانەی دەکات کە پەردە لەسەر تاوانەکانی ئەو و هاوشێوەکانی هەڵدەدەنەوە.

وەکو وەڵامێك بۆ روونکردنەوەو هەڕەشە شاردراوەکەی ئیبراهیمی شێخ نەسرەدین عەزیز بەرزنجی، تەواوی بەشدارییەکانی ناوبراو لە شاڵاوە دڕندانەکانی ئەنفالەکاندا دەخەمەڕوو، کە بەشێکە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان) کە لەماوەیەکی کەمی داهاتوودا چاپ دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە.

لە پەرتووکی ناوبراو لەسەرەوەدا بەمشێوەیە باسی سەرۆك جاشی فەوجی (١٠٢)ی فەوجە سووکەکان کراوە: (راوێژکاری فەوجی (١٠٢)، شێخ ئیبراهیم شێخ نەسرەدین عەزیز بەرزنجی (شارەزووری))، بەشداری ئەنفالەکانی (١+٢+٥+٦+٧)یان کردووە. ئێستاکە سەربە بزووتنەوەی گۆڕانی نەوشێروان مستەفایە. سەبارەت بە بەشداری کردنی فەوجی ناوبراو لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەك و دوو

– سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارەی (٦٥٣٦)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (١٧,٤,١٩٨٨)، هەروەها رۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (٦٧٧٧)ی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (٥,٤,١٩٨٨)، ل٦، کە شێخ ئیبراهیم بەرزنجی دەڵێت: شەڕکەرانی فەوجەکەمان بەشداری کاریگەریان کردووە لە ئەنفالەکانی یەك و دوودا). سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەك، پێنج، شەش و حەوت، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی ١٤٨، ١٦٧). شێخ ئیبراهیم نەسرەدین عەزیز بەرزنجی، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (١٠٢٤)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای بەناو ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. ئیبراهیم نەسرەدین عەزیز بەرزنجی، راوێژکاری فەوجی (١٠٢)ی فەوجە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (٤+٤٢١)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی ناوی داواکراوەکان). ئەگەر دوو سەرۆک جاشەکەی تریش دێنە وەڵام تاوەکو باسی بەشداری ئەوانیش لە ئەنفالە بەدناوەکاندا بخەمەڕوو.

# پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی چاودێری کوردۆساید – چاك پەسەندکراوی کۆنگرەی سێیەم ٢٠٠٩

## Kurdocide watch – CHAK٢٠٠٢

**ناوەڕۆك**


**١.پێشەکی**

**٢.پێناسە**

**٣.ئامانجەکان**

**٤.پەیڕەوی ناوخۆ**

**٥.پاشکۆی پەیڕەوی ناوخۆ**


١.پێشەکی

کوردستان لە سەردەمی نوێ و دروستبوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا، هەروەها بەتایبەتی لەدوای رووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی و کۆتاییی جەنگی جیهانی یەکەم، ئالوگۆڕی لە لایەن داگیرکەری جیاجیاوە پێکرا و بەژێر دەستەیی مایەوە، لەو ماوەیەدا و تا ئێستا خەڵکی کوردستان بەرەورووی چەوساندنەوە و هەوڵی تواندنەوەی بەردەوام بوون، ئەو تاوانانەی بەرامبەر بەگەلی کوردستان کراون کەمتر نین لەو تاوانانەی بەرامبەر گەلانی تری وەکو ئیندیانەکانی ئەمەریکا، ئەرمەن، جولەکە، هوتووەکانی بۆرۆندی، توتسییەکانی رواندا، بۆسنییەکان ودارفورییەکان گەلانی دیکە کراون.

بەدرێژایی تەمەنی داگیرکاری لە کوردستاندا، هەزاران گوند، شارەدێ و شارۆچکە سوتێندراون و خاپوورکراون. خەڵکی کوردستان لەکات و سەردەمی جیاجیادا بەسەدان هەزاریان دەرکراون یان راگوێزراون و لەشوێنیاندا تورك، فارس و عەرەب نیشتەجێکراون. ناسنامەیان لێسەندراوە یان بەزۆر گۆڕدراوە، راوەدوو نراون، دەستدرێژی کراوەتە سەریان، زینیدانیکراون، رفێندراون و شوێنبزرکراون. ئەو پاکتاوە سیستەماتیکیانە لە لایەن داگیرکەرانەوە پیادەکراوە. هەموو ئەو تاوانانە بەرامبەر بەبوونی نەتەوەی کورد و ئەندامانی سەر بەم نەتەوەیە لەبەر کورد بوون ئەنجامدراون.

داگیرکەرانی کوردستان سڵیان لە بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی وەکو ژاری کیمیاوی و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی نەکردۆتەوە. ژینۆسایدکردنی کوردەکانی ناوچەی دەرسیمی باکووری وڵات لە ساڵانی ١٩٣٧ و ١٩٣٨دا ژاری کیمیاوی بۆ لەناوبردنی کورد لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە بەکارهاتووە کە پێشتریش لە ساڵی١٩١٥دا،گەلی ئەرمەنی جینۆسایدکرد و زیاتر لە ملیۆن و نیوێك هاووڵاتی ئەرمەنی لە ناو برد، هاوکات سریانەکانیش بێبەش نەکران لە کۆمەڵکوژی. لەبەهاری ساڵی ١٩٨٧ لە گوندەکانی بانە و مەریوانی خۆرهەڵاتی وڵات، گوندەکانی خۆشناوەتیی وەکو شێخوەسان و بالیسانی باشووری وڵات هەروەها دواتر شاری سەردەشتی خۆرهەڵاتی وڵات وەکو یەکەمین شاری کوردستان، ژاری کیمیاوی لە ژینۆسایدی کورداندا بەکار هاتووە. لە مارتی ١٩٨٨دا گەورەترین هێرشی کیمیاوی بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەلایەن دەوڵەتی داگیرکەری ئێراق کرایە سەر خەڵکی بێبەرگریی شاری هەڵەبجە لە باشووری کوردستان. هەر لە هەمان ساڵدا لە ناوچەکانی سێوسێنان، گەرمیان، گۆپتەپە،خۆشناوەتی، باڵەکایەتی و بادینان لە باشووری کوردستاندا

ژاربارانی ئەم ناوچانە کرا.
کۆمەڵکوژیـــەکانی قـــەڵادزێ، قـــارنێ و قەڵاتان ، عامودا و دە رسیم و هی دیکە ئامـاژە بـەپاکتاوی رەگـەزی و تـاوانی جــەنگ و دژ بەمرۆڤایــەتی دەکــەن. بەعـەرەبکردن، تواندنـەوە و پاکتـاوی سیستەماتیکیانەی کوردە فەیلییەکان و ئێزدیـەکان لـە باشـووری کوردسـتان و ئێراقـدا، کۆمـەڵکوژیی نزیکــەی ٨٠٠٠ بارزانی لەساڵی ١٩٨٣ و ١٨٢,٠٠٠ هـەزار کـەس لـە پرۆسـەی ئـەنفال لـە سـاڵی ١٩٨٨دا، لەگـەڵ خـاپورکردنی هـەزاران گوند و شارەدێ و شارۆچکەی باشـووری کوردســتان بەڵگــەی بــوونی تــاوانی ژینۆساید دەسەلمێنن.
نکــۆڵیکردن لــە مافــە نەتــەوەیی و فەرهەنگییـەکان و قەدەغـەکردنی زمـانی کــوردی لــە بــاکووری کوردســتان، راگواستنی زۆرە ملێیانـەی گونـدەکان و هەوڵدان بۆ تێکدانی شوێنەوارەکان و ... هتـد، بەشـێکی دیکەیـە لەسیاسـەتی پاکتاوی رەگەزی و ژینۆساید، کـە دژ بە گەلی کورد ئەنجامدراوە.
بە هەمان شێوە سیاسەتی نکۆڵیکردن لە بـوونی نەتەوەیـەک بـەناوی کـوردەوە، سیاسـەتی تـەعریبکردن لـە رۆژئـاوای کوردســتان و دەســت بەســەرداگرتنی زەوی و زاری کـوردان بەیاسـا بـەرێوە دەچێت لە سیاسەتی پاکتاوی نەتەوەیی دژ بە کورد سەرچاوە دەگرێت.

**مێــژووی دروســتبوونی چــاودێری کوردۆساید**

بـەهۆی لـەبیرکردن، کەمتەرخـەمی و بێدەنگی بەرامبەر بە دۆسییەی هەڵەبجە و ئەنفال و سیاسەتی پاکتاوی نەتەوەیی لـە هـەموو پارچـەکانی کوردسـتان، لـە رێکەوتی ٦-١-٢٠٠٢ بەبانگەوازێك کە لە ماڵپەڕی کوردستان نێت بڵاو کرایـەوە، کـەمپینی هەڵەبجـە و ئـەنفال راگەیـەنرا، لەدەســــــتپێکدا دەســــــتەیەك لەکوردسـتانییانی هەنـدەران و نـاوخۆی کوردستان لەدەوری کۆبوونەوە و بـوونی رێکخراوێکـی وایـان بەپێویسـت زانـی. ســەرەتا لەســەر تــۆری ئەنتــەرنێت لەرێگـەی پاڵتۆلـك (ژووری کوردســتان پێـشکەوتنخوازان) درێـژەی بـەکار و چـالاکیەکانی خۆیـدا. ئـەم کەمپینـە درێـژەی کێـشا و خـەڵکی دیکـەی لـێ کۆبــووەوە، کـــە پێویـــستبوونی رێکخراوێکـــی گـــەورەتر و خـــاوەن ئاسـۆیەکی دوورتـری هێنایەپێـشەوە. ئـەوەبوو لـەمانگی ئۆکتۆبـەری هـەمان ساڵدا لـە کۆبوونەوەیەکدا لـە پاڵتۆلك، کـەمپینی هەڵەبجـە و ئـەنفال گـۆڕدرا بۆ رێکخراوێکی سەربەخۆی خاوەن پـەیڕەو و پرۆگرام، بە ناوی "ناوەنـدی هەڵەبجـە دژ بەئـەنفالکردن و ژینۆسـایدی گـەلی کورد (چاك)"، کـە وەکـو ناوەنـدی چاك ناسرا و لەکار و چالاکیەکانیدا بـەردەوام بوو. لە ٣-٦-٢٠٠٦دا یەکـەم کـۆنگرەی زیندووی خۆی لە ئاڵمانیا لە باژێری کۆڵن بەسـت. لـەم ماوەیـەی تەمـەنی چـاکدا گەلێك کار و چالاکی گرنگ لە بوارەکـانی ناساندنی ژینۆساید و بەدادگاییکـردنی تاوانبــاران ئــەنجام دراون. لــە١-٢ ی دیـسەمبەری٢٠٠٧دا، ناوەنـدی چـاك

کۆنگرەی دووەمـی ئاوارتـەی خـۆیی لـە ئاڵمانیـا بەسـت، هـەروەها لـە پلۆنـۆمی شەهید سۆران مامە حەمەی چاکدا کە لە بـەرواری٢٤-٢٥ی ژەنیـوەری ٢٠٠٩ لـە شـاری ئـارنهیمی هۆڵەنـدا بەسـترا،نـاوی ناوەنـد لـە "ناوەنـدی هەڵەبجـە دژ بـە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گـەلی کـورد- چــاك "ەوە گــۆڕا بــۆ "چــاودێری کوردۆساید-چاك". لە رۆژانی ٢٧، ٢٨ و ٢٩ی نۆڤەمبــەری ٢٠٠٩دا، کــۆنگرەی سـێیەمی خـۆیی لـە وڵاتـی دانمـارك لـە بـاژێری ئاسـنێس گرێـدا. ئـەو کۆنگرانـە گــورێکی زۆر بــاش بــوون تــاوەکو رێکخراوەکە باشـتر بـە کارەکـانی خۆیـدا بچێتەوە و پلانی هەنگاوەکانی داهاتووی دابڕێژێت.

**پێناسە:**

رێکخراوێکـی سـیڤیلی سـوود نـەویستی سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە پرەنسیپ و پێـوەرە دیموکراتییـەکان، کارەکـانی خـۆی لەسـەر پرسـەکانی تاوانـەکانی ژینۆســاید و جــەنگ و تــاوانی دژ بــە مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە ماڤی مرۆڤی کوردستان کراون و دەکرێن بەڕێوە دەبات.

**ئامانجەکان:**

١- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی (مەڵبەندێکی توێژینــەوەی زانـستیی تایبــەت بــە ژینۆسایدی کوردستانییان) لـە باشـوری کوردســتاندا و هــەر بەشـێکی دیکـەی کوردســتان کــە بــواری دامەزرانــدنی هەبێت. بۆ:
أ/ پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی تـاوانی

پاكتاوی رەگەزی، كۆمەڵكوژی و ژینۆسایدی ئابووری، كەلتووری و كۆمەڵایەتی بەرامبەر بە گەلی كوردستان.

ب/ لێكۆڵینەوە و بەدۆكیومێنتكردنی تەواوی ئەو تاوانانەی كە بوونەتە هۆی قەڵاچۆكاری و تاوانەكانی كۆمەڵكوژی و جەنگ و تاوانەكانی دژ بە مرۆڤایەتی لە كوردستاندا، لە لایەن هەر دەسەڵاتێكەوە بووبێت.

ج/ ناساندنی ئەو تاوانانەی دژ بە كوردستانییان وەك هەوڵی پاكسازیی رەگەزی و ژینۆساید لە ناوەندە نێونەتەوەییەكاندا، هەروەها ناساندنی تاوانە كۆمەڵكوژیەكان بە جیهانی دەرەوە لە رێگەی چاپكردنی كتێبی بەڵگەنامەیی بە زمانە بیانییەكان و بەرهەمهێنانی فیلم و فیلمی دۆكومێنتەری لەسەر ئەو كارەساتانە.

د/ بەمیللیكردنی كارەساتەكانی كۆمەڵكوژی و ژینۆساید، بە مەبەستی درووستكردنی هوشیارییەكی مرۆڤدۆستانە لەنێو كۆمەڵگەدا. ئەمەش لەرێگای جێكردنەوەی ئەو بابەتانە لە ناو كتێبەكانی قۆناغەكانی خوێندن لە كوردستاندا. هاوكات لەسەر ئاستی میللیش كاری بۆ بكرێت لە رێگەی سازكردنی سیمینار و چاپكردنی گۆڤار و كتێبی تایبەت بەم بابەتە.

هـ/ راهێنانی خەڵكانی پسپۆر و ئەكادیمی بۆ توێژینەوە لە سەر تەرمەكانی گۆڕەبەكۆمەڵەكان و كەلوپەلەكانیان و شارەزایانی هەڵدانەوەی گۆڕە بە كۆمەڵەكان.

و/ كۆكردنەوەی زانیاریی تەواو لەسەر قوربانییانی هەر یەك لە كۆمەڵكوژییەكان و گۆڕە بەكۆمەڵەكان، هەروەها هەوڵدان بۆ ئاشكراكردنی چارەنووسی ئەنفالكراوەكان و قوربانییانی شەڕی ناوخۆ، كە تائێستا چارەنووسی زۆرێكیان دیار نییە.

٢- درێژەدان بە گەڕانی تیمە پسپۆڕیەكان بۆ دۆزینەوە و پشكنینی گۆڕە بەكۆمەڵەكان، كۆكردنەوەی زانیاری ورد و تەواو لەسەر ژمارەی گۆڕەبەكۆمەڵەكان، ناسنامە و ژمارەی قوربانیان، شوێنی گۆڕەبەكۆمەڵەكان.

٣- كردنەوەی مۆزەخانەیەك، كە هەموو كەلوپەل و پاشماوەكانی تاوانی ئەنفال و قوربانییانی تاوانەكانی كۆمەڵكوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە كوردستان، ناسنامە و بەلگەنامەكانی قوربانیان، بڕیاری تاوانەكان و وێنە و دۆكیۆمێنتی جۆراوجۆر و ناوی قوربانیان و وێنە، سەربووردە و گێڕانەوەكانی رزگاربووانی ئەنفال و قوربانییانی تاوانەكانی كۆمەڵكوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، نامەی ئەكادیمی و زانستی و توێژینەوەكانی ئەم بوارە، كتێب و راپۆرتی رێكخراوە جیهانییەكان لە سەر ئەو تاوانە... هتد لەخۆ بگرێت.

٤- كێشكردنی تاوانباران (دارێژەرانی بیرۆكەی پاكتاوی رەگەزی و ژینۆساید، نەخشە دارێژەرانی، جێبەجێكەرانی، هاوكارەكانی) بۆ دادگا، یەكێكە لە ئامانجە سەرەكییەكانمان، لە ناوخۆ یان لە دەرەوەی ولات، بەلام ناردنی دۆسیەكان بۆ دادگای نێودەوڵەتی باشترین خزمەت بە دۆزی گەلەكەمان دەگەیەنێت، بۆیە بردنی دۆزی كۆمەڵكوژیەكان و ژینۆسایدی گەلی كوردستان بۆ دادگایەكی لەم جۆرە داخوازیی ئێمەیە، ئەركی رێكخراوەكەمانە كە:

- زانیاری لەسەر تاوانكاران و تاوانەكانیان كۆبكاتەوە.
- سكالایان لەسەر تۆمار بكات.
- شوێنپێی هەڵاتووەكان هەڵبگرێت و بیاندۆزێتەوە.
- مۆنومێنتی تایبەتیان بۆ دروست بكات، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی میللی وەك تاوانكارێك لە یاد نەكرێن.

٥- دەبێت دەوڵەتانی تاوانبار بە یاسای تایبەت دان بە تاوانەكانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی گەلی كودستاندا بنێن و وەك ئەركێكی ویژدانی و مۆرالی و مرۆڤایەتیش بەفەرمی داوای لێبووردن لەگەلی كوردستان بكەن، هەروەها حكومەتی ئەو ولاتانە قەرەبووی زیانە مرۆیی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكان، كە لە شوێنی رووداوەكە كەوتوون، بكەنەوە.

٦- بەرزكردنەوەی سكالای یاسایی دژ بەو كۆمپانیا و دەوڵەتانەی كە هاوكاری رژێمی تاوانكاریان لە فرۆشتن، دروستكردن و گواستنەوە، یارمەتیی لۆجیستی، پەرەپێدانی چەكی كیمیایی و كۆمەڵكوژی كردووە.

٧- هەوڵدان بۆ دیاریكردنی رۆژی

٣/١٦ وەك رۆژی جیهانی دژ بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ئاستی جیهان، هەروەها رۆژی ٤/١٤ وەك رۆژی ژینۆسایدی ئەنفال لە سەر ئاستی کوردستانی.

٨- یادکردنەوەی تاوانەکان و بەرز ڕاگرتنی یادەوەری قوربانیانی گەلەکەمان ،یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی ناوەندەکەمانە، هەر بۆیە ساڵانە بە گرنگییەوە ئەم یادانە دەکاتەوە:

ا- یادکردنەوەی قوربانیانی کیمیاویی شاری سەردە شت لە بەرواری ٦/٢٨ و تاوانی کۆمەڵکوژی قارنی لە بەرواری ٩/٢ ی هەموو ساڵێك.

ب- یادکردنەوەی قوربانیانی عامودا لە بەرواری ١١/١٣ ی هەموو ساڵێك .

پ- یادکردنەوەی تاوانی ژینۆسایدی دەرسیم لە بەرواری ١٦-١١ هەموو ساڵێك (رۆژی لەسێدارەدانی شیخ رەزا و هاوڕێکانی).

ت- یادکردنەوەی قوربانیانی ژینۆسایدی فەیلییەکان لە بەرواری ١٠-٤ و ژینۆسایدی بارزانییەکان لە بەرواری ٣١-٧ ی هەموو ساڵێك.

٩- هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی توانای ژنانی بەجێماوی ئەنفال لە بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری، رووناکبیری لە رێگەی پرۆژەی جۆراوجۆر بە سودوەرگرتن لە رێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان. (گەشەپێدان و دابینکرنی پێداویستیی تایبەت بۆ منالان و هەروەها خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان).

١٠-هەوڵدان بۆ رێکخراوکردنی کەسوکاری قوربانییان و بەدیهێنانی خواستە رەواکانیان لە دابینکردنی خانو و پێداویستییە سەرەتاییەکان و گەڕانەوەیان بۆ ژیانی ئاسایی ناو کۆمەڵگە.

١١-کارکردن بۆ باشترکردنی باری ژیانی کەسوکاری قوربانیان بە کەمکردنەوەی جیاوازی داهاتیان لە گەڵ خاوەن موچە باڵاکان، جیاوازی بەرزترین موچە لەسەر ئاستی هەرێم لەگەڵ کەمترین موچەی قوربانیان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان نابێت یەك بە دە زیاتر بێت. هاوکات هەموو جیاوازییەك لە نێوان موچەی شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدی گەلی کوردستان و پلەکردن و جیاوازیکردن لەسەر بنچینەی حیزبایەتی و بنەماڵەیی پێویستە نەمێنێت، لیستی شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و موچەکانیان بە شێوەی تڕانسپەرانت بڵاوبکرێتەوە، هاوکات پێویستە:

- هەموو شەهیدانی هاووڵاتی کە بەدەستی رژێمی بەعس شەهید کراون وەك شەهیدی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بناسرێن و لە رووی ئیمتیازەوە جیاوازیان لەگەڵ شەهیدانی دیدا نەبێت.

- هەموو تێکۆشەران و هاولاتیانی بەشەکانی دیکەی کوردستان کە لە باشوور تیرۆرکراون وەك شەهید بناسرێن و هەوڵی دۆزینەوەی تاوانبارانی ئەو کارەساتە بدرێت.

- هەموو بێسەروشوێنان کە چارەنووسیان دیار نییە وەك شەهید بناسرێن، یاخود لە ماوەیەکی نزیکدا چارەنووسیان دیارییبکرێت ئەگەر ماون.

١٢- تێکۆشان (کارکردن) بۆ چارەسەرکردنی قوربانیەکانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، هەروەها نەوەکانی دوای تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی کە بەهۆی پاشماوەی شوینەواری ژاری کیمیاوی و چەکی کۆمەڵکوژی تەندروستیان ناتەواوە و یان لە رووی دەروونییەوە ئازار دەچێژن.

١٣- پەرەپێدانی هۆشیاریی گەلی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی کەسوکاری قوربانیان، سەبارەت بە ناوەرۆکی مەبەستی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ، هەروەها ماف قوربانییان و ئەو رێگە یاسایانەی بۆ بەدەستهێنانیان دەکرێت بگرێنە بەر.

١٤- دژایەتی و بەرهەڵستی و لە قاودانی هەر تاوانێك بەرامبەر بە کەمە نەتەوایەتی و ئاینیەکانی دانیشتووی کوردستان ئەنجام بدرێت، پشتیوانی لە ناساندنی ئەو تاوانانەی بەرامبەریان ئەنجامدراوە لە رابردوودا.

١٥- بەشداریکردن لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی دژ بە ئەنجامدانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بەرامبەر بە گەلان رێکدەخرێت لە جیهاندا .

١٦- چاودێری کوردۆساید پشتیوانی دەکات لە:

- دادگای تاوانی نێونەتەوەیی ناسراو بە ICC.

- پشتیوانیکردن له ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی ناسراو به OPCW.
- پشتیوانیکردن له کار و هەوڵ و کۆششی ڕێکخراوە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ.
- پشتیوانیکردن له هەموو هەوڵێك بۆ سەپاندنی ئاشتی و بنەبڕکردنی جەنگ و قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی و هێشویی و قەدەغەکردنی مین له ئاستی جیهانی... هتد.
- پشتیوانیکردن له قەدەغەکردنی چەکدارکردنی منداڵان.
- پشتیوانی له کارو چالاکی ڕێکخراوەکانی دژ بە راسیزم و ڕەگەزپەرستی و کۆیلەداری.
- پشتیوانیکردن له کارو خەباتی ڕێکخراوەکانی ژینگە پارێزی.

پەیڕەوی ناوخۆ

بەندی ١: ناوی ڕێکخراو:

چاودێری کوردۆساید-چاك

Kurdocide Watch - Chak

بەندی ٢: ئۆرگانەکانی ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید-چاك:

١- کۆمیتەی وولاتان و لیژنکانی
٢- دەستەی کارگێڕ و بەشەکانی
٣- لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواچوون
٤- کۆبوونەوەی گشتی
٥- پلینیۆم
٦- کۆنگرە

بەندی ٣: ئەندامبوون:

بە ئەندام بوون ئازەزومەندانەیە و کراوەیە بۆ هەر کەسێك، بەم مەرجانەی خوارەوە:
١- تەمەنی له ١٦ ساڵ کەمتر نەبێت.
٢- بڕوای بە پەیڕەو و پرۆگرامی ناوەند هەبێت و فۆرمی ئەندامەتی پڕکردبێتەوە ، بڕوای بەوە هەبێت کە چاودێری کوردۆساید له خزمەتی ئەو دۆزەدایە کە له پێناویدا دامەزراوە.
٣- ئابوونەی ئەندامەتی بدات .
٤- بەتاوانێکی ناشیاو لە دادگایەکی باوەر پێکراودا سزا نەدرابێت و بەشداری لەو تاوانانەدا نەکردبێت کە دژ بە گەلی کورد ئەنجام دراون.
٥- ئەندامی هیچ دەزگایەکی سیخوڕی سەر بە وولاتانی داگیرکەر، یان دەوڵەت و پارتێك نەبێت.

بەندی ٤: مافەکانی ئەندام:
کۆمیتەی وولاتەکان مافی وەرگرتنی ئەندامانیان هەیە، گەر هەر وولاتێك کۆمیتەی نەبوو ئەوکاتە بەشی ڕێکخستنی دەستەی کارگێڕ ئەو مافەی پێدەدرێت.
١- هەر ئەندامێکی چالاك مافی خۆکاندیدکردن و دەنگدانی هەیە بۆ هەر ئۆرگانێك لە ئۆرگانەکانی چاك، بەگوێرەی ماوەی دیاریکراوی ئەندام بوون و مافەکانی لەم ڕوانگەیەوە.
٢- مافی کار و چالاکی هەیە له چوارچێوەی پەیڕەو و پرۆگرامدا.
٣- مافی پێشنیاز و رەخنەگرتنی هەیە.
٤- مافی خۆ سڕکردن و وازهێنانی هەیە.
٥- مافی بەرزکردنەوەی سکاڵای بۆ ئۆرگانەکانی سەرووتری کۆمیتە هەیە.

بەندی ٥: ئەرکەکانی ئەندام:

١- هەوڵ بدات لایەنی کەم له یەکێك لە ئۆرگانەکانی چاکدا هەڵسوڕاو بێت.
٢- هەوڵ بدات یارمەتی مادی و مەعنەوی بۆ چاك کۆبکاتەوە .
٣- ئەندام خۆی دەستنیشانی کار و هەڵسورانی خۆی دەکات بەمەرجێك لە چوارچێوەی پەیرەو و پرۆگرامی چاکدا دەرنەچێت.
٤- ئەندامی چالاك بەپێی شوێنی ڕێکخراوەیی ئەو ماف و ئەرکانەی لەو پەیڕەوەدا هاتووە دەگرێتە ئەستۆ.
٥- ئەندامی ناچالاك بەگوێرەی کات لە چالاکیەکاندا بەشدار دەبێت.

بەندی ٦: لەدەستدانی ئەندامیەتی

ئەندامەتی هەر کەسێك لەناو ئەم ڕێکخراوەدا کۆتایی دێت ئەگەر:
١- خۆی بە نووسراو یا بە فەرمی رایبگەیەنێت.
٢- دژ بە پەیڕە و پرۆگرام کار بکات. یا یەکێك له مەرجەکانی وەرگرتنی کە پێی وەرگیراوە لەدەست بدات.
٣- هەولی بە پاشکۆکردنی ناوەند بۆ پارت یان لایەنێکی رامیاریی دیاریکراو بدات. ئەویش پاش ئەوەی بە بەڵگە دەسەلمێنرێت.

٤- هەرکەسێك هاوکاری هەر حیزب و بزووتنەوە و دەوڵەتێك بکات کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی تاوانی ژینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، یان پێشتر دەستیان لەو تاوانانەدا هەبووبێت.

٥- ئەگەر بە نامەی فەرمی ٢ جار ئاگادار کرابێتەوە کە لە پرینسیپی کاری ڕێکخراوەیی لایداوە، یان ئەگەر جارێك سرکرابێت لەسەر ئەو لادانەی کە هەیبووە لە پرینسیپی کاری ڕێکخراوەیی، دوای ئەوە هەر لادانێك لە پرێنسیپەکانی کاری ڕێکخراوەیی دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێشنیازی دەرکردنی بخرێتە بەردەستی دەستەی کارگێڕ.

بەندی ٧: جۆرەکانی لێپرسینەوە

١- ئاگادارکردنەوە

٢- سرکردن

٣- دەرکردن، توندترین سزای ناو ئەم ڕێکخراوەیە.

بەندی ٨: دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی لێپرسینەوە و شێوازەکانی

١- کۆمیتەکان مافی لێپرسینەوە، ئاگادارکردن، سزادان و دەرکردنیان هەیە.

٢- ئەگەر ئەندام ئەرکی لە ئۆرگانەکانی سەرووی کۆمیتەی هەبوو، بڕیاری دەرکردنی تەنها بۆ بالاترین ئۆرگانی ناوەند دەگەڕێتەوە.

٣- پاش خستنەڕووی پێشنیازی سزا بە بەڵگەوە لەلایەن ئەندامان یان ئۆرگانەکانەوە بە دەنگی زۆرینەی (٥١٪) پێشنیارەکە پەسەند دەکرێت.

٤- ئەندامی سزادراو مافی سکاڵا و پێداچوونەوەی بە بڕیاری سزاکەدا هەیە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا لە ڕێگەی کۆمیتەی وڵاتەکەیەوە. ئەگەر کۆمیتە لەو وڵاتەدا نەبوو، ئەو کارەی ئەنجام نەدا ئەوا لە ڕێگەی دەستەی کارگێرو لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدوواداچوونەوە کارەکەی خۆی بەئەنجام دەگەیەنێت.

بەندی ٩: وازهێنانی ئەندام

١- هەر ئەندامێك لە دەستکێشانەوە ئازادە، مەرجیش نیە ڕوونکردنەوە لە بارەیەوە بدات بەڵام مەرجە وازهێنانی خۆی بەفەرمی و لەڕێگەی نامەی فەرمیەوە ڕابگەێنێت.

٢- لەگەڵ ڕاگەیاندنی فەرمی دەست لە کارکێشانەوەو پەسەندکردنی لە کۆمیتەی وڵاتەکەی یا دەستەی کارگێڕ هەموو مافێکی ئەندامەتی لەدەست دەدات.

٣- ئەندامی وازهێنراو بۆی هەیە تا ١٤ ڕۆژ لە لەدەستکێشانەوەی کارەکەی پەشیمانبێتەوە و بگەڕێتەوە سەر هەمان پۆستی ڕێکخراوەیی پێشوو بەبێ پڕکردنەوەی فۆرم.

٤- ئەگەر ئەندامی دەست لە کارکێشاوە سووکایەتی بە چاك و ئەندامانی کردبێت ویستی بگەڕێتەو ئەوا دەبێ بە فەرمی بەنامەیەك داوای لێبوردن بکات و دوا جاریش لە ڕێگەی کۆمیتەکەیەوە یاخود ئۆرگانی باڵاوە دەنگدانی بۆ بکرێت بۆ گەڕانەوەی.

٥- ئەندامی دەست لە کارکێشاوە لە دوای گەڕانەوەی بۆ ناوەند دەبێت ئامادەیی لێپرسینەوەی تێدابێت ئەگەر کێشەیەکی دروستکردبێت.

بەندی ١٠ : کۆمیتەی وڵاتان

١- یەکەی بنچینەیی و نوێنەری فەرمی ڕێکخراوی چاکە لەو وڵاتەی کە تیایەتی.

٢- لە هەر وڵاتێکدا ٣ تا ٥ ئەندام بنکەیەك پێك دەهێنن، ٥ ئەندام زیاتر دەتوانن کۆمیتە پێکبهێنن.

٣- کۆمیتە دەتوانێت بەشەکانی تایبەت بەکارەکانی وەك دارایی، پەیوەندییەکان، ڕاگەیاندن هتد. دروست بکات.

٤- پێویستە هەر کۆمیتەیەك کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی بکات کە تیایدا بەرپرسی کۆمیتە، جێگرەکەی، لیژنەکانی ناو کۆمیتە و بەرپرسەکانیان دیاری دەکرێن.

٥- کۆبوونەوەی ئاوارتە (نائاسایی) بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی کۆمیتە ٥١٪ دەبەسترێت و دەسەڵاتی ئاڵوگۆڕی ڕێکخراوەیی هەیە.

٦- پاڵێوراوی بەرپرسی کۆمیتە دەبێ شەش مانگ ئەندامی چالاك بووبێت.

٧- بەرپرسی کۆمیتە ڕاستەوخۆ دەبێتە ئەندامی دەستەی کارگێر.

٨- بەرپرسی کۆمیتە لە ئەگەری نەخۆشی درێژخایەن یا دوورکەوتنەوەی لەبەر هەر هۆیەکی دیکە، ئەوا جێگر یا ئەندامێکی دی بە پشتگیری ئەندامان کارەکانی دەگرێتە ئەستۆ تاکو بە هەڵبژاردن یا لە ڕێگەی

کۆنفرانسی کۆمیتەوە کەسێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت.

٩.ئەندام دوای شەش مانگ ئەندام بوون، مافی کاندیدکردنی خۆی بۆ کۆنگرە هەیە.

بەندی ١١: دەستەی کارگێر

١- فراوانترین و بەدەسەڵاتترین ئۆرگانی باڵایە. نوێنەرایەتی چاودێری کوردۆساید دەکات لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و جیهان.

٢- بەڕێوەبردن، داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەت، بەرنامەی کار و چالاکیەکان لە نێوان دوو کۆنگرەدا ئەنجام دەدات.

٣- پێکدێت لە:

* سەرپەرشتیاری دەستەی کارگێر
* جێگری سەرپەرشتیاری دەستەی کارگێر
* ٣ ئەندامی دەستەی باڵای باشوور
* بەرپرسی کۆمیتەی رۆژهەڵات
* بەرپرسی کۆمیتەی باکوور
* بەرپرسی کۆمیتەی خۆرئاوا!
* بەرپرسی کۆمیتەی وڵاتەکان
* بەرپرسی بەشەکان (پەیوەندیەکان (٢ کەس بۆ کوردستان و دەرەوە)، راگەیاندن، رێکخستن و دارایی، پرۆژە و پلان، مەلەفی تاوانباران .

٤- ئەندامانی دەستەی کارگێر لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن، جگە لە کۆمیتەی وڵاتان.

٥- ئەندامانی دەستەی کارگێر لەهەر وڵاتێکدا بن، پابەندی بڕیارەکانی کۆمیتەن و لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی کۆمیتەدا لە ماف و دەسەڵاتدا یەکسانن.

٦- مانگانە کۆبوونەوە دەکەن.

٧- مافی ئاگادارکردنەوە، سڕکردن و لێسەندنەوەی ئەندامەتی هەیە هەروەك لە بەندی هەشت، خاڵی (٢)دا هاتووە.

٨- ئەندامی چالاك دوای شەش مانگ ئەندام بوون، مافی خۆکاندیدکرن و پاڵاوتنی بۆ ئەندامەتی دەستەی کارگێری هەیە.

بەندی ١٢: بەشەکانی ناو دەستەی کارگێر

١- بەشەکان بریتین لە : پەیوەندیەکان (کوردستان و دەرەوە)، راگەیاندن، رێکخستن و دارایی، پرۆژەو و پلان، مەلەفی تاوانباران.

٢- بەرپرسی ئەم بەشانە ئەندامی دەستەی کارگێڕن کە هەڵبژێردراوی کۆنگرەن.

٣- ئەندامانی هەر بەشێك پێك دێن لە بەرپرس و بەرپرسانی هەمان بەش (لیژنە) لە کۆمیتەی وڵاتان.

٤- هەر بەشێك بەپێی پێویست کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات.

٥- هەر بەشێك ئیمێل گروپی تایبەت بە خۆی دەبێت. کە لە پاشکۆی ئەم پێڕەوەدا یاساکانی بەکارهێنانی دیاری کراوە.

٦- ئەرکەکانی هەر یەك لەم بەشانە و سنووری دەسەڵاتیان بە پاشکۆیەك دیاری کراوە.

بەندی ١٣: مافەکانی دەستەی کارگێڕ

١- مافی بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەی ئاسایی و کۆنفرانسی ساڵانەی کۆمیتەکاندا هەیە.

٢- مافی پێشنیازی کۆنگرەی ئاوارتەیان هەیە، کە کۆبوونەوەی گشتی بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدات.

٣- لە نێوان خۆیاندا کارەکان دابەش دەکەن.

٤- دەستەی کارگێڕ بە بڕیاری زۆرینە توانای پڕ کردنەوەی کەلێنەکان و زیادکردنی ژمارەی دەستەی کارگێڕیان هەیە بەپێی پێداویستییەکان.

٥- بڕیارەکانی دەستەی کارگێڕ بە زۆرینەی دەنگ دەبن، ئەگەر ناتەبایی هەبوو، بابەتەکە دەخرێتە بەردەست لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون. پێشنیازی لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواچوون پەیوەستدار دەبێت.

بەندی١٤: کۆنگرە

١- باڵاترین ئۆرگانی چاودێری کوردۆ سایدە، کە تیایدا بڕیاری چارەنوسساز دەربارەی شێوازی کارکردن، ئامانجەکانی چاودیری کوردۆ ساید، پێکهاتەی رێکخراوەیی و چارەنوسی ناوەندەکە دەدرێت.

٢- هەر دووساڵ جارێك بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سەرجەم ئۆرگان و یەکەکانی دیکەی چاودێری کوردۆساید لە یەکێك لەو وڵاتانەی کە کۆمیتەی ناوەندی تێدایە دەبەسترێت.

٣- رێکخراو دەتوانێت کۆنگرەی ئاوارتە لە کاتی پێویستدا ببەستێت.

٤- ئەندامانی دەستەی کارگێر، لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی تێدا هەڵدەبژێردرێت.

٥- ئەندامی چالاك ٦ مانگ ئەندام

بوویێت، مافی خۆ پاڵاوتنی هەیە بۆ ئۆرگانە باڵاکان.

بەندی ١٥: کۆبونەوەی گشتی

١- بریتییە لە کۆبوونەوەیەك، کە لە رێگەی دەزگایەکی چاتی سەر ئنتەرنێتەوە دەبەسترێت و تەواوی ئەندامان بۆیان هەیە بەشداربن.
٢- بۆ لێدوان لە سەر چالاکی و کەمپین، گفتوگۆ لەسەر گرفتە ناوخۆییەکان، بیروڕا و هەڵوێست گۆڕینەوە لەسەر بابەتەکانی رۆژ کە پەیوەندیان بە «چاك»ەوە هەیە، کۆبوونەوەی گشتی دەبەسترێت.
٣- کۆبوونەوەی گشتی لە ژوورێکی تایبەتی دەزگایەکی چاتی سەر ئنتەرنێتدا ٣ مانگ جارێك یان بەپێی پێویست دەبەسترێت.
٤- ئەم کۆبوونەوانە بە بانگەواز و داوای دەستەی کارگێر دەبەسترێن.
٥- ئەو بڕیارانە دەخاتە دەستووری کاریەوە کە ئەم پەیڕەوە ناوخۆییە وەك دەسەڵات بە ئۆرگانە جیاجیاکانی ئەم رێکخراوەی نەبەخشیوە.
٦- گەر کێشەیەك لە دەستەی کارگێڕ و لیژنەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون چارەسەر نەکرا ئەوا کۆبوونەوەی گشتی یەکلای دەکاتەوە.
٧- کۆبوونەوەی گشتی لەلایەن سەرپەرشتیاری دەستەی کارگێر و جێگرەکەیەوە بەڕێوەدەچێت.

بەندی ١٦: دارایی و سەرچاوەکانی

٨- ئابونەی ئەندامەتی لانیکەم ٣٠ یۆرۆیە ساڵانە بۆ دانیشتوانی ئەوروپا، ئوسترالیا، ئەمەریکا و کەنەدا، کە دەکرێت بە دوو جار یا جارێك بدرێت.
٢- ئابوونەی ئەندامانی دانیشتووی کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمیتەکان خۆیان بەپێی باری ئابووریی بەشەکانی کوردستان دیاریی دەکەن.
٣- کۆمەکی بێ مەرجی کەس و رێکخراوەکان.
٤- کۆمەکی دەوڵەتیی تەرخان کراو بۆ رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵەکان.
٥- داهاتی دەستکەوتوو لە بڵاوکراوە و بەرهەمەکان و پرۆژەکانی پەیداکردنی دارایی.
٦- سەرچاوەکانی دارایی و بڕی ئەو داراییەی کە ئەم رێکخراوە هەیەتی، هەروەها چۆنیەتی خەرجییەکانی نابێت لە ئەندامان شاراوە بێت. بۆ ئەو مەبەستە بەشی دارایی ساڵانە یا کەمتر بە راپۆرتێك ئەم رێکخراوەی لێ ئاگادار دەکاتەوە.
٧- دارایی، ژمێریاری تایبەت بەخۆی دەبێت.
٨- لەسەر بەرپرسی بەشی دارایی کۆمیتەکانە، کە بڕی تێچونی هەر چالاکییەك لە راپۆرتەکانیدا باس بکات، تاوەکو خەرجی و تێچونی چالاکییەکان رۆشن بن.
٩- ساڵانە بە نامەیەکی فەرمی لە لایەن بەرپرسی گشتی دارایی ناوەندەوە داوا لە: حکومەتی هەرێم، کەسانی دەوڵەمەند لە ناوخۆ و هەندەران بکرێت بۆ کۆمەککردن بە چاك، دواتر بە سوپاسنامەیەك ناوی ئەو کەس و لایەنانە بڵاوبکرێتەوە کە کۆمەکی چاکیان کردوە، مەگەر خۆیان نەیانەوێت ناویان بڵاو بکرێتەوە
١٠- بەرپرسی دارایی گشتی کۆبوونەوە (لە رێگەی ئینتەرنێتەوە) بە بەرپرسی دارایی کۆمیتەکان بکات.

بەندی ١٧: هەڵوەشانەوەی رێکخراو

١- لە ئەگەری نەبەستنی کۆنگرەدا دوای بانگردن بۆ بەستنی کۆنگرە دووجار لە نێوان ٣-٦ مانگ، لە کۆبوونەوەیەکی ئاوارتەدا، بڕیاری هەڵوەشانەوە بە بڕیاری دوو لەسەر سێی بەشداربووان دەدرێت.
٢- سامانی رێکخراو دەبەخشرێت بە رێکخراوێکی هاوچەشنی خۆی یان مرۆڤ دۆست یا بۆ بوارێکی مرۆییانە تەرخان دەکرێت، ئەمەش دەبێت دوو بۆ سێی ئەندامانی ئامادەبوو بڕیاری لەسەر بدەن.
٣- لە ئەگەری بەدیهاتنی ئامانجەکانی رێکخراودا، رێکخراو هەڵدەوەشێتەوە، ئەوەش لە کۆبوونەوەیەکی ئاوارتەدا بە بڕیاری دوو لەسەر سێی بەشداربووان. سامانی رێکخراویش بەو سەرئەنجامە دەگات کە لە برگەی ٢دا باسکراوە.

ئەندامی شانازی

- هەموو ئەوانەی لە بوارەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوە ستەملێکراوەکاندا چالاکن یان هاوکار و دڵسۆزی دۆزی کێشەکانی کوردن و هەوڵ بۆ ناساندنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە گەلی کورد کراون و دەکرێن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەکرێت وەك ئەندامی شانازی دەستنیشان بکرێن.

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی**
**کوردستان**

**ژمارە: (٨٢)**
**رۆژ: ٢١/ ٦ / ٢٠١٠**

## تۆماری یاسایی

بەپێی برگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای رۆژنامەگەریی لەکوردستان ژمارە (35)ی ساڵی 2007 کە لە 2008/9/22 بڕیاری لەسەر درا، پاش ئەوەی کە دەرکەوت ~~رۆژنامە~~/ گۆڤاری ( تۆپزاوە ) کە خاوەن ئیمتیازی ( علی محمود محمد ) و سەرنووسەرەکەی ( زاهیر مجید أمین )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (٨٢) تۆمار کرا..

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢١/ ٦ / ٢٠١٠**